ژنان

گۆڤاری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە
ژمارەی : ٣٩ سەرماوەزی ١٣٩١ی هەتاوی

ئازادی بۆ ژن
بەختیاری بۆ کۆمەڵ

ژنان گۆڤارێکی سیاسی ـ فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیە
کە سێ مانگ جارێک یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی
کوردستانی ئێران دەری دەکات

رەشەمەی ١٣٩١ـ مارسی ٢٠١٣
ژمارەی ٣٩

سەرنووسەر : هێرۆ جەڵدیانی

دەستەی بەرێوەبەریی گۆڤار:
ئێلهام چایچی چنوور قادری
ئازاد کوردی سەفیە خالیدی

ژنان لەسەر سایت:
www.yjdki.org
www.kurdistanmedia.com
www.pdki.org
webmaster@yjdki.com

ئیمەیلی گۆڤاری ژنان:
gowarijinan@gmail.com
ئیمەیلی بەرنامەی رادیۆیی
« بۆ بەختیاریی کۆمەڵ»
radiojinan@gmail.com

نامە و نووسراوەکانتان لە رێگای کۆمیتەکانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بنکە و نوێنەرایەتییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کوردستان و دەرەوەی وڵات، بۆ گۆڤاری ژنان بنێرن.

دیزاینی بەرگ و مونتاژ : مەهتاب مەعروفی
تایپ: مەحبووبە ئیبتکار

سەروتار ٢

مافی ژن لە ئێراندا ٥

خوێندن بە زمانی زگماکی... ٨

خەتەنە ئەو برینەی کە... ١١

ڕۆڵی ژن لە گۆڕەپانی... ١٨

کرمانجی ١

سەروتار

سەروتار

ساڵی۲۷۱۲ی کوردی بەرامبەر بە ۱۳۹۱ی هەتاوی بە هەموو رووداو و دیاردە ئەرێنی و نەرێنی‌یەکانی کە لە ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەراست بە گشتی و ئێران و کوردستان بە تایبەتی لە رۆژی چوار شەممە ۱۳۹۱/۱۲/۳۰ی هەتاوی کۆتایی پێهات و ساڵی ۲۷۱۳ی کوردی بەرامبەر بە ۱۳۹۲ی هەتاوی لە دوانیوەڕۆی رۆژی چوار شەممە کاتژمێر دوو و سی‌ویەك خولەك و چل‌وهەشت چرکە نوێی بووە. بەم بۆنەوە بەهار و ساڵە نوێی کوردی لە هەموو گەلی کوردستان بە گشتی و ژنانی خەباتگیر، زیندانیانی خۆراگری سیاسی و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانی رێگای ئازادی و دیمۆکراسی بە تایبەتی پیرۆزبایی دەکەم و ساڵێکی پڕ لە خۆشی و سەرکەوتنتان بۆ بە ئاوات دەخوازم.

ساڵی رابردوو بە هەموو ناخۆشی و نەهامەتی و تاڵییەکانییەوە، پڕ لە دەسکەوت و رووداوی ئەرێنی و نەرێنی ودڵخۆشکەر بوو بۆ گەلانی ئێران بە گشتی و گەلی کورد بە تایبەت، کە دەتوانین ئاماژەیەکی کورت بەو دەسکەوتانە بکەین کە بۆ ژنان دەستەبەر کراون.

*مەجلیسی شورای ئیسلامیی ئێران بە پەسند کردنی گەڵاڵەیەك لەمەر پشوودانی ژنانی دووگیانی لە کاتی منداڵ بووندا، کە ماوەی پشووەکە نۆ مانگ زیادی کردووە و دووحەوتووش بۆ پیاوان پشوو دیاری کراوە، ئەو بریارە هەردوو لایەنی ئەرێنی و نەرێنی پێوە دیارە:

رووی ئەرێنییەکەی ئەوەیە کە بڕیارێکی بەجێی و باشە لەبواری پشووەدان هەم بۆ مێیینە و هەم بۆ نێرینە.

لایەنی نەرێنییەکەی ئەوەیە کە چوونکە ئەو بڕیارە هاوتەریبە لەگەڵ ئەو بڕیارەی ئایەتوولا خامنەیی و ئەحمەدی نەژاد کە ئێران هەڵگری ئەوەیە کە دەتوانێ حەشیمەتی ئێران بگاتە ۱۵۰ میلیۆن کەس. ئێستا کە حەشیمەتەکە گەیشتووەتە ۷۷ میلیۆن کەس، رێژیم توانای جێبەجێ کردنی ویست وداخوازییەکانی ئەو رادەیە نییە، ئەی چ لە حەشیمەتی ۱۵۰ میلیۆن کەسی دەکات؟

* رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ۸ی مارسی ۲۰۱۳ بەرامبەر بە ۱۸ی

رەشەمەی ١٣٩١ی هەتاوی‌دا، بە بۆنەی رۆژی جیهانیی ژنان بڕیارێکی بوێرانەی دژ بەو کەسانەی توندوتیژیی لە بەرانبەر ژناندا دەکەن کە بووە بە مایەی دڵخۆشی رێکخراو و بونیاد و NGO ەکانی ژنان لە سەرانسەری جیهان‌دا.

*بزوتنەوەیەکی دیکە کە سەرنجی خوێندکاران و بەشێکی زۆر لە کۆمەڵگای رووناکبیرانی راکێشاوە و بووەتە مایەی نیگەرانی دام و دەزگا سەرکوتکەرەکانی رێژیم، لە سەرانسەری ئێران‌دا تێکۆشانی خۆیان دەست پێکردوە، ئەندامانی ئەم بزوتنەوەیە لە کچان و کوڕانی خوێندکار پێکهاتووە، تا ئێستا جێی خۆیان کردووەتەوە و بە دژی بڕیاراتی رێژیمی کۆماری ئیسلامیی کە بۆ جیاکردنەوەی مێیینە و نێرینە لە نێو زانکۆ، نەخۆشخانە و لە ئیدارەکانی دەوڵەتی دراوە، راوەستن.

ئەرکی سەرشانی هەموو رێکخراو و یەکێتی‌یەکانی ژنان، لاوان و خوێندکارانە کە بە پشتیوانی کردن لەو رەوتە توانایان پتر بکەن.

*هەڵوێست و دژکردەوەی ژنان لە هەمبەر حەرەکەتی نابەجێی هەندێك کردەوەی نەرێنی رێژیمی کۆماری ئیسلامی و دارودەستەکانی لە چەند شار و ناوچەدا بوو بە هۆی پشتیوانی کردنی ژنان و رێکخراوە مەدەنییەکان. بۆ وێنە، ژنێکی گۆرانی‌بێژ بە ناوی ژیوار شیخۆلئیسلامی دەیهەویست لە ساڵۆنێکی شاری سنەدا کۆرێکی گۆرانی کوردی بەرێوەبەرێ، بەڵام لەلایەن ژمارەیەك لە گۆپاڵ بەدەستانی کۆماری ئیسلامیەوە بەرگری لە بەرێوەچوونی کرا. تەنانەت نەیانهێشت تایبەت بۆ ژنانیش بەرێوە بچێت.

ئەوە بوو بە هۆی دژکردەوە لە نێو کۆڕ و کۆمەڵ و بونیادەکانی مەدەنی، ئەو کارە بە کارێکی نائوسوولی لە قەلەم درا و داوا لە کۆر و کۆمەڵە مەدەنییەکان کرا کە ئەو کردەوەیەی رێژیم لە قاو بدەن.

*تەڵاق و جیابوونەوەی ژن و مێرد لە وڵاتی ئێران‌دا بووەتە شتێکی ئاسایی، بێکاری و نەداری و گوشاری سیاسیی رێژیم بە رادەیەك زیادی بووە کە ژن و مێردەکان تەنیا رێگای چارەسەریی بچووکترین گرفتی نێوان خۆیان لە جیا بوونەوەدا دەبینن. بۆ ئاگاداربوونی پتری ئەو دۆخە، سەردانی ماڵپەرەی دادگای تەڵاق بکەن.

بەپێی سەر ژمێرییەکان، هەر کاتژمێرێك ١٦ ژن و پیاو لە یەك جیا دەبنەوە و ژنان تەڵاق وەردەگرن. رێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ ئەوەی بە جیهان نیشان بدات کە گرینگی بە مافی ژنان دەدات و نەخشیان پتر پێ رەوا دەبینێ و بۆ ئەوەی لە ساڵیادی ٨ی مارس و نوێ بوونەوەی سەری ساڵ، بە رێکخستنی یەکەی ژنان بۆ یارمەتی بە ئەرتەشی سوریە بۆ سەرکووتکردنی ئۆپۆزیسیۆن لە گروپی ٩ کەسی دا.

تائێستا رادەیەکی نیزیك بە ٤٥٠ ژنیان لە نێوان تەمەنی ١٨ تا ٥٠ ساڵی بەناوی «گیانفیدایان» ناردووەتە سوریە.

* سەرەڕای هەمووی ئەوانە و هەوڵەکانی رێژیم بۆ کپ کردنی دەنگی ئازادیخوازان ، تێکۆشانی ژنان لە نێوخۆدا بەبەردەوامی درێژەی هەبووە.

لە رێورەسمی ٦٧مین ساڵیادی دامەزرانی یەکێتی ژنانی دێموکراتی کوردستاندا ژمارەیەك لەو ژنانەی کە ساڵانێکی زۆرە لە پێناوی بەدەست هێنانی مافی ژنان خەباتیان کردووە، خەڵات کران و ئەوانیش خەڵاتەکەیان پێشکەش بە زیندانیانی سیاسی کرد.

ئۆنیژ ئیبراهیم

کۆماری ئیسلامی هەڵگری عەقڵییەتی دژە ژنە

هەموو کەسێ مافی ژیان، ئازادی و ئاسایشی تاکەکەسی هەیە و هیچ کەس ناتوانێ و نابێ پێش بەم مافە سەرەکی و بنەڕەتییە بگرێ.
«ماددەی ٣ جارنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ»

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ماوەیەکە لە بە نێو پەرلەمانکەی‌دا گەڵاڵەیەکی هێناوەتە بەر باس بۆ پەسەندکردن لە لایەن بە نێو نوێنەرانی پەڕلەمان کە لەمەو بەدوا دەبێ ژنانی ژێر ٤٠ ساڵ بە ئیزنی باوك یان مێرد پاسپۆرت وەربگرن. ئەگینا ناتوانن بێ ئیزنی پیاو پاسپۆرت وەربگرن و سەردانی دەرەوەی وڵات بکەن ئەم کارە بەرتەسککردنەوەی دەسەڵاتی ژن و پێشێل کردنی مافی مرۆڤە کە سووك کردن و بێ ڕێزی کردنیشە بە مرۆڤایەتی. بۆیە ئەم گەڵاڵەیە سەداسەد دژایەتی هەیە لەگەڵ مافی بنەڕەتی ژن، هەرچەند کە دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ پاساوهێنانەوە، بە فرت و فێڵ دەڵێن کە ئەم گەڵاڵەیە بۆ پشتیوانی لە کەرامەتی ژنە، کەچی پەسەندکردنی ئەم گەڵاڵەیە واتە پێشگرتن لە سەفەری ژنانی ژێر ٤٠ ساڵ بەس بەرتەسککردنەوەی مافەکانی ژنان و جۆرێ بێ ڕێزی بەو چینە هەرە گرینگەی کۆمەڵگەیە چونکە دەرخەری ئەوەیە کە ژنانی ژێر چل ساڵ هێزی بیرکردنەوەیان نییە و دەبێ حەتمەن بە ئیزن و کۆنترۆڵی کەسێکی دیکە سەردانی دەرەوەی وڵات بکەن.

هەرچەند جێگای ئاماژەیە کە هێنانە بەرباسی وەها مژارگەلێك بۆ زیاتر پێشێلکردنی مافی ژنان لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیەوە شتێکی نوێ نییە. ئەم ڕێژیمە هەر لە سەرەتاوە تاکوو ئێستا تەنیا شتێك کە لە بەرچاوی نەگرتووە مافی بەشێکی هەرە گرینگ لە کۆمەڵگە واتە مافی ژنان بووە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ دیسکۆرسی ئەم ڕێژیمە کە هەڵگری پێکهاتەیەکی ئایدۆلۆژی پاشکەوتووی تەسکە کە لە مێژساڵە مەلا دەسەڵاتدارەکانی ئێران ئەو شێوە بیرکردنەوەیە لە مێشکیاندا بیچمی گرتووە و بەردەوام هەوڵی پەرەپێدانیشیان داوە کە ئەمەش سەرچاوە لە بیرتەسکی کەسانێ وەکوو مودەڕس کە یەکێ لە نمونەکەکانی ئەم ڕێژیمەیە دەگرێ کە بۆ نموونە پتر لە سەدەیەك لەمەوبەر کاتێ «وەکیل الرعایا» نوێنەری باژێری هەمەدان لە ١٢ی گەلاوێژی ١٢٩٠ی هەتاوی مژاری یەکسانی مافی ژن و پیاوی لە خولی دووهەمی پەرلەمانی شوورای میللی هێنایە بەرباس، سەید حەسەنی مودەڕس یەکێ لە ڕێبەرانی ئایینی لە دژایەتی وی وتبووی» لە ڕووی عەقڵەوە دەبێ قسان بکەین بۆیە عەقڵیش ئەوەیە کە ئەوڕۆ هەرچی تێدەفکرین دەبینین خودا لێهاتووی و توانای لە ژندا چێ نەکردووە کە شیاوی ئەوەی بێ مافی هەڵبژاردنی هەبێ. بۆیە ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە ئەم ژنانە عەقڵ و ئاوەزیان توانایی نییە.جگە لەوەش ژنان لە ڕاستیدا لە ئایینی ئێمە واتە ئیسلام دەبێ لە ژێر فەرمانی پیاواندا بن» الرجال قوامون علی النسا»، ئایینی فەرمی ئێمە ئیسلامە. ئەوانە لە ژێر فەرمانی پیاوانن بۆیە قەت مافی هەڵبژاردنیان نییە و نابێ.

ئەمە لە کاتێکدایە کە مافی ژن، مافی مرۆڤە و ژنان نیوەی کۆمەڵگەی جیهانی پێکدێنن کە لەودا دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و مافی مرۆڤ لە کۆمەڵگە دێموکراتیکەکاندا بەپێ بایەخە بنەڕەتییەکان وەکوو کەرامەت و یەکسانی تەواوی تاکەکانی مرۆڤە. ڕێزگرتن لە مافی ژن وەکوو مافی مرۆڤ پێویستی بەم تێگەیشتنە بەسیتە هەیە، کە ژنان نە تەنیا دەبێ لەگەڵ پیاوان یەکسان بن بەڵکوو شایانی بەهرەمەندی لە مافی مرۆڤن، بەڵکوو بە هۆی ئەوە کە ئەمانە مرۆڤن و شایانی بەهرەمەندی لەم مافەن. مافی ژن مافی مرۆڤە و لە ئاکامدا هەموو کەسێ بەرپرسیارە لەوەی کە ئەم مافە بپارێزێ و لەبەرچاوی بگرێ و پەرەی پێبدات.

onij_١٣٦٤@yahoo.com

ئاریاکۆ رەحیمی

مافی ژن لە ئێراندا

سەرەتا پیرۆزبایی خۆم بە بۆنەی ٨ی مارس لە گشت ژنانی کوردستانی خۆشەویستمان دەکەم.

زۆرمان بیستووە لە بارەی سەرەتا و مێژووی سەر هەڵدانی ٨ی مارس!

هەموو لایەکیش ئاگادارین کە ئەو بۆنەیە وەک هەموو بۆنەکانی دیکەی جیهانی لە ئێراندا لە ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دا زەوت کراوە.

ئەوەی کە پێم باشە لێرەدا ئاماژەی پێ بکەم، دواکەوتویی کۆماری ئیسلامیە چونکە بە باوەڕی ئەو رژێمە یاساکانی پەیوەندیدار بە ژنان بۆ بەرژەوەندی ژنان خۆیانە. ئەو رژێمە توانای ئاڵوگۆری نییە و زۆری لە خەڵکی ئێرانیش دەکا بە کولتوری ١٤٠٠ ساڵ لەمەوبەر هەڵسو کەوت بکەن.

بەرە بەرە ژنانی ولاتەکەم، بە هەمو لایەنێکەوە خوێندەوار و نەخوێندەوار، بەهۆی کار و تێکۆشانی ڕێکخراوەکانی داکۆکیکار لە مافی ژنان بە مافەکانی خۆیان ئاشنا بوون، کە لە جارنامەی جیهانی مافی مرۆڤدا هاتووە. هەموومان ئازادین هەڵبژێرین چۆن بژین و نابێ هیچ هێزێک دەستەڵاتی ئەوەی هەبێ کە رێگە لە پێشکەوتنمان بگرێ و دین و باوەڕێکی دیاری کراومان بەسەر دا بیسەپێنێ.

پێویستە هەمو لایەک بەشدار بین لە بنیادنانی کۆمەڵگایەکی وشیاردا، کە مافەکانی مرۆڤ تێیدا رێزی لێ دەگیرێ لەوانەش مافی ژنان.

بەو هۆیە کە لە ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە ئێران دا ژنان بە جنسی ژێر دەست بە ئەژمار دێن، بۆ وەدیهێنانی مافەکانیان ئەرکیان لە پیاوان زیاترە. ژنان سەرەڕای ئەوەی کە دەبێ بۆ مافەکانی جنسی خۆیان هەوڵ بدەن و خەبات بکەن، دەبێ شانبەشانی پیاوان بۆ وەرگرتنی مافە نەتەوایەتیەکانی گەلی کوردیش هەوڵ بدەن. شایانی باسە کە ئەو ژنانەی لە مافە نەتەوایەتی و ئینسانییەکانی خۆیان ئاگادارن، بەردەوام لە خەبات دان و بۆ هەمیشە جێی رێز لێنانن، بۆیە دەبێت هەمو ژنان و تاکەکانی نەتەوەکەمان ئاگادار بکەینەوە کە ئەوانیش ببنە داکۆکیکاری مافە رەواکانیان، دەبێ ئەوە بگەیەنین کە ئەگەر ئێمە مافی خۆمان دەوێ دەبێ هەوڵی بۆ بدەین.

بە هیوام ژنان زیاتر بێنە نێو خەبات بە کاری سیاسی، بە خۆ رۆشنبیر کردن و پەروەردە کردنی تاکی دیکە چونکە کوردستانی داهاتوومان پێویستی بە تاکی رۆشنبیر و چالاکی زۆرتر هەیە بە ژن و پیاوەوە.

٥ ڕێگا بۆ چارەسەریی کێشەی خێزانی

لە خوارەوە ئاماژە بە ٥ خوو و عادەتی باو، لە ژیانەهاوبەشە کێشە لە سەرەکاندا و چۆنیەتی سەرکەوتن بە سەرماندا دەکەین.

ڕەنگە بیستووتانە کە کەسانی خێزاندار لە بەراوەرد لەگەڵ کەسانی سەڵت، لە بواری جەستەیی و ڕەوانییەوە تەندروستیەکی جەستەیی و ڕەوانی باشتریان هەیە، بەڵام کێشەی خێزانی دەبێتە هۆی ئەوەی کە تەندروستی ژن و پیاو تووشی مەترسی بێ.

ئەگەر ژیانێکی هاوبەشی خراپت هەیە، ڕۆڵی ئەو دڵەراوکێیە کە تووشی هەن کەم مەگرن، ئەگەر پێوەندیی ڕۆژانەتان پڕە لە دڵەراوکێ، شەڕ و بایەخ نەدان لە لایەن هاوسەرەکەتانەوە، ئەوە ڕۆژێك تەندروستیتان زیاتر تووشی مەترسی دەبێ. بەشێك لەم خێزانانە ناتوانن بە سەر ئەم دڵەراوکێیە کە هەڵقوڵاو لە کێشەکانی نێوانیانە زاڵ ببن. بۆ وێنە لە هێندێك حاڵەتدا کە یەکێك لە لایەنەکان هەستی هاودڵی نییە یان ئازاری جەستەی هاوسەرەکەی دەدا. بەڵام لە زۆربەی خێزانەکان هیوایی زاڵ بوون بە سەر ئەم دڵەراوکێیەدا هەیە، تەنانەت ئەگەر بۆ چەندین ساڵ لە یەك ناراحەت ببن و ئازاری یەکتریان دابێت.

لە خوارەوە ئاماژە بە ٥ دانە لەو خوو و ڕەوشتی ناشیرین کە لە ژیانە هاوبەشەکاندا هەن و شێوەی زاڵ بوون بە سەریاندا دەکەین.

١- «خۆ خواردنەوە» و ڕاگرتنی هەموو شتێك لە دەرونی خۆماندا

هەر خێزانێك تووشی کێشەگەلێکە، بەڵام ئەگەر لە سەر ئەم کێشانە لەگەڵ هاوسەرەکەتان قسە نەکەن، گوشاری ڕۆحی هەڵقوڵاو لەم دووبەرەکیانە زیاد دەکا و بۆشایی نێوانتان زیاد دەبێ. کەسانێك کە لە بنەماڵەگەلێکدا گەورە دەبن کە لە سەر دەربڕینی کێشەکانی نێوانیان لەگەڵ یەکتر بە ئاسانی دەدوێن، بە ئاسانی دەتوانن بە شێوەیەکی باشتر لەگەڵ هاوسەرەکەیان بدوێن، بەڵام بەشێکی زۆر لە خەڵك لە قۆناخەکانی منداڵی ئەم توانا پێوەندیانە فێر نەبوون و پێویستیان بە ئامرازگەلێك هەیە تا بتوانن لەبارەی شتە هەستیارەکان بە شێوەیەکی دڵنیا بدوێن.

- بە چ شێوەیەك ئەم کێشەیە چارەسەر بکەین

توانایی پێوەندییەکانتان باشتر بکەن بۆ ئەم کارە دەتوانن لە کتێبگەلێك کە لەم بارەیەوە نووسراون کەڵك وەربگرن، ڕاوێژکارە خێزانییەکان هەڵبژاردنێکی باشترن، بەڵام ڕاوێژکارێکی خێزانی وا بدۆزنەوە کە بتوانێ بە شێوەیەکی کاریگەرتر توانا پێوەندیەکانتان فێر بکا.

٢- گوێ لە قسەی یەکتر نەگرتن.

هەر کەسێك دەیهەوێ قسەکانی ببیسترێ، بەڵام هاوسەران لە ژیانی هاوبەشی کێشەدار، زۆرجار بە شێوەیەکی دروست و کاریگەر گوێ لە قسەی یەکتر ناگرن. کاتێك کە بە شێوەی دروست گوێ لە قسەی یەکتر ناگرن بە بیستنی وشەیەك هان دەدرێن و لە درێژەدانی باسەکە خۆ دەبوێرن، کاتێك کەسێك قسەی نابیسترێ وا هەست دەکا لە بارەی تایبەتیترین شتەکانی لەگەڵ کەسیتر شەریك نابێ، چوونکە نایهەوێ ئازاری پێ بگا، بەڵام کاتێك ئەوان هەست بکەن کە قسەکانیان دەبیسترێ، وتووێژیان قووڵتر دەبێتەوە.

- بە چ شێوەیەك ئەم گرفتە چارەسەر بکەین.

لەگەڵ هاوسەرەکەتان ڕێك بکەون کە لە بڕگەی ٣ تا ٥ خولەکیدا بێ بڕینی قسەی یەکتر گوێ لە قسەی ئەو دەگرن. کاتێك کە دەست بە گوێگرتن دەکەن، بیروڕای نوێ لە

هاوسەرەکەتان دەبیستن.

٣- تاوانبار ناسینی یەکتر

لە ژیانی هاوبەشی کێشە لەسەر کە، کەسەکان سەرقاڵی گرفتە چارەسەر نەکراوەکانن، زۆربەیان بە جێگای ئەوەی بەرپرسیارەتیەکەیان وەئەستۆ بگرن، هاوسەرەکەیان تاوانبار دەزانن، بەڵام تاوانبار زانینی لایەنی بەرانبەر هیچ شتێك لە کێشەکە چارەسەر ناکات و بەم کارە تەنیا کێشەکان زیاتر دەبن.

• بە چ شێوەیەك ئەم کێشەیە چارەسەر بکەین؟

هەوڵ بدەن شتە سەرەکییەکان کە بە راستی کێشەتان لە سەریان هەیە دەست نیشان بکەن بۆ نموونە ئایا هەست دەکەن قسەکانتان نابیسترێ و لە لایەن هاوسەرەکەتانەوە خۆشەویستی و رێزتان بۆ دانانرێت. ئەگەر لە دۆزینەوەی شتە سەرکییە کێشە لە سەرکانی نێوانتان، تووشی گرفت دەبن، لە خۆتان بپرسن ئەم کێشانە چ شتێك و چ کەسێکتان وەبیر دێنێتەوە؟ کاتێك کە زانیتان چ شتێك هۆکاری ئەم کێشانەیە، دەتوانن « ئۆلگوو»ەکانی هزری و رەفتاری خۆتان بگۆڕن.

٤- رێزنەگرتن لە یەکتر

یە کێك لە گرفتە بەرچاوەکانی ژیانی هابەش، رێزنەگرتن لە هاوسەر و گوێنەدان بە هەست و پێویستییەکانی ئەوە، رەنگە هاوسەرەکەتان کاتێك کە لە سەر کار دێنەوە، سڵاوتان لێ ناکا، رەنگە مێردەکە، سپاستان نەکا لە بەر درووستکردنی خواردنی خۆش، بەڵام هەموو ئێمە پێویستیمان بە دەستخۆشی و رێزگرتن هەیە، بێ ئەمانە تاك هەست بە تەنیابوون، لە بەرچاونەگیران و رێزلێنەگرتن دەکا.

• بە چ شێوەیەك ئەم کێشەیە چارەسەر بکەین؟

بە دانی «هەدیە» یەك و یان سوپاسێکی سادە رێزگرتنی خۆتان نیشان بدەن. بۆ باشتربوونی پێوەندییەکەتان کات دابنێن، بۆ وێنە، کاتێك دیاری بکەن بۆ رۆیشتن بۆ رستورانێك. رەنگە ئەوەندە لە هاوسەرەکەتان ناراحەت و تووڕە بن کە سپاسی ئەو بۆتان ئەستەم بێ، تەنانەت ئەگەر بەو شێوەیە بێ، رێنوێنی ئەوەیە کە سپاس و رێزلێگرتنتان ئەنجام بدەن، هەر جار بە ئەنجامدانی ئەم کارە دیواری ناراحەتی و تووڕەیی کەمێك کورت دەبێتەوە.

٥- ماندوو نەبوون و شێلگیر بوون

لە باشتربوونی پێوەندیتان پەلە مەکەن، بە تایبەت ئەگەر لەم بارەیەوە هەوڵتان داوە و نەتانتوانیوە بە تەنیایی ژیانە هابەشەکەتان باشتر بکەن.

• بە چ شێوەیەك ئەم گرفتە چارەسەر بکەین؟

کات بە خۆتان بدەن، چاوەڕێی ئەوە مەبن، ناراحەتی و بێ باوەری بە خێرایی لە نێو بچێ، لانیکەم ٣ مانگ کات دابنێن تا ببینن راوێژ لەگەڵ رەوانشناس و یان کەڵکوەرگرتن لە رێنوێنی کتێب یارمەتی ئێوە داوە یان نە. گۆڕان رەنگە بە هێواشی بچێتە پێشێ، بەڵام لەم هەنگاوە چووکانەوە کە هەڵی دەگرن، دوو دڵ مەبن، گۆڕانێکی چووکە دەتوانێ، کاریگەریەکی گەورەی لە دەسپێکردنی ئۆلگوویەکی پێوەندی هەبێ.

خوێندن بە زمانی زگماکی مافی ڕەوا و سرووشتیی هەر مرۆڤێکە

لە هەر کۆمەڵگایەدا کە مرۆڤ لە فێربوون و بارهێنان بە زمانی زگماکی خۆی بێبەش بێ، نیشانەی زوڵم و سەرەڕۆی سیاسی و کۆمەڵایەتی و نادادپەروەرییە لەو وڵاتەدا، چوونکە زمانێك بە سەر زمانەکانی دیکە زاڵ دەبێ، کە ئەمەش مانای ئەوەیە کە لەو کۆمەڵگایەدا، چەوساندنەوەی مرۆڤ و هەوڵدان بۆ سڕینەوەی فەرهەنگ و کولتوور و ناسنامەی ئەو میللەتە، پیلانی لە پێش داڕێژراوە.

هەر بۆیە دەسەڵاتدارانی تاران بۆ لە نێوبردنی نەتەوەکانی دیکەی غەیرە فارس کەڵك لە قەدەخەکردن و غەیرەیاسایی کردنی زمانی ئەو نەتەوانە دەگرن و بەو چەشنە دەیانهەوێ فەرهەنگ و مێژوو و ناسنامەی وان لە نێو بەرن و بیانکەنە کۆیلە و مرۆڤ گەلی پلە دوو و لە ئاکامدا نێویان لە سەر لاپەڕەی مێژوو بسڕنەوە، چوونکە ئەوان ئەوە بە چاکی دەزانن کە نەتەوەیەك کاتێك هەرەس دێنێت و نێوی لە مێژوو ئەسڕێتەوە کە زمانی زگماکی خۆی لە بیرکردبێ.

ئەوان بۆ گەیشتن بەم مەبەستە گوێ بە هیچ یاسا و ڕێسایەکی نێونەتەوەیی نادەن و تەنانەت ویژدان و ئەخلاقی مرۆڤایەتیش لەبەرچاو ناگرن و گوێی خۆیشیان لێ ئاخنیوە و بەردەوامن لە سەر ئەم کارە دزێوەیان و هەر کاتیش نەتەوەی ژێرچەپۆکە و زوڵملێکراوی کورد داکۆکی بکات لە سەرەتاییترین مافی خۆی کە خوێندنە بە زمانی زگماکی، بە چەواشەکارییەوە پێی دەڵێن کە سەردەمی ئەم قسانە تێپەڕیوە، هەنووکە سەردەمی «جیهانی بوونە» و زمانیش تەنیا کەرەسەی ئاخاوتن و لەیەك تێگەیشتنە ئیدی هیچ جیاوازیەکیشی نییە ئەتۆ بە چ زمانێك قسان بکەی و بنووسی! بەڵام ئەمە بۆچوونێکی فێڵبازانەیە چوونکە زمان تەنیا ڕۆڵ و ئەرکی ئاخاوتن و لە یەك تێگەیشتن نییە، بەڵکوو دەلاقەی زەینی مرۆڤە بەرەو پەڕانپەڕی دەوروبەری و بناخەی زەینی ئەو!

هەروەها مرۆڤ بە زمانەوە مرۆڤە کە دەوروبەری هەست پێ دەکات و پێکهاتەی فیکری شکڵ دەگرێ، چوونکە زمان کەرەسەی ڕووناکبیری و داهێنانە.

مەخابن ئەم کردەوە و چەوساندنەوە سیستماتیکەی کە لە لایەن حکومەتی ناوەندییەوە بەڕێوە دەچێ لە بواری زانستی و پەروەردەکردنەوە گەورەترین کۆسپ لە سەر ڕێگای گەشەکردنی منداڵانی کورد دروست دەکات، چوونکە منداڵێك ئەگەر بە زمانی زگماکی خۆی نەخوێنێ، سروشتیە کە ناتوانێتیش هاوئاهەنگی لە نێوان فیکر و زمانیدا دروست بکا و تووشی خودسانسۆری و شەرمێونی دەبێ، لە ئاکامدا منداڵ وا بەباش دەزانێ کە لە وەها کەشوهەوایەکدا کە بۆ ئەو نامۆیە یان بێدەنگ بێ یان کەمتر قسان بکا، چوونکە بەردەوام لە لایەن نەتەوەی باڵادەستەوە لە پەراوێز خراوە کە ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە تووشی خۆ بەکەمگرتن بێ و تەنانەت نەوێرێ بیروبۆچوونی خۆی بە ئاسانی دەربڕێ چوونکە هەست دەکات بەرلەوەی گوێ بە بۆچوونەکەی بدەن بە شێوەزاری قسەکردنەکەی گاڵتە دەکەن و پێ دەکەنن.

هەروەها جێگای ئاماژەیە کە منداڵی خۆشترین وەرزی ژیانی هەر مرۆڤێکە، وەرزێك کە خاوێنی و کامەرانی و جوانی تێدایە و تێکدانی ئەم وەرزەش تەنیا لە دەسەڵاتدارانی سەردەڕۆ و شۆوینیست و بە ڕواڵەت مرۆڤ دەوەشێتەوە، کە بە بێبەشکردنی میلیۆنها منداڵی تامەزرۆی خوێندن بە زمانی زگماکی، بوونەتە مەزنترین پێشێلکەری مافی مرۆڤ.

لە کۆتاییدا نابێ ئەم شتە گرینگەش لە بیر بکەین کە پاراستنی زمانی زگماکی لەلایەن نەتەوەی بندەست و زوڵملێکراوەوە وەکوو ئەوە وایە کە بەندییەك لە بەندیخانەدا بێت و کلیلی دەرکەی بەندیخانەکەش لە گیرفانیدابێ.

گەلاویژ مێهەفەر

ژنان قوربانیانی توندوتیژی

شەڕ و گەمارۆ ئابوورییەکان کاتێك لە وڵاتێکدا روودەدا، هەمیشە کە باس لە خەسارەکان دەکرێ تەنیا ئاماژە بە ژمارەی کوژراو و بریندارەکان و زیانی ئابووریی و شتی لەو بابەتە دەکرێ. راستە ئەوانە زیانن و بەر ئەو وڵاتە کەوتوون بەڵام ئەی ئەو ژنانەی کە بوونە قوربانی و سەختترین و بەژانترین ئازارەکانیان چێشت بۆ کەس لەبیری نین.

کاتێك ڕێژیمی بەعس بەهەموو شێوەیەك کوردی دەچەوساندەوە و کوردەکانیش خەباتیان بۆ بەدەست هێنانی مافەکانیان دەکرد، لەو ڕێگایەدا قوربانی زۆریان دا، جگە لە پێشمەرگە و خەڵکی سڤیل کە بە بەردەوامی دەکوژران، بەکارهێنانی چەکی شیمیایی و ئەنفال دوو تاوانن لە مێژووی مرۆڤایەتی دا لەبیر ناکرێن. بەڵام بەدەگمەن دەبینرێ کە باسی ئەو کچانە بکەن کە ئێستاش نەدۆزرانەوە بۆ کام شاری عێراق یا بۆ کام وڵاتی دراوسێ بران و فرۆشران، یا ئەو کچانەی بە نارەوا گیران و لە بەندیخانەکاندا دەست درێژی سێکسییان کرایەسەر یا خۆیان کوشت یانیش تاکوو ئێستا لە ماڵی باوکیان ماونەوەو شوویان نەکردووە. یا لە کاتی شەڕی دووهەمی جیهانیدا، ئاڵمانیەکان جیا لەوەی کە جولەکەکانیان دەکوشتن، ئەو ژنانەی کە راگوێزرابوونە ئۆردوگاکان جگە لەوەی ئیشی قورسیان پێ دەکردن، دەست درێژیی سێکسییان دەکردنە سەر و دواتریش دەیان کوشتن.

بە باوەری یەکێك لە نووسەرانی هاوچەرخ، ژن لە ریزی سەیرو سەمەرترین گیانلەبەران و دژوارترین نەناسراوەکاندایە.ژنان لە کۆن و ئێستاشدا ژیانێکی پڕ لە ژان و مەترسی و بێ بەش لە هەر چەشنە مافێکیان هەبووە و هەیە. بەهەر شێوەیەك و لەهەر سەردەمێکی مێژوویی دا ژن لە روانگەی دامرکاندنەوەی هەوەس زیاتر لە لایەنێکی دیکە لە پێش چاو بووە، هەموو کاتێ ژن لەمێژوودا گیانلەبەرێکی ژێردەست بووە و هەر کاتێکیش و لە هەر سەردەمێکی زەمەنیدا کە هێندێ ماف و پلە و پایەی بەدەست هێناوە، جارێکی دیکە بەهۆی سنووردارباوونی هەوڵ و چالاکییەکانی کەوتۆتە بەر پەلامار و ئەو مافانەی کە بەدەستی هێناوە لەدەستی داوە.

ئێستا کە لە وڵاتانی عەرەبی شۆرشەکان دەستیان پێ کردووە، بۆ نمونە وڵاتێکی وەك سوریا کە رۆژانە بەبەردەوامی شەڕی تێدایە ژنان لە بارودۆخێکی سەختدان. لینا الگیبی دانیشتووی قاهیرە،گروپێکی پارێزگاری لە ژنانی ئاوارەی سوری بەرێوەدەبا، ئەو بە مەبەستی خۆراهێنان لەگەڵ ژیانی میسر و پێشگیریی کردنیان لە ئەنجام نەدانی لەش فرۆشی یا هاوسەرگیری بەناچار لەبەر هەژاری ، ئەو گروپەی داناوەو یارمەتییان دەکا. ناوبراو لە پیاوانی میسری کە تەنیا ڕێگای یارمەتیدان بەو ژنانەی هاوسەرگیری دەزانن دەپرسێ: ئایا بەبێ هاوسەرگیری ناتوانن یارمەتیان بکەن؟ ئاژانسی پەنابەرانی نەتەوە یەکگرتوەکان دەڵێ: ئاماری ١٤٣٧٥ کەسی ناونوسی کراوی پەنابەران لە کۆتایی مانگی نوامبری ٢٠١٢گەیشتۆتە نزیکە سەد هەزار کەس.لەیلا بیکر نوێنەری یارمەتییە مرۆییەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان لە سوریە دەڵێ: خەڵکانی دەوڵەمەند و خۆشگوزەرانی وڵاتانی عەرەبی دەوروبەری کەنداو و لیبی و ئەردەن، دێن کچانی کەم تەمەن بەبەڵێنی ئەوەی ژیانێکی خۆشیان

بۆ دابین دەکەن، رازییان دەکەن هاوسەرگیری بکەن. میسرییەکان حەز بە قسەکردن لەسەر ئەو بابەتە ناکەن، بەڵام سوریەکان ئەوە بە هاوسەرگیری خۆرایی ناودەبەن. نزیکەی سێ هەزار سوری رۆژانە ولاتەکەیان بەجێ دێڵن، لەو نێوەدا ژنان لە بارودۆخێکی سەخت و دژواردان. کێ لە داهاتووی ئەو کچانە بەرپرسیارە؟ ئەوان بوونە قوربانی، هەر رۆژە مێز و مەجلیسی پیاوێکی خۆشگوزەرانیان پێ دەرازێنرێتەوە، ناڕاستەوخۆ و بەبێ ویست و دڵخواز ئەو کچانە بۆ کاری خراپ رێ نیشان دەدرێن.

ئەوە پێشێلکردنی مافی منداڵانە و هەروەها توندوتیژییە کە بەرامبەر بە ژنان ئەنجام دەدرێ. ژنان لە هەموو شوێنێکی ئەو جیهانەدا رۆژانە دەکەونە بەر توندوتیژی، تەنانەت وڵاتانێکی کە ساڵانێکی زۆریشە شەڕ تێیدا رووی نەداوە. چونکە تاوەکوو ئێستا لایەنە خراپەکانی شەڕ، کاریگەرییان لەسەر خەڵکی ئەو وڵاتانە هەیە. سوئێد وەك دێموکراتیك ترین وڵات لە جیهاندا، توانیویەتی ماف و ئازادییەکانی ژن و منداڵ تارادەیەکی زۆرباش دەستەبەر بکا و بپارێزێت، لەگەڵ ئەوەشدا توندوتیژی دژی ژنانی تێدا ئەنجام دەدرێ. بۆیە دەبوو رێژەی توندوتیژی لەوە کەمتر بوایە کە لە هەندێ لێکۆڵینەوەدا ئاماژەی بۆ کراوە. بۆ نموونە، لە لێکۆڵینەوەیەکدا پرسیار ئاراستەی دە هەزار ژن کرا، کە تەنیا حەوت هەزار ژن وەلامی پرسیارەکانیان دابوە، ٪٤٦ ی ئەو ژنانە لە دوای تەمەنی پازدە ساڵییەوە لە لایەن پیاوانەوە خرابوونە ژێر توندوتیژییەوە.

ئەی دەبێ ژنان لەو ولاتانەی کە شەڕی تێدایە لە چ بارودۆخێکدا بن؟ ئەو شەهیدە زیندوانەی کە هەموو کاتێك دەبنە سوتەمەنیی شەڕەکان و ناویشیان لە مێژوودا ونە؟ بنەماڵەکانیشیان شەرم دەکەن ناوی کچە قوربانییەکانیان بێنن وەك ئەوەی ئەوان بەدڵخوازی خۆیان ئەو رێچگەیان هەڵبژاردبێ.

سەرچاوە:

گۆڤاری ژنان ، ژمارە ٢٦

توندوتیژی بەرامبەر ژنان لە کۆمەڵگەی سویدیدا، کاوە ب. محمدئەمین

گەلاوێژ لوقمان

خەتەنە، ئەو بڕینەی کە ساڕێژ نابێ

لێکولینەوە و قسەکردن لەسەر دیاردەی خەتەنەکردنی ژن کەمە و لە ئاستی پێویست دا نیە. هەرچەندە ئەو دیاردەیە ئێستا بە بەراورد لەگەل ساڵانی پێشتر رووی لە کەمبوونەوە کردەوە، بەڵام ئێستاش هەر بوونی هەیە و پێویستی بە بنبڕکردنە، چونکە توندوتێژییەکە بەرانبەر بە ژنان و پێشێل کردنی مافی مرۆڤ دەگرێتەوە. ئازارێك تا کۆتایی تەمەن ژنان بە دەستیەوە دەناڵێنن و باسکردنیشی بە عەیبە دادەنرێ. بەڵام باس نەکردنی توندوتیژیش جۆرێکە لە توندوتیژی. بۆیە ئەرکی راگەیاندنە کە بەپەرۆشەوە بۆ بنەبرکردنی ئەو دیاردەیە هەوڵبدا. رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان رۆژی ٦ی شوباتی وەك رۆژی جیهانی خەبات لە دژی خەتەنەکردنی کچان راگەیاندووە. رێکخراوی تەندروستی جیهانی لەگەڵ یونسێڤ ئەو کارەی بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە قەڵەم دەدەن، ئەنجامدانی ئەو کارە لەسەر کچانی کەمتر لە ١٨ ساڵ بە پێشێلکردنی مافی منداڵان دادەنرێ. بەگوێرەی سەرژمێریی رێکخراوە مەدەنییەکان نزیکەی ١٥٠ملیۆن ژن لە جیهاندا خەتەنەکراون، کە نێوەنجی تەمەنیان لە ٤-١٢ ساڵە. کە زۆربەیان لە ٢٨ وڵاتی ئەفریقاییین، لەو وڵاتانەدا ٪٩٧ دەبنە قوربانی خەتەنەکردن. لە ئێستاشدا ساڵانە دوو ملیۆن کچ هەرەشەی خەتەنەکردنیان لەسەرە. لە هەرێمی کوردستان خەتەنەکردن بوونی هەیە و لە مانگی شوباتی ٢٠٠٩ لە رۆژنامەی واشنگتۆن پۆست بەناو « ئەندێرا بروجە» لەسەر تراژیدیای خەتەنەکردنی کچان، چەند وێنەیەك لە ئینتەرنێتدا بڵاو کرایەوە کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی خەڵاتی پلەی یەکەمی وەرگرت و وەك وێنەگری ساڵیش کاندیدکرا.

خەتەنە کردن چیە؟

خەتەنە کردن لە پێناسەیەکی کورتدا بریتیە لە: بڕینی بەشێك لە کۆئەندامی زاوزێ مێینە، کە بە بڕینی ئەو بەشە هەستی ژنانە لە ناو دەچێت و تا کۆتایی ژیانی لە چێشتنی چێژی سێکسی بێبەش دەبێت.

خەتەنەکردن لە راستی دا بریتیە لە: بڕینی بەشێك لە کۆئەندامی زاوزێ مێینە بە ناوی کلیتوریس (Clitoris) کە بە بڕینی ئەو بەشە چێژی سێکسی و ژنانە لەناودەچێت و ژنان لە تێربوونی چێژی سێکسی بێبەش دەبەن.

- جۆرەکانی خەتەنە کردن:

جۆری یەکەم/ بڕینی بەشێك یان هەمووی میتکە (Clitoris) کە پێ دەوترێ (Clitoridectory).

جۆری دووەم/لابردنی میتکە لەگەل لابردنی بەشێك یان هەمووی لیچی گەورە و بچوك کە پێ دەوترێت (Excision).

جۆری سێیەم/خراپترین جۆری خەتەنەکردن جۆری سێیەمە، لەم جۆرە دا کلیتوریس (میتکە)و لیچی گەورە و بچووك هەموویان لادەبڕین و دواتر دەدورێنەوە. تەنیا دوو دەرچەی بچووك بۆ میز و سووری مانگانە دەهێلنەوە. ئەم جۆرە مەترسیدارترین و بە ئازارترین جۆری خەتەنە بە هەژمار دێت.

خەتەنە کردن لە روانگەی ئایینییەوە:

دیاردەی خەتەنەکردن دیاردەیەکە پێش لە ئایینی ئیسلام بوونی هەبووە وەك داب و نەریتێکی کۆمەڵایەتی، بەڵام لەگەڵ هاتنی ئایینی ئیسلام ئەو دیاردەیەش تێکەڵ بە ئایین بووە. لە ئینجیل و قورئاندا بە هیچ جۆرێك ئاماژە بە خەتەنە کردنی کوڕان و شێواندنی ئۆرگانی سێکسیی کچان نەکراوە، تەنیا لە تەوراتدا ئاماژە بە خەتەنەکردنی کوڕان کراوە و ئەنجامدانی بە ئەرك و پێویست زانراوە.

هەموو تاکەکان ئەوە دەزانن کە مرۆڤ بە کاملترین شێوە لە لای خوداوە دروست کراوە ، هەموو ئەندامەکان وەکوو زنجیرەیەك بەیەکەوە بەستراونو کاریگەریان لەسەر یەکتر هەیە. لەگەڵ ئەوەی کە هەموو پیاوانی ئایینی ئێمە ئەوە دەزانن کە مرۆڤ کامل لە لای خواوە دروست کراوە و نابێت دەستێوەردان لە کاروباری خودا دا بکرێت، بەڵام نازانم بۆ هێندێکیان دیاردەی خەتەنەکردنی ژنان بە رەوا دەزانن و پشتگیریی لێ دەکەن . ئەگەر ئەو بەشەی دروست کردووە کە ژن حەزی سێکسیی هەبێت بەو ئەنجامەمان دەگەیێنێت کە حەزو چێژی سێکسی بۆ ژن لە لای خوداوە بە رەوا بینراوە، ئەگینا ئەو بەشەی دروست نەدەکرد کەوا ژن چێژی سێکسی وەربگرێت. هەروەها کە لە قورئانی پیرۆزدا داهاتووە [و خلقنا الانسان من احسن التقویم] ، «مرۆڤمان بە باشترین شێوە دروست کردووە».

پێویستە بگوترێت کە لەناو ئەهلی سوونەدا ئەو دیاردە بە سوونەت بڵاوبۆتەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەوەی کە لەناو کۆمەڵگای ئێمەدا باوە بۆ نموونە وەك نانی دەستی حەرامە و نوێژی دروست نییە و پێشیان وایە پەیڕەونەکردنی ئەم سوننەتە گوناح نییە بۆیە گرنگە ژنان تەندروستی نەکەنەوە بۆیانو خەڵك پاساوێکی ئایینی بۆ دێننەوە پەیڕەوی دەکەن. بەڵام خەڵکی کورد چونکە زۆربەی پەیڕەوی ئایینی ئیسلامی سوننەیە و ئەم دیاردەیە لە لایەن شافعییەکانەوە وەك مەکروح چاولێکراوە و نەك واجب.

خۆیان و کچەکانیان لا گرینگ بێت و هیچ کات بیر لە شتێك کە زیانی هەیە بە هۆی ئەوەی کە

لەلای شیعە مەزهەبەکان ئەو کارە ئەنجام نادرێ.

ئەمڕۆ زۆربەی کەسانی ئایینی ئیسلام، خەتەنەی ژنانیان بە ناپێویست و دژی ئیسلامی راستیی زانیوە، ئەوەش بە پشت بەستن بەو ئەسڵە گشتییەی ئیسلام کە دەڵێت: «بڕینی هەر بەشێك لە لەش تەنیا ئەو کاتە ڕێگەپێدراوە کە سودی لە زیانی زۆرتر بێت».

بۆچی ژنان خەتەنە دەکرێن؟

هۆکاری سێکس بە گرنکترین هۆکاری خەتەنە کردنی ژنان بە ئەژمار دێت بۆ کەم کردنەوەی مەیلی جنسی لە لای ژنەوە چونکە هەر وەك زانراوە میتکە ئەو بەشەیە کە زۆرترین هەستی سێکسیی ژنی تێدایە و بە بڕینی ئەو بەشە بەشێکی زۆر لە هەستی سێکسیی ژن لەناو دەچێت و ژن ناتوانێت بە شێوەی سروشتی چێژی سێکسی وەربگرێت و بە ئۆرگازم بگات. یەکێك لە هۆکارە گرینگەکانی دیکە ئەوەیە کە پیاوان حەزی سێکسی زۆرتریان لا دروست دەبێت لەو ژنانەی کە خەتەنە کراون. هێندێك لە زانیارییەکان دەڵێن کە ئەم دیاردەیە لە ناوچە گەرمەکانی ئافریقا سەری هەڵدواە چونکە ئەو بەشە لە لەش گەورە بووە و بۆ ئەوەی بتوانن کونترۆڵی حەزی سێکسی ژن بکەن، خەتەنەکردنیان ئەنجام داوە، چونکە ئەو کاتەی کە ژن سواری وشتر بووە چێژی سێکسی بە لەشدا هاتووە.

مریەم ٤٥ ساڵی تەمەنە و ٢٦ ساڵە ژیانی هاوبەشی پێك هێناوە بەشەرمەوە باسی ئەوەی بۆ کردم کە هەمیشە کێشەی لەگەڵ هاوسەرەکەی هەیە، لەبەر ئەوەی کاتی خۆی خراپ خەتەنە کراوە و ووتیشی هیچ کات چێژ وەرناگرم.

قومری ئەبوبەکر مارف کۆمەڵناس لە توێژینەوەیەکدا کە لەسەر کاریگەریی خەتەنەکردن لەسەر ژنان ئەنجامی داوە دەڵێ: پیاوان کە هەردەم ژنیان بە ناموس و شەرەفی خۆیان داناوە ئەم ڕێگایەیان گرتووتە پێش بۆ کونترۆڵ کردنی حەزی سێکسی ژنان بۆ پاراستنی ئابرووی بنەماڵە.

لەم حاڵەتەدا ژن هەست بە خۆشی سێکسی ناکات، بەڵکو دەچێتە ژێر رکێفی حەزو ئارەزووی پیاوەوە ئەمەش خۆی لەخۆییدا ڕێنەکەوتنە لەگەڵ راستییە بایۆلۆجییەکانی توانای سێکسی ژن، خەتەنەکردنی کچان لە سادەترین شێوەدا دامڕکاندنەوەی سێکسی بە سەر ژندا سەپاندووە لە چەرخە مێژووییە جیاوازەکاندا و هەتا ئەمڕۆ دەسەڵاتی نێرینە و قەدەغەکراوەکان و سنوور بەزاندن بە تەنها لەسەر ژنانە. هەر بۆیە دەبینین کە هەندێك لە پیاوان بۆ کونترۆڵ و کپکردنی حەزی سێکسیی کچەکانیان، جەخت لەسەر خەتەنەکردنیان دەکەنەوە بە بێ ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە کە ئەوە مافی هەموو زیندەوەرێکە کە چێژ لە حەزی سروشتی و سێکسی خۆی وەرگرێ کە شتێکی زۆر سروشتییە.

کاریگەرییە خراپەکانی خەتەنەکردن بۆ سەر ژنان

زیانەکانی خەتەنەکردن دەتوانین بکەین بە دوو بەش. بەشی یەکەمیان ئەو زیانانەن کە لە ساتی ئەنجامدانی کارەکە رووبەرووی کچەکە دەبنەوە بۆ نموونە ئازاری زۆر، خوێن بەربوون، هەوکردن و سوتانەوە، پیسبوون و گرفتی میزکردن.

بەشی دووەمیان ئەو کێشە و ئازارانە دەگرێتەوە کە لە داهاتوودا تووشی ژن دەبن وەکوو تێکچوونی باری دەروونیی و سێکسی، ئازاری زۆر لە کاتی سووری مانگانە و نارەحەتیی زۆر لە کاتی منداڵ بوون .

دکتوور سەعد فازڵ پسپۆری ژنان و منداڵبوون لە وڵاتی سودان ئاماژە بە خاڵە نێگەتیڤەکانی خەتەنەی کچان دەکات لە کاتی منداڵبووندا و دەڵێت : منداڵبوونی ئەو ژنانە زۆر بە ئێش و ئازارەو ژنان حەز ناکەن جارێکی دیکە منداڵیان بێ.

د. خاتوو ئەحمەدی پسپۆری ژنان لە وڵاتی ئێران دەڵێت، کچانی خەتەنەکراو لە تەمەنی منداڵیدا زۆر کێشەیان بۆ دروست دەبێ، وەك هەوکردنی ئەندامی زاوزێ و کێشەی سووڕی مانگانە و کێشەی نەزۆکی بەرۆکی ژنانی خەتەنەکراو دەگرێتەوە و کێشەی دەروونی و کۆمەڵایەتییان بۆ دروست دەبێ.

سەرچاوە:

١- ختان الاناپ بین العلم والدین ئینتێرنێت، پرۆژەی یەکیەتی ژنانی کوردستان/ ئامادەکردنی ئاواز عەبدوڵلا ـ سۆران ـ مهاباد حەمە رەزا، ئازارەکانی من، چاپی یەکەم، چاپخانەی تەوار، ٢٠٠٦، ل ٢٩

٢- زن در اسلام، ویکیپیدیا، ٢٩ی فوریە ٢٠١٢

٣- گۆڤاری ژنان، ژمارە ٢٦ وتاری دوکتۆر رۆژان

٤- توندوتیژی بەرامبەر ژنان لە کۆمەڵگەی سوییدیدا. کاوە ب . محمدئەمین، چاپی یەکەم ـ ٢٠١٢

دڵپیسی، ئاگری ژێر خۆڵەمێش

ئەرمەغان جەوادیان

و: فەرزانە عەلی

یەکێک لە گرنگترین ناکۆکییەکانی نێوان ژن و پیاو ئەو دڵپیسییەیە کە لەلایەن ژن یان پیاوەوە ئاراستەی لایەنی بەرانبەری دەکرێت، پسپۆران دڵپیسی دابەش دەکەن بەسەر دووجۆری (گشتی و نەخۆش ئاسا)دا، بەشێک لەو دڵپیسیانەی کە ئاسایی لە قەڵەم دەدرێت گونجاو نین، چونکە ئاماژە بۆ نەبوونی ئاسایشی تاک و خواستی ئەو بۆ کونترۆڵکردنی تەواوی هاوسەرەکەی دەکات. هەندێک جار بە گوێرەی هەلومەرجی فەرهەنگی و نەتەویی، ئەم جۆرە دڵپیسیانە توندتر دەبنەوە، بەڵام ئەوەی کە دەبێتە هۆی دڵەراوکێ جۆری نەخۆش ئاسای دڵپیسییە لە نێوان هاوسەرەکاندا، لەبەر ئەوەی کە تاک پێش هاوسەرگیری تووشی جۆرێک لە تێکچوونی دەروونی دەبێت کە دڵپیسیش بەشێکی گەورەیە لەو تێکچوونە، و دوابەدوای پرۆسەی هاوسەرگیری ئەو جۆرە لە دڵپیسی بەرانبەر بە هاوبەشی ژیانی خۆی زۆرتر دەبێت، یان ئەوەیە کە تاک پێش هاوسەرگیری توشی دڵپیسی نەبووە ،بەڵام دوای دەستپێکردنی ژیانی هاوبەش رەنگە بە هۆی دەروبەرەکەیەوە توشی ئەو حاڵتە ببێت، بۆ نمونە هەڵسوکەوتی هاوسەرەکەی یان ئەو کێشەگەلەی کە خۆی توشی بووە، ئەبێتە هۆی دڵپیسی لەبەرانبەرەکەی.

ئەم جۆرە لە هەڵسوکەوت دەتوانێت کۆمەڵێک کێشە بۆ هاوسەرەکان دروست بکات و تەندرووستی دەروونی ئەوانیش بخاتە مەترسییەوە.

سەبارەت بە مەسەلەی دڵپیسی هەندێک لە پسپۆران پێیان وایە کە دڵپیسی دیاردەیەکە، رۆژ لەدوای رۆژ فراوانتر دەبێت، ئەم مەسەلەیە لە نێوان ژنان و پیاواندا بە زۆری دەبینرێت، هەروەها زۆربەی دڵپیسییەکانیش لە نەبوونی متمانەوە سەرچاوە دەگرێت. کەمی سۆز و گرنگینەدان بەیەکتر و نەبوونی کاتی پێویست و گونجاو بۆ پێکەوەبوون و... بەشێکن لەو هۆکارانە کە دەبێتە هۆی دڵپیسی نێوان ژن و مێرد.

هەروەها بە زۆری دڵپیسییەکان دەبێتە هۆی توندوتیژی و شەڕ لە نێوان خێزاندا و هەر ئەوەش وادەکات کە لەلایەنی رۆحی و دەروونییەوە ببێتە هۆی لێکجودابوونەوە، تەنانەت کوشتنیش. ئەم رووداوانەش دەتوانێت لە پەروەردەکردنی منداڵاندا کاریگەری خراپی لێبکەوێتەوە و لە ئایندەدا ئەوان چاو لە ئەم هەڵسوکەوتەی باوک و دایکیان بکەن و رێگەی ئەوان بگرنەبەر.

(ساناز) یەکێکە لەو ژنانەی کە مێردەکەی بەرانبەر بە ئەو زۆر دڵپیسی دەکات. ئەو بە گلەیی و گازندەوە کاتێک فرمێسک لە نێو چاوەکانیدا قەتیس مابوو وتی» بەداخەوە ئەمرۆ خراپتر لە دوێنێیە و رۆژ لەدوای رۆژ هاوسەرەکەم بەرانبەر بە من دڵپیستر و بەدگومانتر دەبێت.»هەروەها ساناز باس لەوە دەکات کە هەر لە سەرەتای ژیانی هاوبەشیانەوە مێردەکەی رێگەی پێنەداوە کار بکات، بەڵام پاش گفتوگۆکردنێکی زۆر توانیویەتی کۆتایی بەم مەسەلەیە بهێنێت و برواتە سەرکار، ئەو وتیشی»دوای رۆیشتنم بۆ

سەرکار هاوسەرەکەم هەمووکاتێک بە تەلەفۆن کردن و هاتن بۆ شوێنی دەوامەکەم بۆ ئەوەی بزانێت کە من لەوێم یان نا کۆنترۆڵم دەکات، و بەدوامەوەیە و ئەگەر بێت و رۆژێک ٥ خولەک دواکەوم لە وڵام دانەوەی تەلەفۆنەکەی ئەوا ئەو رۆژە شەر و ئاژاوە دەست پێدەکات. ئەو باس لەوە دەکات کە تەنانەت من ناشتوانم بە تەنها سەردانی ماڵی دایکم بکەم، ئەگەر پێداگری بکەم لەسەر ئەو مەسەلەیە یەکسەر دەڵێت «من پێمخۆش نییە بچیتە ماڵی دایکت چونکە قسەکانی ئەوان لە سەر تۆ کاریگەریی نگەتیڤ دادەنێت.»وتیشی من هیچکات نەمتوانیوە لەگەڵ هاورێیەکانمدا بڕۆمە دەرەوە، رووبەرووی شێوازی جل لەبەرکردنم و ماکیاجم دەبێتەوە و دەڵێت «بەدڵنیاییەوە تۆ لەم کارانەت مەبەستی تایبەتیت هەیە». مێردەکەم بەم شێوەیە دەمبات تاکو ئاستی مردن و شێت بوون، هەندێک رۆژ حەز دەکەم هیچکات لەخەو هەڵنەستم و تەنانەت وام لێدەکات کە بیر لەخۆکوشتن بکەمەوە بۆ رزگاربوونی خۆم هەرچەندە کە ئەو بیرۆکەیە هەڵەیە و نابێتە رێگەچارەی رزگاربوون و ئەمەش لەکاتێکدایە کە من بۆم نییە پرسیار لە زوو رۆیشتنی ئەو یان درەنگ گەرانەوەی بۆ ماڵەوە بکەم چونکە رووبەرووی توندوتیژی دەبمەوە.

دوکتۆر (فەربد فەدایی) دەروونناس و مامۆستای زانکۆ لەو بارەیەوە دەڵێت «دڵپیس بون لە هاوسەر لایەنی دەروونی هەیە واتە تاکی نەخۆش کە تووشی دڵپیسی دەبێت دوای پێکهێنانی ژیانی هاوسەریش ئەم دڵپیسیانەی زۆرتر دەبێت. وتیشی «هەروەها هەندێک لە دڵپیسیەکانی نێوان ژن و مێرد ئەگەرێتەوە بۆ رووداوەکانی سەردەمی منداڵییان و بەسەرهاتی ئەو تەمەنەیە، بۆ نمونە بە هۆی نەبوونی سۆز لەلایەن هاوسەرەکەیەوە دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە لەوانەیە هاوسەرەکەی حەزی لە کەسێکیتر بێت.»

د. فەربد ئاماژە بەوە دەکات و دەڵێت «هەروەها کەسانێک کە تووشی تێکچوونی کەسایەتی واتە (پارانۆئید) و یان تووشی تێکچوونی دەروونی یان گرفتی و رێنە و شیزۆفرنی لە جۆری پارانۆئید ئەبن ئەگەری ئەوەی هەیە کە بەبێ هیچ هۆکارێک دڵپیسی لە هاوسەرەکانیان بکەن، بەم شێوەیە ئەوان هیچ بەڵگەیەکیان بە دەستەوە نییە بۆ دڵپیسیەکەی خۆیان، بەڵام لای خۆیان دەگەنە ئەو بروایەی کە هاوسەرەکەیان خەیانەتی لێکردوون.»

د. فەربد دەڵێت «لە تێکچوونی کەسایەتی پارانۆئیددا، ئەم دڵپیسیە زۆر توند نییە، بەڵکوو تاک لەوە دڵنیایە کە هاوسەرەکەی ناپاکی لەگەڵدا نەکردوە، بەڵام بیرکردنەوە لەوەی کە لەوانەیە ناپاکی لەگەڵدا بکات بەردەوام ئازاری دەدات و ناتوانێت ئەو بیرکردنەوەیە لەخۆی دوور بخاتەوە. هەر بۆیە بە شێوازی جۆراوجۆر هاوسەرەکەی دەخاتە ژێر چاودێری خۆیەوە.»هەروەها ئەو وتیشی بۆ نمونە یەکێک لەو کەسانەی کە تووشی ئەم نەخۆشیە بووە لە یەک مانگدا (٣٠٠٠٠٠ سێسەد هەزار دینار)ی تەنها بۆ کرێ تەکسی خەرج کردوە بۆ ئەوەی چاودێری مێردەکەی بکات و بزانێت پەیوەندی لەگەڵ کێ هەیە و رۆژانە کێ دەبینێت.

ئەو دەڵێت «هەڵبەت لەو دووجۆرە لە دڵپیسی واتە لە تێکچوونی کەسایەتی و شیزوفرنی پارانۆئیددا هەر دوو حاڵەت تووشی دەروون شێواوی دەبن و بە بێ هیچ هۆکارێک پێیان وایە هاوسەرەکەیان ناپاکییان لەگەڵدا دەکات و ئەگەری ئەوەیان لێدەکرێت کە ئەم جۆرە نەخۆشانە بۆ وەرگرتنی دانپێدانانی هاوسەرەکەیان پەنا بۆ توندوتیژی بەرن و تەنانەت بۆ تۆڵەسەندنەوە بیانکوژن، لەوانەشە هەندێکجار منداڵەکانی خۆیان ئەشکەنجە بدەن و بیانکوژن بە بیانووی ئەوەی کە ئەو منداڵە لەوانەیە منداڵی ئەو نەبێت. وتیشی «لە راستیدا زۆربەی فایلی ئەو کەسانەی کە کوژراون بە هۆی دڵپیسییەوە بووە لە لایەن هاوسەرەکانیانەوە کە تووشی نەخۆشی دەروون شێواوی بوون.»

د. فەربد سەبارەت بەو کەسانەی کە لە

سەردەمی منداڵیدا نمونەیان باوک و دایکیان بووە دەڵێت «ئێمە لەم جۆرە حاڵەتانەدا لەگەڵ تاکێکدا رووبەروو دەبینەوە کە سەرەتا هیچ نەخۆشییەکی دەروونی یان تێکچوونی کەسایەتییان نەبووە، بەڵام ئەم کەسانە دواتر لەژێر کاریگەری هۆکارە جۆراوجۆرەکاندا تووشی بەدگومانی و دوودڵی دەبن کە لەوانەیە هاوسەرەکەیان ناپاکییان لەگەدا بکات.»

د. فەربد پێوابوو: ئەو پیاوانەی کە تووش بوون بە مادەسڕکەرەکانەوە و کاتێک لەو حاڵەتەدا خۆیان تووشی لاوازی سێکسیی دەبنەوە، ئەو بیرۆکەیەیان لادرۆست دەبێت کەلەوانەیە هاوسەرەکەیان بەو هۆیەوە لەگەڵ پیاوێکی تردا پەیوەندی درۆست بکات و ئەمەش ئەبێتە یەکێکیتر لەو هۆکارانەی کە دڵپیسی لە هاوسەرەکانیان بکەن.»

سەبارەت بەو ژن و پیاوانەی کە لەگەڵ کەسانێکی گەنجتر لە خۆیان هاوسەرگیری دەکەن د. فەربد وتی»ئەو کەسانە زۆرتر دەکەونە بەردەم بەدگومانی و هەڵسوکەوتی توندوتیژئامێزەوە لە لایەن شەریکی ژیانیانەوە، ئەوان کەسانێکن کە جیاوازیی تەمەنیان زۆرە و لە نێوان ئەو حاڵەتانەشدا زیاتر پەنا دەبەنە بەر بەکارهێنانی چەک.»

سەبارەت بە رێگەچارە بۆ ئەم جۆرە نەخۆشانە دوکتۆر فەدایی دەڵێت «چارسەری لەم قۆناغەدا بە پێی جۆری نەخۆشییەکە دەگۆرێت، بۆ نمونە تاکی تووشبوو بە نەخۆشی دەروون شێواویەوە ئەبێت لە ژێر چاودێری پزیشکدا دەرمان بکرێت. و ئەگەر دەرمانیان وەرنەگرت واتە بە دەرمان چارەسەر نەکرێن باشترین رێگە بۆ ئەو گرفتە تەنها لە یەکتر جیابونەوەیە.»

لەسەر ئەم بابەتە دەروونناس (مەریەم رامشت) وتی» کاتێک کە ژن و مێرد دڵپیسیی لە یەکتر دەکەن و هیچ هەستێکیان بۆ یەکتر نەماوە باشترین رێگەچارە لە یەکتر جیابونەوەیە، بەڵام بەگشتی لە بەر ئەوەی لەم مەسەلەی جیابونەوەیەدا کۆمەڵێک کێشەی زۆر رووبەرووی ژن و مێرد بەتایبەتی ژنان دەبێتە دوای جیابوونەوە و لەوانەیە بەوە رازی نەبن کە ژیانیان لێ تێک بچێت هەر بۆیە بە ناچاری لەو ژیانە دەمێننەوە کە ئەوەش دەبێتە هۆی هەڵسوکەوتی نهێنی و دواتریش توندوتیژی لێدەکەوێتەوە.»

لەو بارەیەوە دکتور فەدایی دەڵێت «دوای (٢ساڵ) کارکردن لەسەر ئەو فایلانەی رێکخراوی پزیشکی دادوەریی کە پەیوەندییان بە کێشەی خێزانیەوە بوو لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەدا دەرکەوت کە ٥٠ نمونە لە هۆکاری (بریندار بوون یان کوشتن)ی هاوسەر لە لایەن ئەو کەسانەوە بووەکە کێشەی دەروونیان هەبووە.»

دەروونناس مەریەم رامشت لەو بارەیەوە وتی «بەدگومانی یان دڵپیسیی جۆرێکە لە رەشبینی کە رێخۆشکەرە بۆ توندوتیژی خێزانی و هەروەها پێی وابوو کە دڵپیسیی و بەدگومانی تاک لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە هەر دوولا (ژن و مێرد) باش یەکتر ناناسن و لە یەکتر تێناگەن و تەناتەت کوشتن، هەڵسوکەوتی شەرئەنگێز و رەشبینی تاکەکان بۆ هەڵبژاردنی نادرۆستی پێش هاوسەرگیری دەگەڕێتەوە کە لەسەر بنەمای خۆشەویستییەکی سەرەتاییەوە سەرچاوە دەگرێت و هیچ زانیارییەکی قوڵیان لە سەر یەکتر نییە و پاش ساڵێک لە هاوسەرگیری بۆیان دەردەکەوێت کە لەلایەنی رۆحیەوە جیاوازییان زۆرە و هەر ئەوەش دەبێتە هۆی بەدگومانی، هەروەها زۆربەی کوشتنەکان لە نێوان ئەو کەسانەدا روو دەدات کە ئاستی خوێندەواری و جۆری ئیش و کاریان لە ئاستێکی نزمدایە» ئەو وتیشی دەبێت ئێمە ئاگامان لەوە بێت کە زۆربەی کوشتنەکان بەدەرنین لە بەدگومانی، ئەبێت پسپۆران و میدیاکان ئەو راستیانەی کە لە کۆمەڵگە روو دەدات باسی بکەن و ریشەی هەڵبژاردنی نادرووست و سنوردار، کێشە و ئاژاوەکان لە روانگەی دەروونناسی و کۆمەڵناسیەوە دەستنیشان بکەن و بەو شێوەیە خەڵک وشیار و پەروەردە بکەن.

دوکتور (حسێن ئاقاجانی) ئەندامی ئەنجومەنی کۆمەڵناسی خێزانی لەو بارەیەوە دەڵێت «یەکێک لەو پرسانەی کە شێوازی بنیاتنانی خێزان دەگۆرێت بەدگومانییە، ئەم گرفتە لەوانەیە لە لایەن هەر دوو کەسەکە (ژن، مێرد)ەوە روبدات، هەڵبەت تا دێت مەسەلەی بەدگومانی لە کۆمەڵگە گشتگیرتر دەبێت، واتە لە کۆمەڵگەی لادێ و عەشایەریش بوونی هەیە، بەڵام لە کۆمەڵگەی شارنشینی بە هۆی شێوازی بیرکردنەوە و پلە و پایەوە ئەم حاڵەتە زۆرترە» هەروەها وتیشی «پلە و پایە و کارکردن بەرانبەر بە پارە بۆتە هۆی ئەوەی کە لە بونیادنانی خێزانی مۆدێرن و پێشکەوتوودا گۆرانکاری روو بدات و بەدگومانییەکان زۆرتر بکات، بە هۆی ئەوەوەیە کە ژنانیش لە مەسەلەی خوێندن و پیشە و داهات و پێگەی کۆمەڵایەتیدا هۆشیارییان زۆرتر بووە، کۆمەڵگە لەو حاڵتە تووشی واق و رمان بووە و هۆکارەکەشی ئەوەیە کە پیاوانی کۆمەڵگەی ئێمە گۆرانکارییەکانی دۆخی ژنانیان پێ قبوڵ ناکرێت، چونکە خاوەن هزرێکی تەقلیدی و پیاوسالارین و چاوەروانی ئەوەن کە ژنان هەر لە پێگە کۆمەڵایەتی و تەقلیدیەکەی پێشوودا بمێنێتەوە و لە چوارچێوەی ماڵەوە وەک کۆیلە کار بکات و ئەمەش دەبێتە هۆی بەدگومانی.»

دوکتور حسێن لە کۆتایدا دەڵێت «دەبێت ئێمە ئەو شێوازەی کە کۆمەڵگەی لەسەر بنیات نراوە و بە درێژایی هەزاران ساڵە ئەو هێز و قوەتە گشتیە دراوەتە دەستی پیاوان وردە وردە و بەجوڵیەکی ئاسۆیی یان (بەرانبەری مافی ژن و پیاو)، بگۆرین و بۆ ئەو پرۆسەیەش پێویست دەکات وەزارەتی پەروەردە رۆڵی خۆی ببینێت بۆ وشیارکردنەوەی کۆمەڵگە، ئەگەر هاتوو ئەو وشیارکردنەوەیە روونەدات و کۆمەڵگە لەو ئاستەدا بمێنێتەوە، بەدگومانییەکان زیاتر دەبێت و تا ئەو کاتەش کە شێوازە تەقلیدییەکان لە کۆمەڵگەدا بوونی هەبێت، بەهاکان و داب و نەریتە کۆن و تەقلیدییەکان نەگۆڕێن بە (یاسا)، ئەوا توندوتیژیی و تاوان و بەدگومانییەکان زیاتر دەبێت.»

سۆڤیلا مورتەزەوی

کەی بە منداڵەکەت دەڵێی «نا»

من زۆر جار گوێ بە بڕو بیانوی منداڵانی دەوروبەرم نادەم بەڵام لەم دواییدا بە ڕێکەوت لە دوو کاتێکی پێڵاوفرۆشتندا منداڵێك سەرنجی ڕاکێشام.

دوو منداڵ لەگەڵ دایکیاندا لە دووکانەکەدا بوون، منداڵێکیان کچێکی ٨ ساڵانە بوو جوتێك پێڵاوی دەست نیشان کرد بوو، بەردەوام داوای لە دایکی دەکرد بۆی بکڕێت. سەرەتا بە ئارامی داوای دەکرد پاش ماوەیەك بە پارانەوە و هاوار کردن خواستەکەی دووبارە دەکردەوە دیووت: دایە! من ئەو پێڵاوانەم دەوێت دەبێت هەر ئێستا بۆم بکڕێ.

دایکی لە کاتێکدا خەریك بوو پێڵاوی دەکردە پێی کوڕەکەی، نزیکەی ١٠ خولەك داوای کچەکەی ڕەتکردەوە، پاشان تووڕە بوو و بە فرۆشیارەکەی ووت: پێڵاوەکانی بۆ بێنن، لەمە زیاتر خۆمم پێ ڕاناگیرێت. چوکدادان لە بەردەم خواستەکانی منداڵدا کەمترین بەرگرییەکە کە باوك و دایك ئەنجامی دەدەن، ئەگەر بەردەوام ئەنجام بدرێت دەبێتە فاکتەرێك و منداڵ وەك فێڵێك پەنای بۆ دەبات، لە ڕاستیدا ئەمە وا لە منداڵ دەکات زیاتر و زیاتر داوای شتی نابەجێ بکات و داوا لە دایك و باوکی بکات بۆی دەستەبەر بکەن.

«تۆماس لیکونا» مامۆستای شێوازەکانی وانە وتنەوە لە زانکۆی نیویۆرك و نووسەری کتێبی (پەروەردەی منداڵان) دەڵێت: تەلەویزیۆن و ڕێکلامەکان ئەنگێزەی منداڵ دەبزوێنێت و بەردەوام دەیانخەنە سەر ئەو باوەڕەی کە گرینگی ئەو شتومەکانە خۆشی و شادیان بە دیاری بۆ دێنێت.

ئێستا با بزانین چۆن دەتوانین ڕێ لە دەرکەوتنی ئەو جۆرە ڕەفتارانە بگرین لە منداڵەکانماندا، یا خود ئەگەر ئەمجۆرە ڕەفتارەیان تێدا دەرکەوتووە بە چ شێوەیەك دەتوانین چارەسەریان بکەین.

منداڵان فێری ئەوە بکەن زۆر نەچنە لای تەلەویزیۆن و کۆمپیوتێر یان ئامێرەکانی یاریکردن، ئایا منداڵان بە بێ بووکەشوشە و تەلەویزیۆن و یارییە ڤیدیۆیی و ئەلەکترۆنییەکان بە تەواویی بێزار و نارەحتتان دەکەن؟

پرۆفیسۆر»لیکونا» دەڵێت: نەخێر! بە هیچ شێوەیەك ئەوە ڕاست نییە، بە تایبەت ئەگەر باوك و دایك وا لە منداڵ بکەن کە ئەم جۆرە کارانە هەم یارمەتی خێزان دەدات و هەم دەبێتە هۆی گەشەکردنی کەسایەتی منداڵان. ئەم پرۆفیسورە ئەوەمان بە یاد دێنێتەوە کە منداڵان لە کێڵگەکاندا لە تەمەنێکی کەمدا دەتوانین شیر بدۆشن، هێلکە کۆبکەنەوە وە تەنانەت دەتوانن کاری دیکەش ئەنجام بدەن، بەڵام ئەمڕۆ ئێمە داوایان لێ ناکەین تاقیکاریمان بۆ ئەنجام بدەن.

«لیکونا» دەڵێت: باوك و دایك دەتوانن بە دانانی بەرنامەیەکی بنەڕەتی لەگەڵ ئەنجامدانی کاروباری ماڵدا، کارە نابەجێیەکانی منداڵان ئاراستە بکەن، تەنانەت منداڵێکی ٤ ساڵە دەتوانێت لە پاکردنەوەی سفرە و خواردنی نانی بەیانیان هاوکاری بکات، گوڵ ئاو بدات و ...

منداڵان دەتوانن ژووری خەوتن ڕێك بکەن و ئیش و کاری حەوشە و باغچە ئەنجام بدەن و جلوبەرگی خۆیان کۆبکەنەوە، ئەگەر کارەکانی تەماشا کردنی تەلەویزیۆن و بەرنامەکانی کۆمپیوتێر سنووردار بکرێت بۆ منداڵان ئەوە سەرەنجام بەدوای کار و سەرگەرمیەکی دیکەدا دەگەڕێن، کاتێك لە ماڵ دەچێ بۆ شت کرین، خواردن و هۆکاری یاریکردن مەکرە، ئەمە کارێکە کە زۆر جار دایك و باوك لە بەر ئەوە ئەنجامی دەدەن چونکە وا هەست دەکەن لە بەرانبەر منداڵەکانیانەوە کەمتر خەم بوونە.

«دینس سولسن» دەروونناس دەڵێت: دایك و باوکی کارمەند لە بەر ئەوەی ناتوانن لە ڕۆژدا بە تەواوی بەدەم منداڵەکەیانەوە بن، دەبێت بە شێوەیەك ئەو کەلێنەیان بۆ پڕ بکەنەوە.

منداڵان هەست دەکەن هەر کات بیانهەوێت دەتوانن فەرمان بدەن.

نرخ و بەهای پارە بۆ منداڵەکانتان ڕوون بکەنەوە، هەر لە سەرەتاوە ئەم خاڵە بۆ منداڵەکانت ڕوون بکە و پێی بڵێ: ئەوەی کە بۆتم کریوی پاش بریار و پلانێکی داڕێژراودا بوو، ئەوەشی پێ ڕابگەینە کە پارە و پوڵ ڕۆڵێکی گرینگی هەیە بۆ بڕیاردان لەسەر کرینی پاسکیلێك، بەڵام ئەگەر ویستت و لە توانادا بوو، خواستەکانی منداڵەکەت بهێنەدی، هەرگیز درۆی لەگەڵ مەکە، مەڵێ: پارەم نییە و ناتوانم بۆتی بکرم، چونکە ئەگەر منداڵەکانت ببینن بە ئارەزوی خۆت هەر چیت بوێت ئەنجامی دەدەیت، وا دەزانن بە پێی حەز و ئارەزوی خۆت دەجوڵێیەوە و ئەمەش وا لە منداڵ دەکات گوێ بە بۆچوونەکانت نەدات. بەدەست هێنانی خواست و گەیشتن بە ئامانج، هەوڵ و تێکوشانی زیاتری دەوێت، لە بیانوگەری و فێڵ و تەڵەبازی کردنی منداڵەکانتان مەترسن و زوو کۆڵ مەدەن.

سەرچاوە: گۆڤاری خانواده

رۆڵی ژن لە گۆڕەپانی خەباتدا

لە ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤدا، بەشداری سیاسی ژنان ئەرکێکی پیرۆز و پێویستە. نەبوونی حزوری سیاسی ژن بە مانای پەراوێزخستنی نیوەی کۆمەڵ، چونکە ژنان نیوەی کۆمەڵگا پێك دێنن. بێ بەشداری ئەوان لە مەیداندا لە هەر کۆمەڵگایەك ئەو کۆمەڵگایە وەك بەدەنێك وایە کە نیوەی بەدەنی لە کار کەوتبێ. چونکە بەشداریکردنی ژنان لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتدا، بەتایبەت لە وڵاتانی لە حاڵی گەشەکردندا گرێنگی و بایخی خۆی هەیە. دەور و رۆڵی ژن بۆ دامەزراندنی پێوەندی توندوتۆڵ، لە نێوان بزوتنەوەکانی دێموکراسی خوازی لە لایەك و ویست و داخوازییەکانی ژنان لە پێناوی خەبات بۆ وەدیهێنانی مافە سروشتی و ئینسانییەکاندا لە لایەکی تر یەکیك لە پربایەخترین هۆکارەکانی بەشداریی ژنان لە دیسکۆرسی سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانە، لە هەر وڵاتێکدا.

لەو بوارەدا، کۆمەڵگایەك کە ئامانجی پێشکەوتن بێ، دەبێ لە هەموو بوارەکانی ژیاندا رێگای پێشکەوتنی ژنان خۆش بکاو هاندەر بێ بۆ ئەوەی ژنان بگەنە لوتکەی خۆشبەختی. رێگاخۆشکەر بێ بۆ ئەوەی ژنان بە مافە رەواکانیان بگەن. جوڵانەوەی سیاسی ژنان لە کۆمەڵگای رۆژاوادا، توانیویەتی کە رێگای خۆی بدۆزیەتەوە. ژنان پشت ئەستورن بن بە ئارمانە نوێخوازەکان. لەو بوارەدا بە هەوڵ و کۆششی زۆر، حەرکەتەکەیان بەرەو رێگایەکی دروست کانالیزە کراوە. لە ئازادییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان چێژی تەواویان وەرگرتووە و توانیویانە بە خەباتی بێوچان مافی خۆیان وەدەست بێنن. بەڵام لە کۆمەڵگای سوننەتیی و لە حاڵی گەشەکردنی رۆژهەڵاتی ناوەراستدا، بە هێنانی شتی پرۆپووچ و بێ بنەما و دەمارگرژی بێ جێ، دەسەڵاتی پیاوسالاری و یاسا توندوتیژە مەزهەبییەکان، ژنان لە گەیشتن بە مافە سەرەتاییەکانی خۆیان بێبەش کراون. ئەو حەرەکەتە کاریگەریی نەرێنی لە سەر رەوتی ژیانی ژنان بەرەو چارەنووسێکی نادیار دەباتە پێش، لەگەڵ ئەوەش وەزعی ژنان لە بارودۆخێکی زۆر خراپ دایە.

لە بەرانبەر کۆمەڵگا و گیروگرفتەکانی ناو کۆمەڵگادا، ئەوە ئەرکی سەرشانی ژنانە کە بە هەڵگرتنی چەکی لۆژیك و مەنتیق کە لە خەبات بۆ رزگاری لە ژێر نیری ئیستبدادی حکومەتیی و بنەماڵەییدا کەڵك وەرگرن. بۆ گەیشتن بە مافی یەکسانی ژن و پیاو، هەروەها بۆ گەیشتن بە مافە سروشتی و ئینسانییەکان خەبات بکەن. لە رێگایەدا لە هیچ داوەڵ و تارماییەك سڵ نەکەن. کەند و کۆسب هەنگاوییان پێ شل نەکا.

ژنان لە ئاستی نێونەتەوەیی، ئێران و کوردستاندا هەر یەك بە شێوەیەك توانیویانە رۆڵ و کاریگەرییان لە کۆمەڵگا و لە گۆڕەپانی خەباتدا هەبێ. لەو کاتەوە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی هەبووە چەوسانەوەی مرۆڤ بە دەستی مرۆڤ هەبووە، خەبات بۆ لە ناوبردنی چەوسانەوە و نا عەدالەتی و نابەرانبەری هەر لە ئارا دا بووە. بەڵام بە سەر هەڵدانی رێنسانس لە شاری فلورانسی ئیتالیادا ئەو خەباتە پێی نایە قۆناغێکی نوێ. رینسانس بەواتای بووژانەوەو لە دایکبوونەوە، یانی ئەو شۆڕشە هونەریی و کولتورییەی کە لە ماوەی سێ سەدەدا هەموو ئورووپای گرتەوەو لە ئاکامدا توانی لە هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤایەتیدا کاریگەریی بەرچاوی هەبێ. من رستەیەکی مایکل ئانجیل وەك پاڕادایم دێنمەوە کە دەڵێ: «ئەوە مێشکە نەقاشی دەکێشێتەوە نەك دەست» لەگەڵ ئەوەش لیئوناردۆ داوێنچی یەکێکی تر لە بناغە دارێژەرانی رێنسانس بە داهێنان و کێشانەوەی دیمەنی سێ رەهەندی، بە کەڵك وەرگرتن لە دوو راستە هێڵی قیلەوقاج، کە بوو بە بنەمای هەندەسەی فەزایی و روانگەی مرۆڤی گۆری. ئەو کردەوەی داوێنچی بوو بە هۆی ئەوە کە مرۆڤ، دەوروبەری خۆی و جیهانی سروشتی بە شێوەیەکی واقع بینانەتر ببینێ. من نامەوێ لێرەدا رەهەندە جواروجۆرەکانی رێنسانس باس بکەم بەڵام ئەوە دەڵێم رێنسان توانی کاریگەری قوڵی لە سەر روانین و بینینی مرۆڤ سەبارەت بە زانست، کولتور، ئایین، کۆمەڵگا و سروشت هەبێ و لە ئاکامدا روانگەی مرۆڤ سەبارەت بە مرۆڤ، ئاڵوگۆری قوڵی بە سەردا هات. کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە هەموو بارێکەوە گۆڕا، لەو گۆڕانکاریانەدا ژنانیش شان بە شانی پیاوان رۆڵ و کاریگەریی خۆیان نیشان دا.

بەتایبەت لە دەورانی رێنسانسدا کاتێك کریستف کولومب دەریاوانیی ئیتالیایی، چووە دەرباری پادشای ئیسپانیا. ئەو خانمی ئیزابێل شا ژنی ئیسپانیا بوو، کە یارمەتیدەر بوو بۆ ئەوەی کە کریستوف کولومب بەرەو جیهانێکی نوێ وەڕێ بکەوێ. ئەو حەرەکەتەش بوو بە هۆی دۆزینەوەی ئامریکا. راستە رینسانس لە ئیتالیا سەری هەڵدا بەڵام لە بریتانیا زوتر پەرەی ئەستاند. چونکە مەلەکە ئێلیزابێت شا ژنی بریتانیا بوو کە لە ماوەی ٥٠ ساڵ دەسەڵاتیدا توانی لە هەموو بارێکەوە بریتانیا بگەیەنێتە لوتکە. بە پێچەوانە لە ئیتالیا بە هۆی دەسەڵاتی پیاو سالاری وسێبەری کلیسا، زۆر درەنگتر ئاڵوگۆڕ پێکهات.

لە نیوەی دوهەمی سەدەی هەژدە را بە هۆی سەرهەڵدانی شۆڕشی پیشەسازی و شۆڕشە کۆمەڵایەتییەکان لە ئوروپاو ئەمریکادا، ژنان توانییان بێنە نێو کۆمەڵگا و کار بکەن. لە رۆژی ٨ی مارسی ساڵی ١٨٥٧دا ژنانی کرێکاری ئەمریکا، بۆ دەربڕینی نارەزایەتی سەبارەت بە نابەرانبەریی مافی ژن و پیاو لە هەموو بارێکەوە، بە تایبەت لە بواری ئابورییەوە، لە شاری نیویورک، خۆپێشاندانێکی گەورەیان پێك هێنا. لەو خۆپێشاندانەدا، کرێکارە ژنەکان داخوازییەکانی خۆیا هێنایە گۆرێ. داوایان کرد بۆ کاری یەکسان لەگەڵ پیاوان، حەقدەست و مووچەی وەك یەکیان بدرێتێ. پۆلیسی ئەمریکا ئەو خۆپێشاندانە هێمنانەیەی، کە بۆ هێنانەگۆری ویستێکی سروشتی، رەواو ئینسانی لە لایەن ژنەکانەوە پێك هاتبوو، بە شێوەیەکی درندانە سەرکوت کرد.

بەڵام ژنان نەسرەوتن، رۆژ بە رۆژ لە پێناوی مافە رەواو سروشتییەکانیان زیاتر هاتنە مەیدان. بە تایبەت لە دوای شەڕی یەکەم و شەڕی دووهەمی جیهانیی دا رۆڵ و دەوری بەرچاوییان هەبوو. ئاڵمان لەو دوو شەڕەدا بە تەواوی کاول و وێران بوو، بەڵام ژنانی ئاڵمانی شان بە شانی پیاوان لە ئاوەدانکردنەوەی ئەو وڵاتەدا زۆر دڵسۆزانەو ئازایانە کاریان کرد. ئەوە رۆڵی سەرەکی ژنانی ئاڵمانی بوو کە وڵاتەکەیان گەیاندەوە ریزی وڵاتانی پیشەسازی بە هێزی جیهان. کە وابوو رۆڵ و کاریگەری ژنان لە هیچ بوارییەکەوە لە پیاوان کەمتر نییە.

دەوری ژنان لە ئێران دا

خەباتی ژنانی ئێران دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی مەشروتە. لەو کاتەوە، خەباتی ژنان بۆ وەدەستهێنانی مافی رەوا و بەرانبەر لەگەڵ پیاوان وردە دوردە شکڵ و شێوەیەکی نوێ بە خۆیەوە دەگرێ. رەنگە کەم و زۆر سەبارەت بە کوژرانی ژنێك، لە سەردەمی مەشروتەدا بیستوتانە. کاتێك لە تاران یەکێك لە ئاخوندەکانی شیعە بە توندی بەرگری لە دەسەڵات دەکاو بە دژی مەشروتە قسە دەکا. ژنێك لە بن چارشێوەکەدا، دەمانچە دەردێنێ و تەقە لە ئاخوندەکە دەکات. پاشان هەر لەوێ ئەو ژنە لە نێوی ئاپۆرای خەڵك دا دەکوژرێ. تەنانەت لە ئوستانی ئازربایجاندا لە تەورێز لە شەڕی مەشروتەخوازی دا ٣٠ ژنی کوژراو لە لیباسی پیاوان دا تەرمی بی گیانیان دۆزرایەوە. ئەو حەرەکەتانە بەڵگەی حاشا هەڵنەگری ئەو راستییانەن کە ژنان لە خەباتی مەشروتەخوازی دا، زۆر ئازایانە و بوێرانە لە مەیداندا بوون. بەرگرییان لە ویست و ئامانجەکانییان کردوە.

بەڵام کاتێك ١٥ی رەزبەری ١٢٨٥ی هەتاوی یەکەم مەجلیسی شورای میللی، یاسای هەڵبژرادنی پەسەند کرد. ژنانی ئێرانی بۆیان دەرکەوت کە نوێنەرانی پیاو لە پارڵماندا، نەك چوکترین ماف بۆ ژن قایل نەبوون، بەڵکوو ئەوانیان لە ریزی پیاو کوژان، تاوانباران، کەسانی بیرتەسك، کۆنەپەرەست و شەرلاتاندا دانا، مافی دەنگدان و خۆپاڵاوتنیان لی زەوت کردن. بەڵام ژنان هەروا ئارام و بێدەنگ دانەنیشتن، خانمی سەدیقەی فیروزی «ئەنجومەنی نادیار ژنان»ی پێك هینا.

لەگەڵ دەربڕینی ئەو نارەزایەتییانە، ساڵێك دواتر لە ١٤ی رەزبەری ١٢٨٦ مەجلیسی شورای میللی پاشکۆی یاسای بنەرەتی وڵاتی پەسند کرد دووبارە لەویشدا ژنان لە پەراوێز خران ساڵێك دواتر مەجلیس بە هۆی «محمد علی شای قاجار» بە تۆپ بەسترا. دوو ساڵ دواتر لە دەورەی دووهەمی مەجلیس دا کە قانوونی نوێ نووسراوە. دووبارە ژنان لە مافی دەنگدان بێبەش کران بەڵام کۆڵیان نەدا. دیارە لەو نێوەدا پیاوانیش هەبوون کە بەرگرییان لە مافی ژنان دەکرد. بۆ نموونە «حاجی محمد تقی وکیل الرعایا» نۆینەری شاری هەمەدان، زۆر بە توندی بەرگری لە یەکسانی مافی ژن پیاو دەکرد. بەڵام ئاخوندەکانی شیعە وەك سید حەسەنی مودەرس و ناوەندی فێرکردنی زانستە ئایینییەکانی قوم بە تەواوی بە دژی بەشداری ژنان بوون. سید حەسەنی مودەریس دەڵێ: «خودای گەورە ئەو تواناییەی لە ژنان دا پێك نەهێناوە کە شیاوی ئەوە بن، مافی هەڵبژاردنیان هەبێ. لە راستی دا ژنان لە ئایینی ئێمەدا لە ژێر سەرپەرشتی دان. بە هیچ جۆرێك مافی هەڵبژاردنیان نییە».

رەزاشا دوای هاتنە سەر کورسیی حوکم، هێندێك ئاڵوگۆڕی پێك هێنا. رێفۆرمی کرد ئەو رێفۆرمە پشکی ژنانیشی تێکەوت

ژنان توانییان بچنە دانیشگاکان، دامەزراوە ئاموزشییەکان، هەروەها ژنان ئازاد کران بچنە سەیرانگا و گەشت و گوزار، بێ هیچ چەشنە هەڵاواردنێك. چاکسازی لە بواری قانوونی تەڵاق و مارەکردن و دیاریکردنی ئەوە ئەسڵە کە کچان هەتا نەبنە ١٥ ساڵ نابێ مێردی بکەن، کوڕان لە ١٨ ساڵی دەتوانن ژن بێنن. بەڵام لە زەمانی رەزاشاشدا ژنان نەیان توانی لە هەڵبژادن دا بەشداری بکەن.

لە ساڵی ١٣٣٠ دەوڵەتی دوکتور «محمدی مصدق» گەڵالەیەکی هێنا پارڵمان کە ژنان بتوانن لە هەڵبژاردن دا بەشدار بن بەڵام ئەو گەڵاڵە لەگەڵ رەخنەی توند رووبەروو بۆوە. کۆمەڵەی فیداییانی ئیسلام، لقی مەزهەبی جبهەی میللی و ئایەتوڵڵا کاشانی دژایەتیی بەشداریی ژنانیان کرد. دواتریش ئایەتوڵڵا خۆمەینی و ناوەندی مودەرسینی قۆم، بە توندی لەگەڵ هەڵبژاردنیی ژنان دژایەتییان کرد.

لە ساڵی ١٣٤١ شا فەرمانی شەش ماددەیی خۆی بە نێوی «انقلاب سفید شاه و ملت» راگەیاند و بەو شێوەیە ژنان بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئێران دا لە ٦ی ریبەندانی ١٣٤١ لە ریفراندۆمی شۆرشی سپی دا بەشداریان کرد. لە ١٢ی رەشەممەی ١٣٤١ دا دەوڵەت بە رەسمی رایگەیاند کە مادەی ١٣ی قانوونی هەڵبژاردن کە لەمپەر بوو لە سەر رێگای ژن لە هەڵبژاردن دا لابرا، و مادەکانی ٦و ٩ کە وشەی پیاوییان تێدا بوو وشەی پیاوەکەیان لەو ماددانەدا پاك کردەوە.

بەو جۆرە ژنان توانییان ٦ نوێنەر بنێرنە پارڵمان و ٢ ژنیش بە شێوەی دانان، چوونە مەجلیسی سنا کە بە توندی لەگەڵ دژکردەوەی زانایانی شێعە رووبەروو بوونەوە ئایەتوڵڵا خۆمەینی و ناوەندی فێرکردنی زانستە ئایینییەکانی شاری قوم بە توندی مەحکومییان کرد و حیزبەکانی ئەو سەردەمیش وەك جبهەی میللی و نەهزەتی ئازادی بە توندی مەحکومیان کرد و تەنانەت حیزبی تودەی ئێرانیش بە دژی ئازادی ژنان و پشتیوانی لە ئاخوندەکانی شیعە دژایەتی کرد و راگەیاندراوی دا.

لە راپەرینی ١٣٥٧ ژنان زۆر چالاکانە بەشداریان کرد. بەڵام بە هاتنە سەرکاری رێژیمی کۆماری ئیسلامیی تەنانەت ئەو مافە کەمانەی کە لە رێژیمی شادا وەدەستیان کەوتبوو ئەویشیان لە دەستچوو، بە گەرانە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست و بە هێنانەگۆڕی یاسای کۆنەپەرستانە و دواکەوتوانە، ژنان وەك هاووڵاتی دەرجە دوو سەیر دەکا. بە بێبەشکردنی ژنان لە هەڵسوراندانی کاروباری وڵاتدا لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسی، کولتوریی و ئابووری دا، بە وەرگرتنەوەی هەر چەشنە ئازادیەك لە ژن، ئێرانی کردۆتە زندان بۆ ژنان تەنانەت لە هەڵبژاردنی جلوبەرگیش دا ئازاد نین.

بە شاردنەوە ژنان لە ژێر «مقنعه» و چارشێوی رەش دا، هەروەها زۆر دەست درێژی دیکە بۆ سەر مافی ژن لە ئێران دا ژیان و گوزەرانیان زۆر خراپە. تەنانەت بە پەرەپێدانی بازاری «صیغه» و هەوڵدان بۆ سەقامیگرکردنی ئەو چەشنە هاوبەشییە کاتییە لە ژیانی ژنو پیاودا. بەو مانایەیە کە ژن کراوەتە وەسیلەیەك، کە بێجگە لەوەی بکرێتە ئامرازی خۆش رابواردنی پیاوان و سووکایەتی بە کەسایەتی و حورمەتی بکرێ بایەخێکی دیکەی نابێ. ئەگەر چاو لە کارو کردەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران سەبارەت بە ژنان بکەین. بە سەدان نموونە هەیە کە لەو نیزامەدا ژنان مافیان پێشێل دەکرێ. بۆ نموونە وەك «لغو تنقیم خانواده» واتا لابردنی یاسای رێکخستنی بنەماڵە. ئەو بەو مانایە کە رێژیم ژن وەك کارگای دروستکردنی جووجکە چاو لێدەکا. کاربەدەستانی رێژیمی کۆماری ئیسلامیی لە سەر ئەو باوەڕەن کە بەشی ژن تەنیا زاوزێ و بەخێوکردنی منداڵ و نان شێو دروست کردن و کونجی ماڵەوەیە. لە روانگەی وان ژنان مافی ئەوەیان نییە لە کاری ئیداریی و بەڕێوەبەریی دا بەشدار بن.

هەڵاواردنی کچ و کور لە مەکتب و زانکۆکان دا ئەوەش جیاوازیی دانانە، لە نێوان ژن و پیاودا. تەنانەت بێبەشکردنی ژنان لە ٧٧ رشتەی، زانستیەکان بە کەم گرتنی ژنانی. ئەوە لە کاتێك دایە کە ژنان لە بواری زانستی هیچ جیاوازیان لەگەڵ پیاوان نییە. دامەزراندنی ژنان بە شێوەی نیوە کات، یانی کارێك کە پیاوێك لە رۆژێك دا دەیکا. هەر ئەو کارە دوو ژن لە رۆژێك دا بیکەن و معاشەکە بە نیوەی وەرگرن، ژنێك هەتا نیوەڕۆیە کار بکا و ژنەکەی دیکە دوای نیوەڕۆیە ماوەی کارەکە بکا. لە بەرانبەردا هەر یەکەی نیوەی حەق دەستەکە وەرگرن، یانی بە دوو ژنان بە ئەندازەی حەقدەستی پیاوێك وەرگرن. کە ئەوە راستەوخۆ لە سەر خانەنشینی و لە سەر رەوتی ژیانی ژنەکە کاریگەریی دەبێ. لە لایەکی دیکە، ژنان خوارەوەی تەمەن چڵ ساڵ بی ئاگاداریی باوك یا سەرپەرست ناتوانن پاسپورت وەرگرن. ئەو یاسایە ئەوەندە زاڵمانە بوو کە تەنانەت ژنانی ئوسولگەراش لە پارلمانی ئێران بە دژی ئەو بڕیارە هەڵویستیان گرت.

بەڵام لە کوردستان بەتایبەت لە گوندەکاندا، بە شاهیدی زۆر کۆمەڵناسی غەیرە کورد و لێکولەری سیاسی و مێژوونووس، ژنی کورد لەچاو ژنانی نەتەوەکانی دراوسێ وەك تورك، فارس و عەرەب بە درێژایی مێژوو ئازادتر بووە. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ وەزعی جوغرافیایی کوردستان، خەباتی دوور و درێژیی کورد و ژیانی کوچەری و گەرمێن و کویستان. چونکە جیا لە بەخێوکردنی منداڵ و کاری قورسی نێو ماڵ، لە ئاژەڵداری و کشت و کاڵ و بەرهەمهێنادا، کە بناخەی ئابووری کوردستانن، شان بە شانی پیاوی ماڵێ کار دەکا. بەشداریی ژنی کورد لە بەرهەمهێناندا بۆتە هۆی ئەوە کە وەك پێویست کەسایەتیی خۆی نیشان بدا. هەر بەو پێیەش مافی ئامادەبوونی لە کۆڕی هەرەوز و کۆڕ و کۆبوونەوە کۆمەڵایەتییەکاندا وەك بەشداری شایی و هەڵپەرکێ و کۆڕی شین و بۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا

هەیە.

ئەو داب و نەریتانە بە دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و دەست پێکردنی قۆناخی نوێ خەباتی رزگاریخوازانەی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان، سروشتێکی ئاگایانەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوریيان وەرگرتووە. چونکە حیزبی دێموکرات هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە، باوەڕی قوڵی بە ئازادی ژنی کورد و دیفاع لە مافی ژنان بۆ وەدیهێنانی مافە سروشتی و ئینسانییەکانی هەبووە. هەروەها باوەڕی قوڵی بە خەباتی ژنان بۆ گەیشتن بە کۆمەڵێکی بەختیار هەیە. کە لەوێ دا ژنان لە مافی سیاسی، فەرهەنگی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی بەرانبەر لەگەڵ پیاواندا، کەڵك وەرگرن.

لە٦٧ ساڵ لەوەی پێش، لە دەورانی کۆماری کوردستانەوە ژنان خاوەنی رێکخراوی تایبەت بەخۆیانن. کە بە رێنوێنی و پشتیوانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دایان مەزراندووە. ئەوە لێوەشاوەیی و توانای رێبەری کاریزماتێکی گەلی کورد، پێشەوا قازی محمد بوو کە بە هێنانی خێزان و کچەکانی خۆی بوو بە رەچەشکینی ئەو سەردەمی کۆمەڵگای کوردستان و لە شۆڕشی نوێی ئەو جارەمان دوای راپەرینی ١٣٥٧ کچان و ژنانی کورد بە باشی هاتنە ناو کۆڕیی خەبات و لە شاروشاخ و بەندیخانەدا رۆڵی بەرچاویان هەبووە. بە خۆشییەوە ئێستاش لە ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، لە ناوئۆرگانەکانی حیزب تەنانەت لە ئاستی رێبەری رێکخراوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستاندا، ژنان بەشداریی چالاکیان هەیە.

بەڵام ئەوەی گوتمان بەومانایە نییە کە ژنانی کورد بە ماف و ئازادییەکانیان گەیشتون و زوڵم و زۆریان لە سەر هەڵگیراوە. راستیەکەی ئەوەیە لەگەڵ هەموو هەوڵ و تەقەلای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و رێکخراوە کوردیەکانی دیکەی ئێران، بۆ بنبڕکردنی ئەو داب و نەریتە دزێوە کۆمەڵایەتیانە کە دەبنە هۆی پێشێلکردنی ماف و ئازادیەکانی ژنان، ئێستاش کە سەرەتای هەزارەی سێهەمە ژنانی کورد بە هەموو شێوەیەك دەچەوسێنەوە. بە حوکمی ئەوەی ژنن بە هەموو شێوەیەك تەحقیر دەکرێن. کۆمەڵێك داب و شوێنی دواکوتوانە وەك بەندو داو لە دەست قاچیان هاڵاوە. دەیارە بەشێکی ئەوانەش کەم کاریی ژنانی تێدایە چونکە بۆ وەدەستهێنانی مافە سروشتی ئینسانیەکان لەکۆمەڵگادا چالاك و یەکگرتوو نین. وەك پێویست لە مەیدان دا نینن زۆرجار بۆ خۆیان دەبنە هۆی پێکهێنانی کێشە بۆ خۆیان.

بە بڕوای من تەنیا چەکێکی کە ژنی کورد دەبێ بە دەسییەوە بگرێ چەکی لوژیك وعقلانییەت و دەیالۆگە. چەکی خۆپەروەردەکردن و خۆباسوادکردنە. هەر بۆیە دەبێ ژنانی کورد بە بەردەوامی خەریکی خۆپێگەیاندن و بردنەسەری پلەی زانست و زانیاری خۆیان بن. لە خوێندن و خوێندەواری دوانەکەون، چونکە مێژوو نیشانی داوە لەو کۆمەڵگایانەدا کە ژنان باسوادن، خویندەوارن، رێگای عیلم و سەقافەتییان گرتۆتە پێش کەمتر دەچەوسێنەوە و ناچنەوە ژێر باری زوڵم و زۆری. لەو کۆمەڵگایانەدا کە ژنان بێ سەوادن زۆرتر دەچەوسێنەوە مافیان پێشێل دەکرێ. هیوادارم ژنان بە بەردەوامی خەریکی پەروەردەی فیکریی خۆیان بن.

ژنان کە نیوەی کومەڵی ئینسانی پێك دێنن، لە سروشت و خولقاندا، لە باری توانایی روحی و مەعنەویەوە لە تالنت و ئیستعداد و بیرکردنەوەدا جیاوازی لەگەڵ پیاوان نیە. نە سروشت و نە یەزدان هیچ لایان جیاوازییان بۆ ژن و پیاو دانەناوە بەڵکوو بیروبۆچوونی پیاوسالاریی و داب و نەریتی کۆن و دواکەوتوانن کە دەبنە هۆی دروستکردنی جیاوازییەکان.

بەهیوای رۆژێك کە ژنان لە پێناوی خەبات بۆ وەدیهێنانی مافە سروشتی و ئینسانیەکانیان دا و لە پێناوی مافی بەرانبەر و یەکسان لەگەڵ پیاوان دا سەرکەوتوو بن و ستەمی ئینسان بە دەستی ئینسان بنبڕ بکرێ.

سەرچاوەکان:

١. WWW.F.P.com
٢. WWW.time.com
٣. رۆژنامەی کوردستان ١٢٤ و ١١٢
٤. حسین بشریە جامعە مەدەنی و توسعە سیاسی

ئا: شیمەلا ئەحمەد ئەریفی

ژیاننامەی حەلیمە عەلیزادە

پ/ خاتوو حەلیمە لە کوێ و لە چ ساڵێك لە دایك بووی؟ لە ساڵی ١٣٥٢ لە سەرشاخان، لە ناوچەی نەغەدە لە ئاوایی بازارگە لە دایك بووم.

پ/ چۆن لەگەڵ مێردەکەت ئاشنا بووی و چەند ساڵە مێردت کردووە؟ مێردەکەم پێشمەرگە بوو، پێشمەرگەش زیاتر لە ناوچەی سەرشاخان دەمانەوە بەڵام وەکوو ئاشنایەتی بنەماڵەییمان هەبووە، ئاشنابوونی من و سەیدعەزیز لە کاتی پێشمەرگایەتیدا بووە، ئەو پێشمەرگە بوو و هاتووچۆی ماڵەکانی ئێمەی دەکرد، مەقەڕیان لە دێیەکەی ئێمە بوو، لەو کاتەوە ئاشنایەتیم بە سەیدعەزیز پەیدا بوو و لە ساڵی ١٣٦٤ ژیانی هاوبەشمان پێك هێنا.

پ/ چەند ساڵە ئەندامی حیزبی؟ لە ساڵی ٦٤ەوە من لەگەڵ حیزبم و وەکوو خۆم پێشمەرگە نەبووم کە چەکم لە شان بێ، بەڵام لە ساڵی ٦٤ەوە لە نێو حیزبی دێموکراتم، بە ڕەسمی ئەندامبوونی حیزبیم چاك لە بیر نەماوە بەڵام لە قەندیل بوومە ئەندامی حیزب و هەر ئەو کاتەش بوومە ئەندامی یەکیەتی ژنان، باجی سەکینەش سکرتێری یەکیەتی ژنان بوو.

پ/ بنەماڵەکەت لەگەڵ ئیزدواجەکەت موافق بوون؟ بنەماڵەکەم رازی نەبوون، بەو هۆیەش رازی نەبوون دەیانگوت ئەو پێشمەرگەیە تۆ سبەینێ نازانی چارەنووسی ئەو ئینسانەی بە کوێ دەگات و چیت بە سەر دێ، ئەوان زیاتر بواری عاتیفیەکەیان لێك دەدا و دەیانگوت تۆ نازانی ئایا سبەینێ ئەو کابرایە لە ئێران دەمێنێتەوە یا دەچێ توشی هەندەران دەبێ، ئەوە بوو کە سەرەڕای دژایەتی بنەماڵەکەم خۆم ئەم ژیانەم هەڵبژارد.

پ/ چەند منداڵت هەیە؟ چوار منداڵ، کوڕێك و سێ کچم هەیە بە نێوەکانی ژیاوە، ژیما، ژیلا و ژاڵە هەر چواریان لە لای خۆمن.

پ/ ئایا دەتوانی لە بواری ژیان و بەسەرهاتی خۆت، بۆ خوێنەرانی گۆڤاری ژنان باس بکەی؟ لە هاوینی ٦٤ مێردم کردووە، ئەو ساڵەی کە من مێردم کرد حیزب لە زستانەکەیدا هات بۆ عێراق، من لە ئێران بە شێوەیەکی نەهێنی مامەوە، دیارە نەمدەوێرا بە ئازادی بمێنمەوە، زۆر جار ماڵە خەزورم جێ گۆرکەیان پێ دەکردم بۆ ئەوەی کە نەکەومە دەستی دوژمن و پێم نەزانن، هەموو ماڵە خزمەکان چوومە، دوای ئەوەی سەیدعەزیز هاتە عێراق تەقریبەن سێ یا چوار مانگ لە ئێران مامەوە، دوایی لە لایەن خزمێکی کاك مەلا حەسەنی شیوەسەڵی (سڵاوم بۆی هەیە) سەیدعەزیز بە دوایدا ناردم بێم بۆ عێراق، یەکەم جار لە بازاڕی پوشکاوی لە سۆنێ سەیدعەزیزم دیت، سەیدعەزیز لەگەڵ هاورێیەکی بە ناوی ئەبوبەکر ـ کە دوایی شەهید بوو ـ لەوێ چاوەڕێم بوون، هاتین بۆ ڕەزگە و مارەدۆیان، ماڵمان لە مارەدۆی دانا سێ چوار مانگ لەوێ بوین لەویش زۆر جاران حکومەتی عێراق تۆپبارانی دەکردین، هەموو ڕۆژێ بێ وچان، دوایی کە هەر کۆڵی نەدا بیست و چوار سەعاتی بۆ دیاری کردین کە مارەدۆیی چۆڵ کەین، ماڵمان بار کرد هاتین بۆ ئاشقوڵکەی. تۆپبارانەکە لە بەر پێشمەرگەکانی یەکیەتیی نیشتمانی بوو بەڵام ئێمەیشی دەگرتەوە، زۆر جار کە بەوێدا دەڕۆیشتن لە شارەکان چالاکیان دەکرد دەگەڕانەوە بۆ نێو مەقەڕەکانی ئێمە لە بەر هاتووچۆی ئەوان تۆپبارانی ئێمەیشی دەکرد. بە داخەوە چوار شەهیدیشمان دا، عومەر قەیتەران، حەمزە کانی، عەبدوڵڵا لاچینی، ڕەحمان خەڵکی بۆکان بوو. هاتینە ئاشقوڵکەیش، کە هاتین هیچ ماڵێکی وامان نەبوو تەنیا چوار قاپمان هەبوو هەموویان فافۆن بوون، لەگەڵ چوار کەوچك، هی خۆشمان نەبوو، هی کومیتەی نەغەدە بوو، ئەو کات سەیدعەزیز لە کۆمیتە شارستانی نەغەدە بوو پێمان درابوو سێ پەتۆشمان هەبوو یەکێکیان هی هاوسەنگەرێکی بوو بە ناوی ئەبوبەکری ئیسماعیلی، سەیدعەزیز کیسە خەوەکەی خۆی دابوو بەو ئەویش پەتووەکەی خۆی دابوو بە ئێمە، دوو قابلەمەشمان هەبوو.

هەموو ساڵێ بەهاران حیزب دەچووە بۆ نێوخۆی وڵات و پاییزان دەگەڕاوە عێراق. سەیدعەزیز ئەسپێکی هێنابوو ڕای گرتبوو بۆ ئەوەی بەهارێ پێی بچێتەوە مەنتیقە، ئەوکات کە هاتین بۆ ئاشقوڵکەی ئەسپەکەی جل کردبوو تەلیسمان چاك کردبوو بۆ ئەوەی وەسایلی ماڵەکەمانی پێ بگوازینەوە، سەرجەم ماڵەکەمان

٢ تەلیس بوو بە سەر ولاخەکەمان هاویشت و من سواری بووم و سەیدعەزیز چەك و رەختی بەست لەگەڵ پێشمەرگەکان هاتین بۆ ئاشقولکەی، لەوێ هاتینە کۆمیتە شارستانی پیرانشار هێزی ئاوارە سەیدعەزیز رۆیشتە نێو مەقەر لەگەڵ پێشمەرگەکان، ئێمەش لەگەڵ چەند کچێك کە پێشمەرگە بوون لەوێ و ماڵێکی دیکەمان لەگەڵ بوو بە ناوی خەجیج و مێردەکەی رەحمان یوسفی ئەوانیش خەڵکی دێی سەید عەزیزی بوون دیارە بنەماڵەکان زۆر بوون.

بەڵام ئێمە چونکە ئەومان دەناسی چوین لەگەڵ ئەو کچانە جێگا نەبوو مەسەلەن بڵێی خانوو یا شوێنێك بتوانی ژیانی تێدا بکەی، دوایی سەید عەزیز بە چەند جار داواکاری بنەماڵەیەکی عێراقی خانوویەکیان داینێ سواغ و شت نەکرابوو، بە وشکەبەرد هەڵچنرابوو نایلۆنمان لە بەری سەقفی دا، لە کەفەکەشییەوە تا سەقفی نایلۆنمان پیدادا ئەگەر با دەهات دەبوو بە شەق و هۆڕێ کەس لە قسەی کەس حاڵی نەدەبوو، لەگەڵ ئەوەش کە ئەو ماڵەیان دا بووینێ، زۆر مەمنون بوین. دیوەکە ٣ بە ٤ دەبوو، بە ناچار ئەو کاك رەحمان کە ئێستا خۆی تەحویل داوەتەوە ئەویش جێگای نەبوو مەجبور وتمان قەیدی ناکا تۆش وەرە لەگەڵ ئێمە ژیان بکە کورەیەکی دارمان هەبوو لە نێوەراستی ژورەکەمان دانابوو شەوانە بۆ نووستن پەردەیەکمان لە بەنیا دەکێشا دوو سێ مانگیش بەو شێوەیە ژیاین. ژیانی قەندیلیش وەکوو ئێرە نەبوو زۆر سەخت بوو، بەفری زۆری هەبوو سەرما و زوخمی زۆر بوو، بەهارەکەی پێشمەرگەکان رۆیشتنەوە بۆ نێوخۆی وڵات ئەوکاتیش وا بوو کە ژنە پێشمەرگەکانیان دەناردەوە، بەهاران ژنەکانیان دەناردەوە بۆ ئێران و پێشمەرگەکانیش بۆ خۆیان دەرۆیشتنەوە، پاییزیش ئەگەر بۆ خۆیان دەهاتنەوە بۆ بنکەکانی حیزبی، جا لە دوای ئێمەیان دەنارد ئێمەش دەهاتینەوە بۆ لایان بەهاری ٦٥ رۆیشتینەوە پاییزی ٦٥ هاتینەوە عێراق لە سینەمۆکێ لەوێش تا بەهار ماینەوە. بەهار دووبارە ئەوان دەچوونەوە مەنتیقە منیش رۆیشتمەوە بۆ ئێران نەمتوانی لە ماڵە خەزورم بژیم، هەر لەو ماڵە خزمە بۆ ئەو ماڵ، بۆ ئەوەی دەوڵەت پێم نەزانی لە زۆر شوێنان بوومە و لە زۆر دێهاتان ژیاوم، ژیانم زۆر سەخت بوو، بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو سەختییە من ئیفتیخارم پێوە کردووە کە ژنە پێشمەرگەم وو ئەو ژیانەم هەڵبژاردووە، هەر چەند نەماندەتوانی وەکوو خەڵکی ئاسایی بژین و دەبا هەر مانگە یا هەر ساڵە لە شوێنێك باین، ماڵە خەزوریشم کە بە منەوە گرفتار ببون ئەوانیش کوڕەکەیان پێشمەرگە بوو و ئەوەش لە بەر ئەوەی من نەگیرێم جێگا گوێزینەوەیان دەکرد. من زۆر لە ماڵە خزمەکان ژیاوم سپاسی هەر هەموویان دەکەم کە زەحمەتیان لەگەڵم کێشاوە پاییزی ٦٦ کە دەهاتمەوە عێراق لە باغێکی لە شارۆڕان کە ماڵی پوری سەیدعەزیز لەوێ بوو دەژیام. سێ مانگ لەوێ بووم سەیدعەزیز لە دوای منی نارد کە بێم بۆ عێراق. لە ماوەی ئەو فاسڵەی کە لە دوای ناردم نەمتوانی وەختی خۆم بێم ئەویش وەختی خۆی نەگەیبوو بچێتەوە عێراق لە کانی باغ تووشی شەر هاتبوون، پێشمەرگەکان پایەگایان گرت، لە هێزی قەندیل بوو ئەوکات، سەیدعەزیز لەو پایەگایە بریندار بوو برینەکەی زۆر سەخت بوو. ماڵە بابم کە بە مۆخالفەتی ئەوان مێردم کردبوو نەیان دەدواندم خەزورم وتی ماوەیەك لە ماڵە بابت بمێنەوە با ئاشتان بێتەوە دوایی دەتنێرمەوە و بەڕێت دەکەم بۆ لای سەیدعەزیز، منیش وتم باشە زۆریشم پێ خۆش بوو کە ماڵە بابم بمدوێننەوە و هاموشۆی ئەوانیش بکەم، وا بوو خەزورم چوو و هاتەوە زۆر نارەحەت بوو، منیش لە فیکری ئەوەی بووم خۆم ساز بکەم و بێین بۆ لای سەیدعەزیز کە هاتەوە دڵم وەخرپە کەوت، وەکوو خەبەری ناخۆشم پێ بدەن، دەمزانی شتێك بووە، وتم تۆ خوا ئامۆژن پێی بڵێ بۆ وا نارەحەتە خۆ لە ماڵە بابم

هیچ نەبووە وتی نەواڵا زۆر باشن بەڵام بۆ خۆم نارەحەتم، پەرۆشی حەلیمەمە کە سبەیْنی بەجێمان دێڵی دەرواتەوە بۆ عێراق، وتم مامە پێم بڵێ شتێك بوو بەڵام لە منی دەشاریتەوە؟ هەر پێ نەگوتین هەر وتی خۆتان ساز کەن بەیانی زوو بڕۆن، وا بوو ئێمە خۆمان ساز دەکرد کە ئێوارە پێش لەوەی مەلا بانگ بدا لە مەهاباد بووین لە ماڵە خەزورم دوو پیاو هاتنە ماڵی ئێمە، کە هاتن رۆیشتنە ژورێ دانیشتن، گوێم لێ بوو کە خەزورم زۆر نارەحەت بوو، گوێم بە پەنجەرەکەیەوە نا بزانم ئەو دوو پیاوە چی دەڵێن، گوێم لێ بوو وتی کاك سەید، سەیدعەزیز بریندارە، ماوە و برینەکەی سەختە، بەڵام جێی مەترسی نییە، لەگەڵ هاوسەنگەرێکی بە ناوی مستەفا مەناف بریندار بوو کە ئێستا بە خۆشیەوە ماوە و هاتونە ماڵی ئێمە بۆ دارەمەیت (برانکارد) لە سەری ببەستن بیبەنە عێراق، رۆیشتم وتم ئامۆژن سەیدعەزیز بریندارە لە ماڵێدا بوو بە شین و گریان، خەزورم وتی بۆیە لێم شاردنەوە هەر لە بەر ئەو گریانەتان دوژمنمان وەسەر دەگەڕێ، با دوژمنمان پێ خۆش نەبێ هەم خەڵکی دیکەش هەست نەکا سەیدعەزیز شتێکی لێ هاتووە. بەیانیەکەی هاتین بۆ عێراق هاتینە قەڵادزێ. هەر کە گەیشتین تازە سەید عەزیزیان بەڕێ کرد بوو بۆ سلێمانی، چوینە سلێمانی زۆر بە سەختی توانیمان بڕۆین، ئەوکاتە حکومەت بە پێی چەند نێو کە لە حیزبیان وەردەگرت حەقی هاتووچۆمان بوو، ئەگەر هاتین مەقەڕی سلێمانی وتیان دەمێکە بەرێیان کردووە بۆ نەخۆشخانەی ٢٥ی گەلاوێژ لە لای دەشتێ، خەسوشم لەگەڵ بوو گەیشتینە نەخۆشخانەی٢٥ی گەلاوێژ سەعات ٤ی ئێوارە بوو، وتیان ئەوە لە دیوی عەمەلە، عەمەل دەکرێ هەر چاوەرێ بوین دوایی کە هاتەدەرەوە نەیان دەهێشت بیبینین تا ئەوی کە وەهۆش هاتەوە، یەکێك لە هاوسەنگەرەکانی پێی وتبوو دایکت و خێزانەکەت هاتوون، سەیدعەزیزیش ژنێکی دیکەی هێناوە لە ژنەکەی منداڵێکی هەیە وتبویان ئەوە منداڵەکەشت هاتووە، هاتن نێویان پرسی وتیان نێوتان چییە پێمان وتوە باوڕی پێ نەکردین چاك چاك بە هۆش نەهاتبووە و ئەوان نێومانیان پرسی بۆ ئەوەی بە سەیدعەزیز بڵێن باوەر بکا، دوایی چوین سەیدعەزیز بە خۆشیەوە باش بوو حەفتەیەك لەوێ بووین دوایی خەسووم چووەوە بۆ ئێران، ئەمنیش لەوێ مامەوە لە ماڵێك بووم بە ناوی عومەر کەریمی، سپاسیان دەکەم ئەگەرچی دوای کۆنگرەی ٨ لەگەڵ ئەوانەی ئینشعابیان کرد رۆیشتن، بەڵام زۆریان هاوکاری کردم. ماوەی ٢٠ رۆژ لە ماڵ ئەوان بووم دوایی مەقەریان بۆ هێزی قەندیل چاك کردبوو لە تەنیشت مەقەرەکان ماڵێکیان بۆ ئێمەیش دروست کرد بوو من هاتمەوە بۆ ماڵەکە، سەیدعەزیز مامێکی قاچاغ ببوو بە نێوی سەید عەبدوڵڵا کە دوایی شەهید بوو مام عەبدوڵڵا تەقریبەن هەر لە ماڵ ئێمە دەژیا. تا نزیکەی یەك ساڵ من سەیدعەزیزم نەدی دوایی ئەوەی من لە نەخۆشخانە دیتم سەید عەزیزیان بەڕێ کرد بۆ کەرکوك ئەوکاتیش شەڕی ئێران و عێراقیش بوو بریندار یەکجار یەکجار زۆر بوو هەر

چەند هاوارم کرد نەیانهێشت لەگەڵی بچم زۆرم پێ سەخت بوو بە دڵێکی غەمگینەوە هاتمەوە بۆ ماڵەکەی خۆم ٩ مانگ بە تەنیا ژیام منداڵیشم نەبوو لەو دەمەوە نەچوومەتەوە بۆ ئێران دوایی کە سەیدعەزیز هاتەوە ٢ ساڵ زیاتر لە سەر پشت لە جێگا کەوت رانی شکابوو برینەکەی زۆر سەخت بوو. لەوێش شەڕی یەکیەتیی نیشتمانی و سەدام دەستی پێکرد لە قەندیل شەڕێکی زۆر قورس بوو هەمیشە و دایم حیزبی دێموکرات هاوکاری یەکیەتی نیشتمانی یان کوردەکانی عێراقی کردووە.

لەوێش حیزب زۆری هاوکاری کردن پێشمەرگەکانیان کە دەچونە شەڕ و دەگەڕانەوە زۆریان دەهاتنە مەقەرەکانی حیزب حیزب کۆمەکی زۆری وەکوو خواردەمەنی، لیباس و جێگاوشت پێیان دەدا لەوێش کە تۆپباران زۆر سەخت بوو برینداریمان زۆر بوو و ژنێکیش بە نێوی خۆشکە مریەم خێزانی محمدئەمین بایزیدی شەهید بوو کە دوایش خۆیشی شەهید بوو شەڕەکە زۆر قورس بوو سەدام بە هەموو چەکێکی قورس لە پێشمەرگەکانی یەکیەتیی دەدا ئێوارەیەك تۆپبارانی کردین ئەو مریەم لە بەردەرکی خۆیان دانیشتبوو حامیلەش بوو کە شەهید بوو و دوو سێ کەسی دیکە برینداربوون مێردەکەشی لە مەنتیقەی بوو منداڵێکی لە دوا بە جێ ما بە ناوی هەڵاڵە ، لە دوای هاتووچۆی زۆر و مزاکرە حکومەتی سەدام مۆڵەتی ٢٤ سەعاتی داین کە حیزبی دێموکرات ئەوێ چۆڵ بکا من تەنیا خۆم بووم منداڵم نەبوو جا بۆ باجە سانیەش منداڵێکم هەڵگرتبوو بۆ خۆشم چەك و رەختێکم هەڵگرتبوو ماڵەکەمان پێچاوە و تەحویلی حیزبمان داوە خۆمان وەرێ کەوتین وتیان ٢٤ سەعاتەکە نەرۆن تەختان دەکەین هاتینە لێوژێ ماوەیەکی زۆر هەر موەقەت تیکەڵاو وەکوو سەحرایی مانیەوە جێگا و رێگامان نەبوو هەر کەسێ بۆ خۆی جێگایەکی را دەخست یا شتێك هەبا دەمان خوارد دوایی حیزب خێوەتی بە سەر ماڵەکاندا تەقسیم کرد تەقریبەن میترو نیوێك دیوار بوو خێوەتمان بە سەردادەدا بە سەر ئەوەشدا نایلونمان بە سەر دادەدا لە بەر باران و بەفر، ٣ ساڵ لەوێ بوین سەیدعەزیز لە هێزی قەندیل بوو ئەو جارەکانە لە سەر داوای کاك عەبدوڵڵای شەریفی هاتینە هێزی پێشەوا چوینە ئەستێرۆکان لە بۆڵێ کە دەفتەری سیاسی لە بۆڵێ بوو بەڵام ئەستێرۆکان ئەو جێگایە بوو کە هێزی پێشەوای لێ بوو چوار ماڵ بووین ئەوکات کە برادەران لە کۆنگرەی ٨ جیا بوونەوە چوار ماڵ مابوینەوە ئێمە و ماڵ عومەر باڵەکی و ماڵە سوفی و ماڵی هیلال هەموو ساڵێ کە پیاوەکان دەچوونەوە مەنتیقەی ئێمە لەوێ دەژیاین بڵێم وەکوو ژیان ژیان نەبوو بەڵام پێی قانع بوین بە دەلیلی ئەوەی کە پێمان وا بوو رێگایەکمان گرتوەتەبەر کە ئەو رێگایە هی ئەوەی نییە پەشیمان بین یا پێمان ناخۆش بێت ئێستاش دەڵێم کە ئیفتخارمان پێ دەکرد تا ٧٢ کە لە سینەموکەی بۆین و دوایی هاتینە کۆیە.

کورەکەم لە بۆڵی کە لە هێزی پێشەوا بووین لە دایك بووە لە نەخۆشخانەی ئازادی کچەکانیشم یەکیان لە جێژنیکان و دوو کچەکەی دیکەشم لە کۆیە لە دایك بوونە.

پ: خۆشترین و تاڵترین بیرەوەریت چییە؟ بەداخەوە بیرەوەری تاڵەکان زیاترن تا خۆشەکان، هەموو رۆژێکمان بیرەوەری تاڵ بوو بە دەلیلی ئەوەی پێشمەرگەکان دەچوونەوە مەنتیقە و چەند ژنێك دەماینەوە، بۆ نموونە کومیتە شارستانی مەهاباد چەند ژنێك دەماینەوە و کەسمان لەکن نەدەبوو، زەمانی حکومەتیش بوو، مامە قالەیێك هەبوو پێم وابێ ئێستا خۆی تەحویل داوەتەوە، دیارە زۆریش پیر بوو وەك ئەمانەتدار ئەومان لەکن دەماوە دەوروبەریشمان عەسکەری لێ بوو، ئەو ژنانە جاری وا بوو دوو ژن یا سێ ژن لە ماڵێکمان دەخەوتین بۆ ئەوەی نەترسین و یا خۆف نەکەین ئەو کات قەندیلیش وەکوو ئێرە نەبوو هەموو دار و دارستان و چڕ و پڕ بوو، زۆر ناخۆش بوو بەتایبەت بەهاران کە پیاوەکان دەڕۆیشتنەوە، هەموو کات ترسمان هەبوو کە ئێستا خەبەری ناخۆشمان پێ بدەن.

ئێمە لەو رۆژانەدا لە بیری پارە و مادیات نەبوین، لەگەڵ ژنەکانی دیکە وەکوو خوشك لەو ماوەی کە پیاوەکان لە مەنتەقە بوون پێکەوە دەژیاین، تەنیا شتێك کە بۆمان گرینگ بوو حیزب و سڵامەتی مێردەکانمان بوو.

پ: تاڵترین و خۆشترین بیرەوەریت چییە؟ ئێوارەیك کە وەکوو زۆربەی رۆژانی دیکە گوێمان لە رادیۆ گرتبوو کە بە بیستنی راگەیندراوی دەفتەری سیاسی ئاگاداری شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو بوین سەیری یەکترمان دەکرد و باوەڕمان نەدەکرد چاومان پڕ لە فرمێسك بوو و دەستمان کرد بەگریان.

بۆ یادەوەری شیرینیش ئەو رۆژانەی کە پێشمەرگەکان لە عەمەلیاتدا بە بێ ئەوەی کەسیان لێ شەهید بوایە دەهاتنەوە، پێمان زۆر خۆش بوو و هەروەها ئەو رۆژەی کە ماڵی بابم و خوشك و براکانم هاتن بۆ لام.

پ: چۆن خەباتی خۆت بۆ منداڵەکانت شی دەکەیەوە؟ لە بارەی گوزشتەی خۆم بۆیان باس دەکەم و پێیان دەڵێم نابێ خۆتان لەگەڵ کەسانی دیکە لە باری مادیات موقایسە بکەن ئەگەر توانای زیادتان نەبوو دەبێ قەناعەتتان هەبێ.

پ: پەیامت بۆ ژنانی ئێران چییە؟ ژنان تا دەتوانن لە حەقی خۆیان دیفاع بکەن و پشتیوانی خۆیان لە یەکیەتی ژنان دەر ببڕن کە ئەمڕۆکانە وەکوو چرایەکی گەشە و هیوادارم بۆ داهاتوو روونناك بمێنێتەوە.

پ: چەندت دەرس خوێندوە؟ پێنجی سەرەتایی لە نێو حیزب خوێندوومە.

پ: گەورەترین ئاواتت چییە؟ سەرکەوتنی حیزبی دێموکرات و بە سەربەرزی لە خاکی خۆمان وەکوو هەموو میللەتانی جیهان بژین.

بە بۆنەی ٨ی مارس:

یادێک لە سورەییا سراجەدینی نەقشبەندی

ئەو کاتەی وا لە سەر شابالی مەلی یادت بیر لە بڕوای بەرزی کوردانەت دەکەمەوە، ئەگەمە بەردەم گۆڕستانی «فیرفاکسی و یر جینیات» لە بەردەم گۆڕەکەتدا ئەو شێعرەی دوکتور عابدی باوکت کە لە سەر کێلی قەبرەکەت نەقشی بەستوە لێم «نەبێتە سیروانەکەی خۆر و خرۆشان و دەنگە نەرم و نیانەکەت دێتەوە گوێم».

«سەرم پڕ بوو لە سەودا داخەکەم هیچم نەهێنا دی بەلامۆ پڕ بەهاتر بوو لە گشتی گەنجی ئازادی»

جا تەنیایی و خەم بێڕحمانە لە دەشتی ئێش و ئازار و زامی کۆنە و نۆیی ئافرەتانی کورد لێیم ئەبێتە شەوە زەنگ و دونیام تاریکایی دای دەگرێ. دارو پر دووی ژین وەها سامناك و ترسێنەرە کە تروسکایی هیوای تێدا بەدی ناکەم هەتا چاو بڕشتی هەیە سارای مەرگی پنجەی ئەجل.

لە تاو مەرگت دڵ و دینم لە دەس چوو تەماشا کە ئەجەل چەندە بەقینە

سورەییای کوردپەروەر ساڵی ١٩٦٠ لە داوێنی خێزانێکی تێر و تەسەل لە ئیژگەی فەرهەنگی کوردی و فارسی و ئاشنا بە رۆحی عیرفان و تەسەوف هاتە دونیا. تەمەنی منداڵی تیژتر لە خەیاڵ تێپەری. سورەییا گەیشتە تەمەنی لاوی... هەر ئەوکات و لە سەرەتاوە ئاشکرا بوو کە زیرەکی و هۆشیاری و بێداری پێوە دیار بوو. تا رادەیەکی وا کە مەقۆ مەقۆی خستنە نێو (دەبیرستانی خوارەزمی) و هەر لەو سەردەمەدا هەڵسەنگاندنی شێعری کوردی و فارسی خستە ژێر تیشکی چاوی وردبینی کۆمەڵێك خاوەن بیری زانستگا. بێگومان بیری نەتەوەیی کە لە بنەڕەتەدا فیکری بەرزی سورەییای گەنج بۆ سەرچاوەکەی ئەگەڕایەوە و بۆ دوکتور عابدی بابی کە شاعیر و نووسەر و روناکبیرێکی بە توانا بوو. هەروەها لە هەرەتی گەنجیدا وەك پێشمەرگەیەکی مێرمنداڵ کۆماری جوانەمەرگی کوردستانی دیبووەوە و پێشەوا دەستی نەوازشی بە سەریا کێشابوو کە خۆشەویستی ئەو رووداوە مەزنە هەر کات لە زەین و مێشکی دا مابوو.

دایکی سورەییا زەینەب خانم وەکوو ژنێکی خوێندەوار شەیدای سۆزی شێعری سۆفیانەی مەولەوی و نەحوی بوو کە بێگۆمان فەرهەنگ دۆستی بنەماڵەی نەقشبەندی و ئاشنایی بە بۆنە نەتەوەییەکان کاریگاریان لە سەر بیر و هۆشی دا نابوو هەروەها ژیان لە داوێنی چیا و سروشتی سەربەرزی هەورامان ئەبنە یەکەم قوتابخانەی بیری سورەییا و پەروەردەکەری ئەندێشەی میللی ئەو ژنە تێکۆشەرە کە هەموو ژیانی بۆ کورد و کوردستان ژیا.

لە سەرەتای راپەڕینی گەلانی ئێران، سورەییای تێکۆشەری تەمەن ١٧ ساڵە ماندوونەناس بۆ خزمەت بە کورد و ناساندنی کورد وەك پەپولەی بێ ترس لە سوتان هەڵوەدای رێبازی پڕ لە سەروەری پێشەوا هەڵدەسووڕا. بەڵام هەی هات تەمەنی شور و شەوق و عیشق کورت بوو کە زۆر زوو ئاڵۆزی بیر و بۆچوون باڵی بە سەر راپەڕینی ئێران کێشا و ئەویش قەترەیەك بوو لە رووباری ئازادیخوازان کە شاریان بە جێهێشت و لە چیا گیرسانەوە و پەنایان گرت.

ساڵی ١٩٨٠ سورەییا لەگەڵ بنەماڵەکەی رووبیان لە عێراق کرد. نائارامی و سەرسامی و باڵ بەسراوی

بیر و بۆچوون ماوەی دوو ساڵ بەشی سوڕەییای ماندویی نەناس بوو. ناوبراو ساڵی ١٩٨٢ عێراقی بە جێهێشت و گەیشتە ئەمریکا، پاشان لە زانکۆی (ئەیالەتی سانفرانسیسکۆ، وەرگیرا و دەستی بە خوێندن کرد. ئەو جار رووی کردە زانکۆی (بوستۆن) و هەر لەو زانکۆیە ساڵی ١٩٨٧ لینسانسی ئەندازیاری بەرقی وەرگرت. سوڕەییا وەك خۆی ئەیووت ئیشوو کار و تێکۆشانی بۆ ژیان وەڵامدەرەوەی خواستی رۆحی ئەو نیە و نەبووە.

ساڵی ١٩٩١ بۆتە ئەندامی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە ئامریکا

Kurdish national congress of north america KNC

وەك جێگری سەرۆکی ئەم رێکخراوە دەسی بە کار و تێکۆشان کرد. وزە و شەوقی خزمەتکردنێکی بێ پاداش و خۆبەخش لە هەنگاو بە هەنگاویدا بەدی دەکرا.

ساڵی ٢٠٠٤ بۆ ئەوەی پتر لەگەڵ دونیای سیاسەت نزیك بێ لە کالیفۆرنیا کۆچی کرد بۆ میریلند و لە نزیکی واشنگتۆن گیرسایەوە و ئیدی کار و چالاکی دیارتر و بەرچاوتر بوو.

لە نوامبری ٢٠٠٥ دا بۆ باشوری کوردستان سەفەری کرد و لە کۆنفرانسێکدا لە ژێر ناوی سەر بەخۆیی بۆ کوردستان بەشداری کرد لە ئاکامدا کۆمەڵێك بیروبۆچوونی نوێی خستەبەر دەستی بەرپرسانی حکومەتی هەرێم لە هەموو دانیشتنەکاندا رێژێکی تایبەتی لێ ئەگیرا.

پاش گەڕانەوە لەم کۆنفرانسە لە مارسی ٢٠٠٥ خۆی و مێردەکەی واتە تام وەر پلوئیگ

Tom ver ploeg

کە سەرۆکی(ك ن سی) بوو زۆرترین کاتی خۆیان تەرخان کرد بۆ کارکردن لەو رێکخراوەدا.

بۆ ناساندنی دۆزی کورد وریا بوو، شارەزایی کولۆڵی و بەشمەینەتی گەلەکەی بوو. هەتا بیر هەتەری ئەکرد وردبین و دوربین بوو.

لە ژانویەی ٢٠٠٦ بیری کۆبوونەوەیەکی گشتی بۆ (ئۆپۆزسیۆنی) ئێرانی بە مێشکی دا هات.

بۆ ئەو مەبەستە وەها چالاکانە چووە پێشەوە کە کاربەدەستانی ئەمریکایی سەریان سوڕما. (سوڕەییای سراج الدینی) ئەو بەربەستەی شکاند و توانی کۆمەڵێك گەورە بەرپرسی پارتە سیاسییەکانی ئێران بە کورد و بەلوچ و ئازەری و عەرەب و فارس لە دەوری یەکتر کۆ بکاتەوە و پاشان لە بینای سەنای ئەمریکا بە دەنگی بەرز بڵێ! ئەمە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و فەرموون گەڵاڵەی داهاتووی ئێران تاووتوێ بکەن.

سەرکەوتنی سوڕەییا لەم پرۆژەیەدا بێ وێنە بوو بە چەشنێك کە هەمووانی تووشی سەرسامی کرد بوو.

هەر لە دوای ئەم کۆنفرانسە کۆبوونەوەیەکی چڕو پڕی بۆ کوردی سوریە لە چوارچێوەی مافەکانی مرۆڤدا پێك هێنا.

بەداخێکی گرانەوە لە جولای ٢٠٠٦دا لە ویلایەتی میریلاند بە هۆی نەخۆشی تەنگە نەفەسییەوە لە تەمەنی ٤٦ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. هەنسکو قوڵپی گریان بوو بە بەشی خزم و کەس و کارو دوستانی و پاشان لە گۆڕستانی شاری فیرفاکسی ڤەرجینیا تەرمەکەی بە شکۆیەکی بێ وێنەوە ئەسپەردە کرا.

رۆژنامەکان نووسیان تەعزیەیەکی بێ وێنە کە هەژار و دەوڵەمەن، سیاسی و کۆمەڵایەتی و شێعە و سوننی و هەموو چین و توێژێکی کورد، ئێرانی و ئەمریکایی لە دەوری یەکتر خڕ کردەوە. ئەو بەشداریە فراوانە هەمە لایەنە، نیشانەی کەسایەتی سوڕەییای سراجەدینی بوو. بەداخەوە هەنووکە جێگای لە نێو تێکۆشەرانی مافی ئافرەتان بەتاڵ و خاڵییە.

خانمی تێکۆشەری کوردپەرەست سوڕەییای سراجەدینی، هەمیشە لە نێو دڵی جگەرگۆشەکانی ئەوین و داریان و مێردە وەفادارەکەی تام و سەرجەم دۆست و هەڤاڵانیدا هەیە و دەمێنێ.

٨ی مارسی ٢٠١٣-٠٣-٢٥

بانگەوازی جێژف

بەڵگەی پابەندبوون بۆ قەدەغەکردنی توندوتیژیی سێکسی لە باردوخی لە سەر بنەمای جۆری

ئێمە، (ناوی ئەو لایەنەی ئیمزای کردووە)، لە ڕێی نوێنەر (ان) ی تەواو ڕێپێدراومانەوە:

بەتەنگەوەین سەبارەت بە ئەو کاریگەرییە درێژخایەنە جەستەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتییەی کە توندوتێژی سێکسیی هەیەتی لە سەر قوربانییەکان و خێزانەکانیان و کۆمەڵگەکان بە تایبەتی لە بارودۆخی ناکۆکیی چەکداریدا، هەروەها ئەو مەترسییەی کە دەیخاتە پێش ئاسایشی مرۆیی و ئاشتی پارێزی، جەخت دەکەینەوە لە سەر بڕیارمان بۆ ئەوەی هاوولاتییانی سڤیل و کەسانی تر کە بەشدار نین لە دوژمنکاریدا لە کاریگەری یان مەترسییەکانی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان بپارێزین و ڕێز لە مافە بنەڕەتییەکانیان بگرین.

پابەندبوونمان دووپاتدەکەینەوە کە بە شێوەیەکی مرۆڤپەروەرانە و بە بێ هیچ جیاوازییەك مامەڵەی گشت ئەو کەسانە بکەین کە بەشداریی کارایان نییە لە کارە دوژمنکارییەکاندا.

ئارگادارین لەوی کە ژنان و پیاوان و کچان و کوڕان دەشێت ببنە پێشێلکار و هەروەها دەشێت بشبن بە قوربانیی توندوتیژیی سێکسی، لەوەش بە ئاگاین کە بەتایبەتی ژنان و کچان دەکرێنە ئامانج و روبەڕووی مەترسیی زیاتر دەبنەوە. تەواو ئەوە ڕەچاو دەکەین کە یاسای نێونەتەوەیی گشت جۆرەکانی توندونتیژیی سێکسیی قەدەغە دەکات و لەوەش بە ئاگاین کە کاری توندوتێژیی سێکسیی بە تاوانی جەنگ و تاوان دژ بە مرۆڤایەتی و کۆمەڵکوژی (جینۆساید) دادەنرێت. بڕیار لەوە دەدەین کە ڕۆڵمان هەبێت بۆ کۆتاییهێنان بە دەربازبوون لە بە سزاگەیاندنی توندوتیژیی سێکسی.

لەوەش بە ئاگاین کە توندوتیژی سێکسی جۆرێکە لە مامەڵە یان سزایەکی بێبەزەییانە و نامرۆییانە و سووکایەتی پێکردن، ئەوەشمان لاپەسەندە کە ناشێت لە هیچ بارودۆخێکدا پاساو هەبێت بۆ ئەوەی ئەو جۆرە مامەڵە یان سزادانە بەرامبەر بە هیچ کەسێك بکرێت.

لەوەش بەئاگاین کە یاسای نێونەتەوەیی ڕێزگرتن دەخوازێت لە گشت بنەماکانی یەکسانی و جیاوازی نەکردن.

ئەوەمان لە یادە کە ئەو سیاسەت و کارانەی جیاوازیی دەکەن لە سەر بنەماکانی جۆری کۆمەڵایەتی (جێندەر)، بە تایبەتی ئەوانەی کە دژ بە ژنان و کچان دەکرێن، دەبنە هۆی جۆرەکانی تری توندوتیژی.

دان دەنێین بە گرنگیی بەشداریکردن و خەریکبوونی ژنان و پیاوان لە پرۆسەی بڕیاردانداا لە سەر گشت ئاستەکان.

ئەوە دووپات دەکەینەوە کە پێوەرە مرۆڤپەروەرییە نێونەتەوەییەکان بە سەر گشت لایەنەکانی ناکۆکییە چەکداریەدا جێبەجێ دەکرێت و پابەندیان دەکات.

لێرەدا بە ڕێز و پیرۆزییەوە خۆمان پابەند دەکەین بەم مەرجانەی لای خوارەوە:

١. پابەند دەبین بە تەواوی قەدەغەکردنی توندوتێژیی سێکسی دژ بە هەر کەسێك چ هاوولاتیی سڤیل بێت یان سەر بە هێزە چەکدارەکانی دەوڵەت یا خود سەر بە چەکداری ناحکومەتی بێت.

٢. گرتنەبەری گشت کارێکی ماقوولا بۆ بەدەمەوەچوون و ڕێگرتنێکی کاریگەر لە کاری توندوتیژیی سێکسی کە لە لایان هەر کەسێکەوە ئەنجام بدرێت لەو شوێنانەی کە لە ژێر دەسەڵاتی ئێمەدان.

٣. دڵنیابوون لەوەی ئەو کەسانەی کە لە ئازادییان بێبەش کراون لە توندوتیژیی سێکسی پارێزراون.

٤. هەوڵی زۆرتر دەخەینەگەڕ بۆ دابینکردنی ئەو یارمەتی و پشتگیرییەی کە قوربانیانی توندوتیژیی سێکسی پێویستیانە بۆ بەدەمەوەچوونی کاریگەریی ئەو جۆرە توندوتیژیە. بۆ گەیشتن بەو دوائامانجەش، لە ناو چەندین شتی تردا، ئێمە هاندەر و ئاسانکارین بۆ ئەمانەی لای خوارەوە:

- گەیشتن بە خزمەتگوزاری، کە خزمەتگوزارییە پزشکی و دەروونی و کۆمەڵایەتی و یاساکان دەگەڕێتەوە بە هاوکاری ڕێکخراوە مرۆڤپەروەرەکان و ڕێکخراوەکانی گەشەپێدان لە هەر کوێیەك ئەوە گونجاو بێت.
- پرۆگرامەکانی ڕاهێنان و ئەو کردارانەی کە ئاسانکارن بۆ یەکگرتنەوەی کۆمەڵایەتی قوربانییەکان.
- دابینکردنی قەرەبوو بۆ قوربانییەکان.

بە بانگەوازی جنێڤ ناکۆکیی چەکداریدا و بەرەو لەناوبردنی جیاکاریی کۆمەڵایەتی (جێندەر)

دەبێت نهێنێتی توندوتیژی سێکسی قوربانییەك (کان) تا ئەوپەڕی توانا لە گشت قۆناغەکاندا دابین بکرێت، کە ئەوەش کاتی پرۆسەی راپۆرتدان و لێکۆڵینەوە و گرتنەبەری کار و سزادان و دابینکردنی یارمەتی بۆ قوربانییەکان دەگەڕێتەوە.

٥. هەوڵی زۆرتر دەخەینەگەڕ، سەرەڕای پابەندبوونمان بە مامەڵەکردنێکی مرۆڤپەروەری گشت ئەو کەسانەی بەشداری کارایان نیە لە دوژمنکارییەکاندا بە بێ هیچ دژە جیاکارییەك، بە لەناوبردنی هەر کردارێك و پەیڕەوکردنێکی جیاکاری نێوان پیاوان و ژنان لە سیاسەت و پرۆسەکارەکانماندا. بۆ گەیشتن بەو ئامانجەش ئێمە، لە نێو گەلێك شتی تردا، کاری راستەقینە دەگرینەبەر بۆ دەستەبەرکردنی پاراستنێکی یەکسان لە بەرەم یاسادا و سوودوەرگرتن لە مافی یەکسان و چارەسەرکردن و بە یەکسانی گەیشتن بە ئاگاداری و خزمەتگوزاری و تەندروستی، هەروەها بە یەکسانی گەیشتنی پەروەردە.

٦. هەوڵی زۆرتر دەخەینەگەڕ بۆ دەستەبەرکردنی بەشداریەکی زۆرتر و خەریکبوونی ژنان لە پرۆسەکانی بڕیار دروستکردنماندا لە گشت ئاستەکاندا.

٧. فەرمان و رێنمایی پێویست دەردەکەین بۆ دەزگای سیاسی سەربازییەکانماندا، هەروەها بۆ فەرماندە و جەنگاوەرانمان بە مەبەستی جێبەجێکردن و کارپێکردنی ئەوەی کە لە ئەستۆی خۆمان گرتووە، ئەوەش کاری بڵاوکردنەوەی زانیاری و راهێنان دەگرێتەخۆ. فەرماندەکان و خاوەن پلەبەرزەکان بەرپرسیارن لەوانەی خوار خۆیان. لە حاڵەتی جێبەجێنەکردندا ئێمە کاری پێویست ئەنجام دەدەین بۆ بەخێرایی راگرتنی پێشێلکارییەکان و دەست دەکەین بە لێکۆڵینەوەی خێرا و ئەو سزایانە دەسەپێنینین کە رەنگدانەوەی سەختی جۆری پێشکارییەکە بێت بە پێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان و بەو ئامانجەی رێگە لە دووبارەبوونەویان بگرێت.

٨. رێگە دەدەین و هاوکاری دەکەین بۆ کاری چاوەدێریکردن و دڵنیابوونەوە لەم پابەندبوونەوەی ئێستامان لە لایەن: «بانگەوازی جنێڤ» و یان هەر رێکخراوێکی نێونەتەوەیی یان نیشتمانی سەربەخۆوە کە بۆ ئەم مەبەستە هاوکارن لەگەڵ «بانگەوازی جنێڤ»دا. ئەم جۆرە چاوەدێری و دڵنیابوونەوە یا سەردان و پشکنین دەگرنەخۆ لە گشت ئەو ناوچانەدا کە ئێمە کاری لێدەکەین، هەروەها مافی ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لە تەك ئەندامانمان و قوربانی و ئەندامانی خێزانەکانیاندا بە بێ شایەتەکان دەگرێتەخۆ، لەگەڵ دابینکردنی زانیاری پێویست و راپۆرت بەوجۆرە کە دەشێت بۆ ئەو مەبەستە پێویست بێت بە گیانێکی پڕ لە رووونی و بەرپرسیارییەتییەوە.

٩. بە جۆرێك مامەڵەی ئەم پابەندبوونە دەکەین وەك هەنگاوێك یان بەشێك بێت لە پابەندبوونێکی فراوانتر بە رێسا نموونەییەکانی مرۆڤایەتییەوە، بەتایبەتی یاسای مرۆیی نێونەتەوەیی و مافەکانی مرۆڤ و بەشداریکردن لە رێزلێگرتنیان لە هەڵسوکەوتی مەیدانیدا، هەروەها لە زیاتر گەشەپێدانی بنەما مرۆییەکانی تایبەت بە ناکۆکی چەکدارانە.

١٠. نابێت ئەم بەڵگەنامەی پابەندبوونە کاریگەری هەبێت لەسەر باری یاساییمان بەپێی بەڵگەی پێوەندیدار لە بەندی ٣ی گشتی لە رێکەوتننامەی جنێڤ بەرواری ١٢ی ئابی ١٩٤٩.

١١. لەوە ئاگادارین کە دەشێت «بانگەوازی جنێڤ» پەیڕەوکردن یان نەکردنی ئەم بەڵگەی پابەندبوونە لە لایەن ئێمەوە بڵاو بکاتەوە.

١٢. ئێمە ئارەزووی ئەوە دەکەین کە لایەنی چەکداری تر بێنە ریزی ئەم بەڵگەی پابەندبوونە و لە لایەن خۆمانەوە هەول دەدەین بۆ هاندانی ئەو کارە.

١٣. ئەم بەڵگەی پابەندبوونە، بەپێی بارودۆخەکە، دەبێتە تەواوکەر یان پووچەڵکەرەوەی هەر راگەیاندنێکی دیکەی یەك لایەنەی ئێمە کە سەبارەت بە قەدەغەکردنی توندوتیژیی سێکسیی و لەناوبردنی جیاکارییە لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی (جێندەر).

١٤. ئەم بەڵگەی پابەندبوونە خێرا کاری پێدەکرێت لەگەڵ ئیمزاکردن و وەرگرتنی لە لایەن «حکوومەتی کۆماری» و «هەرێمی جنێڤ»ەوە کە وەك لایەنێکی پارێزەری ئەم جۆرە بەڵگانە وەری دەگرێت.

سەردانی هەیئەتێکی یەکیەتی ژنان لە کومیتەکانی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

لە ڕێکەوتی ٢٣ و ١١/٢٤/ ١٣٩١ هەیئەتێکی یەکیەتی ژنان بە سەرپەرەستی هێرۆ جەڵدیانی، جێگری سکرتێری گشتی یەکیەتی ژنان و بە هاوڕێیەتی مەحبوبە ئیبتکار، ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی سەردانی کومیتەکانی شێرەوەن و کەلار و باریکە و سلێمانیان کرد و کۆبوونەوەیان بۆ ئەندامانی یەکیەتیی ژنان گرت لەو سەردانەدا باسێکیان لە سەر وەزعیەتی ئێستای ژنان لە ئێران و کوردستان و هەروەها باسێکیان لە سەر یەکیەتیی ژنان و ئەرك و مافەکانی ئەندامانی یەکیەتیی ژنان و چالاکییە تەشکیلاتییەکانی کۆمیتەکان، پێشکەش بە بەشداربووان کرد هەروەها لە لایەن بەشداربووان راوبۆچوونی خۆیان سەبارەت بە باسی کۆبوونەوەکە دەربڕێ.

لە ڕێکەوتەکانی ١ و ٢/ ١٢/ ١٣٩٢ هەیئەتی یەکیەتیی ژنان بە سەرپەرەستی خاتوو هێرۆ جەڵدیانی و بە هاوڕێیەتی محبوبە ئیبتکار و گوڵێ ئیبراهیمی، سەردانی کومیتەکانی ناوەندی ١و ناوەندی ٣ی کوردستان و کومیتەی سۆران کرد و کۆبوونەوەیان بۆ ئەندامانی یەکیەتیی ژنان لەو کۆمیتانە پێك هێنا باسی کۆبوونەوەکان دابەش کرابوو بە دوو بەش باسێکی گشتی لە سەر وەزعییەتی ئێستای ژنان و بزوتنەوە و ڕێکخراوەکانی ژنان و باسی دووهەمیش تەرخان کرابوو بۆ چالاکی تەشکیلاتی و گرفتی کومیتەکان کە لە لایەن هەیئەتەوە پێشکەش بە بەشداربووان کرا، دواتر بەشداربووان بە شێوەیەکی فەعال بەشدارییان لە باسەکان کرد و راوبۆچوونی خۆیان دەربڕی شایانی باسە لە لایەن ئەندامانی کۆمیتەکان و ئەندامانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە گەرمی پێشوازی لە هەیئەتی یەکیەتی ژنان کرا.

بەیاننامەی یەکیەتییەکانی ژنان و لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی رۆژی جیهانیی زمانی دایک

«پاراستن و پەرەپێدانی زمانی دایکیمان، پاراستن و گەشەپێدانی شوناسی مرۆیی و نەتەوەییمانە»

زمان، وەک نوێنگەی شوناسی مرۆڤ و بەستێنی پێوەندیی مرۆڤایەتی، رەنگدانەوەی فەرهەنگی ئەو خەڵکەیە، کە قسەی پێ دەکەن. لەو راستایەدا دەورو کاریگەریی زمانی دایک، وەک پێویستی و نیازێکی حاشاهەڵنەگرانە و بەردەوام، شوێنی تایبەتیی خۆی هەیە و هەرچی زیاتر خۆی دەنوێنێ. بەتایبەت بۆ ئێمەی کورد کە زمانەکەمان چ لە لایەن دەسەڵاتی لە بنەڕەتدا شوڤێنیستیی کۆماری ئیسلامییەوە و چ لە لایەن هەندێک بیری رەگەزپەرستانەوە کە بە سووکایەتی کردن بە زمانی نەتەوەکانی نیشتەجێی ئێران دەیانەوێ زمان و کەلتووری ئەو نەتەوانە بسڕنەوەو منداڵانی کورد پێیان شەرم بێ بە زمانی خۆیان قسە بکەن و بخوێننەوە و زانست فێر بن و هزری نەتەوەییان کە لە زماندا خۆی دەردەبڕێ لێ ون و لێڵ ببێ، پێویستە کە بە هەر شیوەیەک بۆمان دەکرێ فێربوون و خوێندن بە زمانی دایکیمان، واتە زمانی کوردی بکەین بە ئەرزش و نۆرمێکی کۆمەڵایەتی.

زمانی دایك کۆڵەکەی سەرەکیی گەشەی هزری و پەروەردەی سەردەمیانەیە و خوێندن و نووسین بەو زمانە لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن و هەموو بوارەکانی ژیان و زانستدا مافی سەرەتایی هەر تاك و نەتەوەیەکی ئەم جیهانەیە.

لەلایەن رێکخراوی یونسکۆوە، رۆژی ٢١ی فێوریيە هەموو ساڵێک وەک رۆژی رێزگرتن و پاراستنی زمانی دایک ناودێر کراوە و رێزی لێ دەگیرێ.

لەراستیدا ئەگەرچی جاران دروشم و داخوازیی زمانی دایك تەنیا وەک گوتاری بەشێک لە خەلك و روناکبیران وابوو، کەچی بەخۆشییەوە ئێستا وەها بە شێوەیەکی بەربڵاو و هەمەلایەنە ریشەی داکوتاوە کە تەنانەت لە نێو کۆمەڵانی خەڵکیش دا وەک گوتار و داخوازییەکی گشتی و مافێکی رەوای ئینسانی و نەتەوەیی لێ هاتووە و رۆژبەرۆژیش بەرجەستەتر دەبێتەوە.

وێدەچێ ئیتر لە سەردەمی بەجیهانیبوون و وێڕای ئەو گەشە بێ سنوورەی راگەیاندن و زانیارییەکان لە ئاستی نێونەتەوەیی دا، چیدیکە حکوومەتە سەرکوتکەرەکانی وەک کۆماری ئیسلامیی ئێران نەتوانن تاک و کۆمەڵی کوردەواری لە دەست پێڕاگەیشتن بە فێربوون و بەکارهێنانی زمانی کوردی وەک یەکێک لە سەرەکیترین ماف و داخوازییە رەوا و نەتەوەییەکانییان دوور بخەنەوە و پێشی پێ بگرن. هەر بۆیەش پێویستە کە هەموومان هەردەم بە یەکەوە لە خەباتێکی بەرین و چالاکانەی بەردەوام دابین بۆ دەستەبەرکردن و گەیشتن بە ماف و ئامانجە رەوا و مرۆڤانەکەمان و یەک لەوان خوێندن بە زمانی دایك واتە زمانی کوردی و گونجاندنی ئەو زمانە لە توێی سیستمی پەروەردەیی، لە قوتابخانەکانی وڵاتدا.

لاوان و ژنان، دوو توێژی سەرەکی کۆمەڵگان کە کاریگەرییەکی حاشاهەڵنەگریان لەسەرپاشەرۆژ هەیە.

بەو واتایە، دەتوانرێ ئەم دوو توێژە بە هێزی سەرەکی و داینەموی گۆڕانکاری و وەرچەرخانی کۆمەڵگا پێناسە بکرێن. کەواتە ئاستی زانیاری و چالاکبوون و رێکخستنی ئەمانە باشترین پێوانەیە بۆ دیاریکردنی ئاستی زانیاری، چالاکبوون و رێکخستنی کۆمەڵگا.

یەکیەتیی یەکانی ژنان و لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی رۆژی جیهانیی زمانی دایك، خەبات و تێکۆشانی پر هەوراز و نشێوی هەموو چالاکانی ئەم بوارە لە رابردوو و ئێستا و داهاتووی نەتەوەکەماندا بەرز دەنرخێنێ و درێژەدانی ئەم رێگایە تا گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی، بە ئەرکێکی پیرۆز بۆ دەستەبەربوونی مافێکی رەوا دەزانێت.

نابێ تا ئەو کاتەش هەرگیز دەستەوەستان راوەستین و پێویستە کە هەر کامێکمان لە نێو بنەماڵە و خێزانەکەی خۆمان دا، ماڵەوەمان وەک قوتابخانەیەکی فێرکاریی زمانی کوردی بۆ منداڵەکانمان لێ بکەین و بە هەموو جۆرێک و لە هەر لایەکەوە هەوڵی جیددی بدەین بۆ فێرکردنی نەوەکانی داهاتوومان بە فەرهەنگ و زمانی رەسەنی کوردی، کە خۆی هەنگاوێکی یەگجار گرینگ و پێشڕەوانە بۆ گەیشتن بە ئامانجە یەکجارەکییەکان و رزگاری نەتەوەییمان.

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران
یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران
رەشەممەی ١٣٩١ی هەتاوی

راگەیەندراوی هاوبەشی ٦ ڕێکخراوی ژنانی

هاونیشتمانانی بەڕێز
خەڵکی تێکۆشەری کوردستان
ژنانی ئازادیخواز و دەروەستی نەتەوەی کورد

خەبات بۆ ئازادی و وەدیهاتنی دادپەروەری و ڕێزگرتن لە بەها مرۆڤانییەکان، مێژوویەکی دوور و درێژ، پڕ کەند و کۆسپ و پڕ لە گیانفیدایی و قوربانیدانی هەیە، لەو نێوەندەدا خەباتی ژنان بۆ وەدستهێنانی سەرەتاییترین مافەکان و پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی یەکسان بۆ ژن و پیاو، گەلێك لاپەڕەی زێڕینی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا تۆمار کردووە.

یەکێك لەو رۆژە مێژووییانەی کە ژنان بە گشتی و پیاوانی پێشکەوتوو و هەڵگری بیری نوێخوازی، لە چوارچێوەی خەباتی ژنان لە پێناوی سەربەستی و یەکسانیدا بەرزی دەنرخێنن، رۆژی ٨ مارس، رۆژی جیهانی ژنانە.

ئاوڕدانەوەیەکی کورتیش لەم یادە پیرۆزەدا دەرخەری ئەو راستییە حاشاهەڵنەگرەیە کە تەنانەت دیاریکردنی ٨ی مارس بۆ رۆژی جیهانی ژن بە چەندین قۆناغ و لە چ هەلومەرجی دژواردا بڕیاری لەسەر دراوە.

لە وەها رۆژێکدا، لە ساڵی ١٨٧٥ی زایینی، ژنانی کرێکاری کارخانەی رستن و چنینی شاری نیۆیۆرکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا بە ناڕەزایەتی دەربڕین بەرانبەر بە کەمیی موچە رێپێوانێکی هێمنانە بەڕێوە دەبەن و بەداخەوە پۆلیس بەرەوڕوویان دەبێتەوە و کۆمەڵێکیان لێ بریندار دەکات. لەو ساڵە بەدواوە ئەم حەرەکەتە بەردەوام پەرە دەستێنێت تاکوو ساڵی ١٩٧٧ یونسکۆ، رۆژی ٨ی مارس، وەك رۆژی نێونەتەوەیی ژنان رادەگەیەنێت و لەو ساڵەوە هەتا ئێستا بەم بۆنەیەوە رێز لە ژنان و خەبات و تێکۆشانیان دەگیردرێت.

لەکاتێکدا ئەم ساڵ یادی ٨ی مارس دەکەینەوە کە ژنانی ئێران بەگشتی و ژنانی کورد بە تایبەتی لە سەرەتاییترین مافەکانی خۆیان بێبەشن و لەوەش زیاتر ژنانی نەتەوە بندەستەکانی ئێران وەك شارومەندی پلە ٢ لێیان دەڕواندرێ. لە یاسای بنەڕەتی حکوومەتی دواکەوتووی ئێراندا، دەیان قەید و بەند بۆ ژنان دانراوە کە لە سەرەتاییترین مافە ئینسانیەکان بێبەشیان دەکات.

لەو یادە پیرۆزەدا ویڕای بەرزنرخاندنی خەبات و تێکۆشانی ژنانی ئێران بەگشتی و کوردستان بە تایبەتی رادەگەینین کە ئێمە ژنانی کورد یەکگرتووانە و کۆڵنەدەرانە لە رێگای وەدەستهێنانی سەرجەم مافە نەتەوەیی و ئینسانییەکانمان هەنگاوەکانمان بە بڕشتتر لە رابردوو هەڵدەگرین و ئاواتەخوازین بە هاوکاری سەرجەم ژنان و پیاوان و رێکخراوە مودێرن و پێشکەوتوخوازەکان کۆمەڵگایەکی یەکسان و پڕ لە جوانی بنیات بنێین. ئەم راستییەش لەبیر ناکەینەوە کە کورتترین رێگای گەیشتن بە ئامانجەکانمان، رێگای یەکگرتوویی و هاودەنگیمانە.

جارێکی دیکە پیرۆز بێت ٨ی مارس رۆژی جیهانی ژنان

یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران
کۆمەڵەی ژنانی رۆژهەڵات
یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان
رێکخراوی ئاسۆی ژنی کورد
کۆمیتەی ئافرەتانی سازمانی خەبات
ژنانی یەکیەتی دێموکراتیکی کوردستان

رۆژهەڵات، بە بۆنەی رۆژی جیهانی ژنان

پەیامی کۆمیتەی بەڕێوبەریی گشتی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە بۆنەی ٦٧ەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی یەکیەتی ژنان

خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!
ژنانی ئازادیخوازو مافویست!
ئەندامان و لایەنگرانی یەکیەتی ژنان!

٦٧ساڵ بەر لە ئێستا لە ٢٤ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی، یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە مێتۆدێکی مۆدێڕن لەسەر بناغەیەکی پتەو و بە خوێندنەوەیەکی ورد و هەمەلایەنە لە سەردەمی کۆماری کوردستان دامەزرا. هەر بەم بۆنەیەوە گەرمترین پیرۆزبایی خۆمان پێشکەشی خەڵکی تێکۆشەری کوردستان بە گشتی و ژنانی ئازادیخواز و مافویستی کورد و هەموو ئەندامانی ی.ژ.د.ك.ا بەتایبەتی دەکەین. دامەزرانی ڕێکخراوەکەمان لە ئیستراتیژییەکی گەورەوە سەرچاوە دەگرێ کە ڕێبەرانی کۆمار و لە سەرووی هەموویانەوە شەهید «پێشەوا قازی محەمەد» هەستیان بەو پێویستییە مێژووییە کردبوو، بۆ ئەوەی ژنان زیاتر لە دەوری یەکیەتی ژنان کۆببنەوە هاوسەری بە وەفای پێشەوا، «میناخانمی قازی» وەك بەرپرسی ی.ژنان دیاری دەکرێ و بۆ یەکەمین جار لە مێژووی سیاسی کورددا ژنان دەبن بە خاوەن ئۆرگانیزاسیۆنێکی دێموکرات و یەکسانیخواز لە کۆمەڵگای کوردستاندا. هەر بۆیە دامەزرانی یەکیەتی ژنان، دەسپێکی وەرزێکی نوێ بوو لە بزووتنەوەی ژنان لە کوردستانی ئێراندا. دوای جوانەمەرگکردنی کۆماری کوردستان، ڕەوتی ڕوو لە گەشەی ئەم یەکێتیە لە سەردەمی ڕێژیمی پاشایەتیدا بەرەو کزی چوو، بە دوای ڕووخانی ئەم ڕێژیمە و هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی و دەرکەوتنی دەسەڵاتی ئاخۆندە بن ئاژۆکان، ئەم ڕەوتە زیاتر بەرتەسك بۆوە و گۆڕانکاریەکی زۆری لە بارودۆخی کۆمەلایەتی، سیاسی و یاسایی ژنانی ئێران بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی، هێنایە ئاراوە. دوای شۆڕشی گەلانی ئێران زۆربەی ژنانی خوێندەوار بیریان لەوە دەکردەوە لەوانەیە ئەوەندە مافەش کە هەیانە لە لایەن کاربەدەستانی حکوومەتی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو زیاتر سنوردار بکرێ، کە یەکەم هەنگاوەکانی حکوومەتیش بە هەڵوەشانەوەی یاسای پاراستنی خێزان و حیجابی زۆرەملێ و نایاساییکردنی لەباربردنی منداڵ و چەندین بڕیاری نایاسایی دیکە بۆ سەر ژنان دەستی پێکرد کە زۆربەی ژنانی بیرمەند و خوێندەوار ئەم شتانەیان پێ قەبووڵ نەکرا و بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی خۆیان بە نیسبەت سیاسەتەکانی حکوومەت ڕژانە سەرشەقامەکان، کە دواتر لە لایەن هێزە سەرکووتکەرەکانی ڕێژیم و لە ژێر سیاسەتی دژە ئینسانی ئاخوونەدەکاندا بە تووندی خرانە ژێر ئەشکەنجە و ئازاری جەستەیی و ڕوحی. پیلانە نگریس و دژە مرۆییەکانی کۆماری ئیسلامی، لە ژێر ناوگەلی جۆراوجۆر دژ بە ژنان و تاکەکانی کۆمەڵگا، نەیتوانیوە وەرەی بەرزی ژنان بۆ گۆڕین و سڕینەوەی کولتوور و یاسا پڕ لە هەڵاواردنەکان و پاوانخوازەکانی زاڵ دابەزێنێت و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ هیوای ژنان بۆ گەیشتن بە ژیانێکی ئازاد زیاتر دەبێت، بۆیە دەبینین کە کۆماری ئیسلامی ئێران لە هێز و جووڵەی ژنان دژ بە دەسەڵاتی خۆی دەترسێت و هەموو کات بە بەکارهێنانی تووندوتیژی، چاوترسێنکردن و سووکایەتی پێکردن بە کەرامەت و کەسایەتییان دەیهەوێت پێش بە بزاڤ و جووڵانەوەی ئازادیخوازانەی ژنان بگرێت.

ژنانی تێکۆشەر:

ئێمە لە کاتێکدا ساڵیادی دامەزرانی یەکێتیەکەمان

دەکەینەوە کە ئێران لە بارودۆخێکی نائاسایی دایە و لە کۆمەڵگای جیهانی پەراوێز خراوە، بەو حاڵەش زەخت و بایکۆت و قەیران پاڵەپەستۆی خستووەتە سەر ماف و ئازادییەکانی ژنان و لە هەمانکاتدا سیاسەتی کۆنەپەرەستانە و کردەوەی نامرۆییانەی دژ بە ژنانی ئێران و سەرجەم بزووتنەوەی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی دیکەی کۆمەڵگا بە گشتی و بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی ژنان بە تایبەتی، تەنگی بە کۆماری ئیسلامی هەڵچنیوە و ژنان ئەمڕۆ سوورتر لە جاران هاتوونەتە مەیدانی خەباتی بێ پسانەوە بۆ وەدیهێنانی مافە مرۆییەکانی خۆیان. هەر ئەمەش وایکردووە رۆژانە چەندین ژنی چالاك کە ئەرك و رۆڵی بەڕێوبەرایەتی بزووتنەوەکانی ژنانیان لە ئەستۆیە، لە لایەن کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئێران تووشی گرتنو ئازار و ئێعدام ببنەوە.

هاونیشتمانانی ئازیز:

ئەوەی جێگای شانازی یەکیەتییەکەمانە ئەوەیە کە، یەکێتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەك بەشێك لە جووڵانەوەی ئازادیخوازانەی کوردستان، پاش رووخانی کۆماری کوردستان بە پێی قۆناغە سەختەکانی خەبات، ئەرك و رەسالەتی مێژوویی و کۆمەڵایەتی خۆی بە گوێرەی هەلومەرجی سەردەم و تواناکانی مادی و مەعنەوی بە جێهێناوە و تاکوو ئێستاش لەو رێبازە پیرۆزەدا بۆ وەدیهاتنی مافە کۆمەڵایەتی، سیاسی و یاسایەکانی خۆی و سەرجەم ژنانی ئێران لە خەبات و تێکۆشاندایە و هەروەها توانیویەتی دەسکەوتی باش و بەنرخ لەو بوارەدا دەستەبەر بکات. بۆیە حەقە کە ئەندامەکانی شانازی بە خۆیان بکەن کە ئەندامی رێکخراوێکی جیهانی وەك ئینترناسیۆنال سوسیالیستە و گەیشتۆتە ئاستێك کە دەتوانێ لە تریبوونێکی نێونەتەوەییەوە باس لە ئازار و مەینەتەکانی خۆی بکات و لەسەر بەدیهێنانی مافەکانی خۆی سوور بێ و پێداگرییت. ئەو مافانەش لە کۆمەڵگایەکی دادپەروەرانە و دێموکرات و سێکۆلاردا دێتەدی کە ئەوەش پێویستی بە هەوڵ و تێکۆشانی چڕوپڕتر هەیە.

لە کۆتاییدا جارێکی دیکە، لە لایەن (ی.ژ.د.ك.ا) بە بۆنەی ئەو رۆژە مێژووییەوە پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی سەرجەم ژنانی ئێران و کوردستان دەکەین و هیوادارین بە چەکی زانست و تێگەیشتوویی، هاوڕێزی، تەبایی و یەکگرتوویی بێنە مەیدانی خەبات، ئەو ئامانجەش ئەرکدارمان دەکات کە زیاتر لە جاران لە بەرەوپێشچوون دابین و بەو شێوەش ئاسۆی روون دەبینرێ و سەرکەوتن دەستەبەر دەبێت.

بەرز و پیرۆز بێت ٢٤ی رەشەمە ساڵڕۆژی دامەزرانی یەکێتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

کۆمیتەی بەڕێوبەریی گشتی
یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران
٢٤ی رەشەمەی ١٣٩١ی هەتاوی

پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە بۆنەی رۆژی جیهانیی ژنان

رۆژی ٨ی مارس رۆژی جیهانیی ژن، رۆژی یادکردنەوە لە خەبات و تێکۆشانی ژنانی ماف ویست و هەڵسووڕە کە بە درێژایی دەیان ساڵی رابردوو لە سەرتاسەری جیهان بۆ وەدەستهێنانی سەرەتاییترین مافەکانیان کە مافی هەموو ژنێک و لەراستیدا مافی هەموو مرۆڤێکە خەباتیان کردووە. یادکردنەوە لە تێکۆشان و قوربانیدان و فیداکاریی ئەو ژنانەیە کە بە ناسینی خۆیان و دەوروبەریان، بە بیرێکی کراوە و بە روانگەیەکی قووڵی مرۆڤانەوە هەوڵیان داوە تاکوو لە رێگای گەیشتن بە مافی یەکسانی، کۆمەڵگایەکی تەندروستتر و شیاوی مرۆڤ بونیات بنێن هەتا لەو کۆمەڵگایەدا بە لاچوون و سڕینەوەی هەموو شکڵەکانی هەڵاواردن، کەرامەتی مرۆیی بۆ هەموو مرۆڤێک بگەڕێتەوە و بە واقیع و لە کردەوەدا نیشان بدرێ کە ژن و پیاو لە باری ماف و پێناسەی مرۆییەوە هیچ جیاوازییەکیان نیە و جیاوازیی جەستەی نابێببێتە بیانوویەک بۆ ستەم و چەوسانەوە.

هەروەها رۆژی ٨ی مارس رۆژی رێزگرتن لە ژنانە کە وەک نیوەی کۆمەڵگا، بەشێکی قورس و گرانی ئەرکی کۆمەڵایەتی و بنەماڵەیی و هاوڕێیەتییان لەسەر شانە و تاکوو ئێستاش بە شێوەی پێویست و دروست رێز لە رۆڵ و دەوری کۆمەڵایەتییان نەگیراوە و زۆرن ژمارەی ئەو ژنانەی کە تەنانەت لەلایەن نزیکترین کەسەکانیانەوە سووکایەتیان پێدەکرێ و ئەو بەناو کەسە نیزیکانە بە کەڵکوەرگرتن لە نۆرمە نادروستەکان و کولتووری نادروستی باو، دەیانەوێ وا بە ژنانی نیزیکیان بسەلمێنن کە ئەوان هەر بۆ ژێردەستەبوون و ستەملێکران ئافرێندراون.

رۆژی جیهانیی ژن نەک تەنیا رۆژی یادکردنەوە و رێزلێنانە، بەڵکوو رۆژێکە بۆ ئەوەی وەبیری هەموان و بەتایبەت ژنان بهێنێتەوە کە ئازادی و گەیشتن بە ماف، خەبات و گیانفیدایی دەوێ و دەبێ هەموو تاکێک و هەموو کۆمەڵگایەک بە کردەوە بیسەلمێنێ کە شیاوی گەیشتن بە ئازادییە.

بەبێبەشداریی ژن لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا و لەو شوێنانەی وەکوو کوردستان کە خەبات بۆ گەیشتن بە مافی نەتەوەییش بەڕێوەیە، بەبێبەشداریی چالاکانەی ژنان لەو خەباتەدا هەم رێگای خەبات دژوارتر و دوورتر دەبێ و هەم ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و خەبات ناتەواو دەبێ و هەم ژنان بیانوو بە دەستی بیری دواکەوتوانەوە دەدەن تاکوو پروپاگەندەی ناتەوانیی ژنان زۆرتر بکەن.

لە ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، وێڕای هەندێک رەگی کولتووری نادروست، رێژیمیش بە شێوەی سیستماتیک و بە یاسایی کراو ئەوپەڕی ستەم و سەرکوت بە دژی ژنان بەڕێوە دەبا و زیندانەکانی رێژیم پڕن لە چالاکانی ژن کە دەسبەسەر کراون. لە دواییین وێنەی ستەمکاری و دواکەوتوویی رێژیمی کۆماری ئیسلامیدا، لە کۆنفرانسێکی جیهانی کە بۆ پارێزگاری کردن لە مافی ژنان و منداڵان لە رۆژی ١٤ی رەشەمەدا پێک هات، کۆماری ئیسلامی وێڕای واتیکان و رووسیە تەنیا وڵاتانێک بوون کە بەتوندی دژی مافی ژنان وەستانەوە.

ئەو ستەم و چەوساندنەوانەی رێژیم، بە نیسبەت ژنانی کوردەوە توندتر و درندانەتر دەبێتەوە و لە سەرەتای خوێندنی سەرەتاییەوە تاکوو ژیانی نێو کۆمەڵگا و تاکوو بەشداریی ژنان لە چالاکیی سیاسی یان مەدەنیدا، ژنی کورد دەکەوێتە بەردەم چەوسانەوە و ستەمێکی لەرادەبەدەر.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە باوەڕی راستەقینە و قوڵی بە یەکسانیی ژن و پیاو لە نێو کۆمەڵ و بنەماڵەدا، پێی وایە کە خەبات بۆ گەیشتن بە ئازادی و دێموکراسی لەئێران و خەبات بۆ گەیشتن بە مافی نەتەوەیی کورد و نەتەوەکانی دیکە لە ئێراندا، لەگەڵ خەبات بۆ دابینبوونی مافی ژنان وەکوو مرۆڤی هاوتای پیاو، پێکەوە گرێدراون و دابیننەبوونی هەرکام لەوانە، کۆمەڵگا تووشی قەیران و دارمان دەکا، چونکە هەموو ئەو ستەمانە لە هەڵاواردنەوە سەرچاوە دەگرن و هەڵاواردن سووکایەتی کردن بە ئینسانەکانە.

هەر لەو پێناوەشدا بووە کە حیزبی دێموکرات لە هەر کۆڕ و کۆمەڵێکی تایبەت بە پاراستن و دابینبوونی مافی ژنان بەشدار بووە و لە دواییین هەنگاویشدا پەیماننامەی تایبەت بە پاراستنی مافی ژنان و منداڵان لە کاتی شەڕدا لە پاییزی ١٣٩١دا واژۆ کرد.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای پیرۆزبایی رۆژی جیهانیی ژن لە هەموو ژنانی ئێران و کوردستان، لەسەر پرەنسیپە نەگۆڕەکانی لە بواری دابینبوونی مافی یەکسانی بۆ ژنان پێداداگرێتەوە و پشتیوانی لە تێکۆشانی ژنانی چالاکی ئێران و بەتایبەت ژنانی هەڵسووڕ و خەباتکاری کورد دەکاتەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
دەفتەری سیاسی
١٧ی رەشەمەی ١٣٩١
٧ی مارسی ٢٠١٣

وتووێژی ماڵپەڕی کوردستان میدیا لەگەڵ ئەندامانی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنان

سەرچاوە: کوردستان میدیا

ماڵپەڕی کوردستان میدیا بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی ژنان وتووێژی لەگەڵ ئیلهام چایچی بەرپرسی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هێرۆ جەڵدیانی، جێگری بەرپرسی یەکیەتیی ژنان و ڕۆژین بەهرامی ئەندامی بەڕێوەبەریی ئەو یەکیەتییە پێك هێنا.

سەرەتای سەدەی بیستەم ژنان لە وڵاتانی پیشەیی بە وەرگرتنی بڕە پارەیەکی زۆر کەم لە حەقدەستەکەیان و نەبوونی ئاسانکاری لەمەڕ پێشکەوتنی ئەو توێژەی کۆمەڵگا، بارودۆخێك هاتە پێشەوە کە ژنانی خستەسەر ڕێچکەی بزووتنەوەیەکی یەکسانیخوازی و ئەمەش بووە هۆی ڕەخساندنی هەلێك هەتا چەمکی ڕۆژی جیهانیی ژنانی هێنایە ئاراوە.

ڕۆڵی ژنانی کرێکاریش لەم بزووتنەوەیەدا کەم ڕەنگ نییە و ڕۆژی ٨ی مارس وەکوو ڕۆژی جیهانیی ژنان بەبۆنەی خۆپیشاندانی ژنانی کرێکاری کارگەی رستن و چنینی نیۆیۆرکی ئەمریکا لە ساڵی ١٨٥٧ی زایینی دیاری کرا.

ژنانی ئێران و کوردستان بەتایبەتی خاوەن ئەزموون و مێژووی خەباتی تایبەت بە خۆیانن. لە کوردستاندا ژنان بەهۆی هەبوونی ستەمی نەتەوەیی و کولتووری و ئابووری، چەندقات زێدەتر لە ژنانی جیهان دەچەوسێنەوە و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوە کە خەباتی ژنان لە کوردستاندا بگرە چەند قاتتر ئەستەم و دژوارتر دەکاتەوە.

بۆ تاوتوێکردنی ئەو پرسە وتووێژیان لەگەڵ چەند کەس لە ئەندامانی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە کۆنترین ڕێکخراوەی سازماندراوی کوردستانە و سەردەمی کۆماری دێموکراتیکی کوردستاندا دامەزراوە، پێك هێناوە.

ئیلهام چایچی بەرپرسی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

کوردستان میدیا: زۆر جار گوێبیستی ئەوە دەبین کە دەڵێن، دێموکراسی و مافی مرۆڤ ئەو وشە جوانانەن کە بەپێی بەرژەوەندییەکان هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکرێ و لە دونیای مۆدێرنیشدا سەری هەڵداوە بەڵام زیاتر پێاوان ڕۆڵیان تێدا بینیوە هەر بۆیە ژنان لە بواری دێموکراسی و

مافی مرۆڤەوە پشتگوێ خراون، رای بەڕێزتان چیە؟

ئیلهام چایچی: ئەم بیرۆکەیە هەتا رادەیەك دروستە، بە هۆی بەشدارنەبوونیژنان لە پرۆسەی بە دێموکراسی بوون و دابینکردنی مافی مروڤ، لە زۆر بوارەوە بێبەش کراون و لەگەڵ بێعەدالەتی جینسیبەرەوڕوو بوون. مێژوویەك کە لە سەر چەوسانەوە و زەوتکردنی مافی ژنان دامەزرابێ و دێموکراسییەك کە نەتوانێ مافی نیوەی کۆمەڵگا بپارێزێت، ناتوانین بڵێین ئەمە دێموکراسییەکی دروست و راستەقینەیە. بۆیە دێموکراسیکاتێك مانا پەیدا دەکات کە هەموو شارومەندانیکۆمەڵگا لە مافی بەرامبەر و تاکەکان لە ئازادی بەرخوردار بن و ژن و پیاو بە شێوەی بەرامبەر خۆیان ببیننەوە.

بۆ نموونە دێموکراسیی راستەقینە، کۆمەڵگای مەدەنی هان دەدات و یارمەتی دەکات بۆ دامەزراندنی رێکخراوەکانی مەدەنی و NGOکان، ژنانیش دەتوانن لە رێگای ئەم رێکخراو و پێکهاتانە بۆ رێکخستن و نەهادینەکردنیدێموکراسی گەشە بکەن و ژنانیکورد بۆ وەدیهاتنی ئامانج و داخوازییەکانی خۆیان تێبکۆشن.

هێرۆ جەڵدیانی جێگری بەرپرسی یەکیەتیی ژنان

کوردستان میدیا: کۆمەڵگای نەریتنی و ئایینیی کوردستان، هەتا چەندە زیان، یان قازانجی بۆ بزووتنەوەی ژنان و بەشداریی ئەو توێژە لەو بزووتنەوەیەدا هەبووە و دیاردەی خۆکوژی هەتا چەندە پێوەندی بەو مەسەلەیەوە هەیە؟

هێرۆ جەڵدیانی: ئایین و دینەکان لە قۆناغی جۆراوجۆری ژیانی مرۆڤدا پێکهاتوون و هەر یەك یاسا و شێوە و رێبازێکی تایبەتی بە خۆی هەبووە، هەر بەم بۆنەشەوە شێوەی هەڵسوکەوتەکانیش لەگەڵ ژنان جیاوازی هەبووە. ئەو جیاوازیانەن کە بوونەتە هۆی سەرهەڵدان و بزووتنەی ژنان بۆ رزگاری لە ژێر نەریت و یاسا دواکەوتووەکانەوە. ئەم رەوتە هەتا ئێستاش بەردەوامە. ئەوە ئەرکی بزووتنەوەی ژنانە کە دەبێت هاوسەنگی لە نێوان نەریت و ئایینەکان لەگەڵ رەوتی سەردەم پێك بێنێت.

بزووتنەوەی ژنان لە کوردستانیش قۆناغی جۆراوجۆری تێپەڕاندووە و ناوی زۆربەی لەو ژنانە لە مێژووی کوردەواریدا تۆمار کراوە کە خەباتیان کردووە بە دژی نەریت و یاسا و بەربەستە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکاندا، بەڵام بە هۆی نەبوونی هاوسەنگی لە نێوان ژن و پیاو لە کۆمەڵگادا سەرەڕای هەموو جیاوازییەکان بە بەردەوامی ستەمی زیاتر لە ژن کراوە. (ژن بە ژنە، گەورە بە چووکە، دوو ژن بە شاهیدێك دانان، میرات، بەرخوێن دان، لەسەر پشتی لانك مارەکردن، پێشکەشی، تەڵاقی یەکلایەنە، دەستدرێژیی جینسی، فرەژنی، لێدان، لە گۆشەی ماڵدا مانەوەوە و ...هتد) دەیان هۆی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و هەریەك لەوانە رادەی خۆکوژیشی لە نێو ژناندا زیاد کردووە.

رۆژین بەهرامی ئەندامی بەڕێوەبەریی

کوردستان میدیا: زۆر جار دەنگۆی ئەوە هەیە کە ژنانی فمینیست، یان یەکسانیخواز کە خوازیاری نەهێشتنی توندوتیژی لە دژی ژنانن، بە دژبەری پیاوان دادەنرێن، ئێوە راتان لەو بارەیەوە چییە؟

رۆژین بەهرامی: لە راستیدا ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ بیری ئەو پیاوانەی کە نایانهەوێبیر و هزری خۆیان لەگەڵ پێشکەوتن و پێشەڤچوونەکانی دونیای مۆدێڕن و ئەوڕۆیی بگونجێنن و پێویستە بگۆترێ هیچ ژنێکی فمینیست نە تەنیا دژی پیاوان نییە بەڵکوو باوەڕی تەواوی بە بنەماکانی یەکسانی و ئازادی و دێموکراسی هەیە و بەردەوامیش بۆ بەدەستهێنانی ئەو چەمکانە کاری کردووە و هەوڵی داوە و لە هەوڵەکانیشیان بۆ چەسپاندنی ئەو بنەمایانە بەردەوامن.

۸ مارس ۲۰۱۳
ڕێکخراوەی ژنانی مەریوان
۸ مارس روز جهانی زن
انجمن زنان مریوان

آپارتاید جنسی باید لغو گردد

ئازیزەکەم

ئازیزەکەم، چۆنت بۆ بنووسم کە چۆن دەژیم رەنگە بڕوام پێ نەکەی
خۆشەویستم پێت وا نەبێ کە من لە ژیانێکی خۆش و بە دوور لە هەر چەشنە خەم و خەفەتدا رادەبوێرم.
سۆمای چاوانم
ساڵانێکی دوور و درێژە کە تەنیا یادی تۆ هیوا و هێز و تین و گڕ و وزەم پێ دەبەخشێ کە بتوانم بەرە و ئاسۆی چاوەکانت هەنگاو بنێم.
یاری وەفادار
ساڵانێکە دووراودوور لە دیداری تۆی خۆشەویستم لە بەر تەزووی سەرما و سۆڵدا لە ناو ئەشکەوتوو سامی سامناکی کێو و دۆڵدا، لە ژێر قرمەی چەک و چۆڵدا تەنیا و تەنیا بە یادی تۆ هەناسەم کێشاوە کە بەڵکوو رۆژگارێک چاوەکانم بە دەوری کەعبەی باڵات بگێڕم.
گیانی گیانم: گەلێک جاران نامەی عەشق و ئەوینم بە فرمێسک و گریان و تەنانەت بە جەوهەری خوێنینی دڵم لە ناخی دڵمەوە بۆم نووسیوی بەڵام بێ وڵام ماونەتەوە.
راستی یەک خەریکم ئێستا بۆ دەدرکێنم بەو مەرجەی کە لێم نەرەنجێ.
چەند جارێک بە ناڕاست باسی خۆشی ژیانم بۆ کردووی بەڵام تەنیا بۆ دڵخۆشی تۆ بوو گووڵم گیانی شیرینم: خۆشەویستی دوورە وڵات دوورەدەست و دوورە رێی.
دایم ترس و بیم و دڵەڕاوکەم لە دڵدا لەوە بوو کە بە ئاگاداربوونت لە شوێنی نیشتەجێ بوونی ژیانم لێم بڕەنجێ و بتۆرێی.
ئەمجارە ئیتر بریارم داوە کە راستیەکانت لەگەڵ باس بکەم
هاوڕازی بە جێی ماوە ئیتر لەوە زیاتر توانای حەشاردانی راستیەکانم نەماوە و گەرەکمە رەمزی رازێکت بۆ بدرکێنم و لە شێوازی تێپەڕینی ژیانی رۆژانەی من لە سەر رێگای کوردایەتی و مەردایەتی.
ئەمڕۆ ئیتر زیاتر ناتوانم دڵ و دەرونم بە شاردنەوەی حەقیقەت پڕ و چڕکەم.
راستییەکەی ئەوە کە رەنگە خۆشت بزانی من ژیانێکی چوار قوژبنی سارد و سڕ و چۆڵ و هۆڵ و هاودەمی سێبەری خۆم لەگەڵ خەم و خەفەتدا دەژیم.
هەر هەناسەیەکم بە یادی تۆیە و شوێنی ژیانم لە دەشتی کۆیە.
بە هاتنی بەهار سەرسام دەبم
بە بارینی باران تەڕ دەبم
بە گەرمای هاوین دەسووتێم
بە سەرما و سۆزی زستان دەلەرزم
بەڵام بە یادی داهاتوویەکی نوێ و رزگار و ئازادی وڵات و دیداری دووبارەی تۆی خۆشەویستم هەست بەو ئازارانە ناکەم.
گەرچی جێگام تەنگ و تاریکە بەڵام بە دڵ گەرم و گوڕم
گەرچی رێگام تەڕ و قووڕە بەڵام هەڵۆی چەنگ بە گڕم
گەرچی دوورم لە باڵای بەرزی تۆ بەڵام هەروا ئەمەگناس و دڵ بە هیوا و عاشقی کانی و بەرد و جێگای هەڵدێر و چڕم
من پێشمەرگەم باسکی بە هێزی گەلم
یاری بە ئەمەگ هاوڕازی بە جێی ماوم
ئەگەرچی بە جەستە لێت دوورم بەڵام دووراودوور رۆژی ٨ی مارس رۆژی جیهانی ژن پیرۆزبایت پێدەڵێم گووڵم.

سەلاح سەمەدی

پاریس

بەهار حسێنی

«پاریس»
بن شووشەی عەترەکانتان بسڕنەوە
بۆنی بارووت لە شادەمارەکانتان بدەن
وەها بۆنێک لەوێ ئاڵاوە.
باران لە سووچێک دانیشتووە و
شەکەت شەکەت
جگەرە دەکێشێ
جۆگەلەکان
ڕەنگی دەنووکی ئەو قاڵاوەیان گرتووە
کە هەرچی بدرەوشێتەوە
ئەو لە هێلانەکەی خۆیدا
دەینێژێ.
دەستێک لەسەر شانی باران بدەن و پێی بڵێن
ئەو دەرەقەتی سڕینەوەی ئەو شارە نایەت
با سەفەر بکات.
بن شووشە عەترەکانتان بسڕنەوە
لێی بنووسن خوێن.

لێم ببوورە

سەلاح سەمەدی

ئەمڕۆ بێ شک دڵت توندە و پۆشەکاویی
شکم نیە دڵگران بووی و بۆم گریاویی
بڕوا بکە ئەمڕۆ کاتێک دەهاتمە جێژوان
دەهاتمە لات لە ناو تامێژت بیم میوان
چاوم کەوت بە دوو کۆتری عاشق بە یەک
کە دەنووکیان خستبوو ناو دەنووکی یەک
شەرم نەبوو حەیا نەبوو لای مزکەوتی ماڵی خودا
مەلای گوندیش تەنانەت سەیری کردن و فتوای دەردا
نابێ کەس بەربعاوێ و بیان ترسێنێ و تێکیان بدا
هەر کەسێک هاتە مزکەوتێ بۆ نوێژ تا نیوەڕۆ
مام مەلا پێشی دەکرت و پێی دەکوت توخوا مەڕۆ
خەڵکی گوند بە تێکڕا سەیری ئەم دوانەی دەکرد
تایبەتی ئەوانەی کە عاشقی یەک بوون لەو کاتەدا عیشقیان دەکرد
مام مەلا گریا و بە گریان بانگی کرد توخودا سەیر کەن چ دەکەن؟
بۆ ئەوەی دونیا بزانێ و سەیریان بکا و لە مانای عیشقیان تێ بکەن
یەکێ پرسی مام مەلا وەک تۆ بزانی ڕۆژی قیامەت خوای گەورە چیان لێدەکا؟
مام مەلا هاتە وڵام و دای لە خۆی وتی دەبیەخشێ کوڕم، چاوپۆشی کوتاهیان دەکا
گیانەکەم پێت وا نەبێ کە من لە هاتن دوودڵم
بڕیارێکە و تازە داومە یا بۆ تۆ دەبم یا بۆ کڵم

١٣٩١/١٢/٢٥

ڕەنگ

١. دوێنێ، قژی شێعری ژنێک، پەرێشان و دڕێژ،
لە ئایینی مقەست و لە سەرپۆشی شەوستانی خۆی یاخی بوو.
هەر وەک وێنەی بەفرینی بووکێکی بێ بزە،
چوارچیوەی قاپەکەی خۆی و شووشەی شەرم و شەرعی شکاند،
باڵەکانی ڕەنگ کراوی خەیاڵی ژن دوێنێ،
بە ئاوازی فڕینەوە،
قفڵی شێعر و نەنگی سەرپۆشی لێک پساند...
بەرز فڕی و نزم هەڵنیشت!
کەچی ئەمڕۆ، لە ناو دەستی بێ هەستی حزبە پیاوێکدا
قژی هەڵپاچراوی شێعری کورتی ژن دەبینم،
شانەی دانکەوتووی ئایدۆلۆژی دایدەهێنێ و خۆی و خولیا و خۆزگەکانی، ڕەنگ کراون!
هەتا ئێستاش،لە گەڵ شینی شێعری چاوما چاو دەگێڕم
نە لە ناو قەفەسی تازەی ئەندێشە و نە لە ژێر سەرپۆشی مودێرنی ژنەوە
دەنگی باڵی وشە و ڕەنگی قژی شیعری خۆی نابینم!!

٢. ڕوخساری قەڵەمی سەرشێتی لاوێک،دوێنێ وشەکانی زبر دەدوان، وەک سمێڵی ماکسیم گورکی،
شێعرەکانی چڕ و ئاڵۆز، وەک ریشەکەی مارکس
ئێستاش دەبینم شێعرە شێتی هاتەرانی...
لە بیابانی چۆڵەوانی ئەندێشەیدا،
وشەی ماندووی ڕەنگ کردوە
و
بۆ کاخێکی زۆر مودێرنی ناو دەگەڕێ...!
هەتا ئێستەش چی دەڕوانم
نە لە تەزووی پێی ئاویەر،
نە لە کسپەی زامی قەندیل
نە لە وشەی گەرووی گڕی گیتاریەوە
سۆزی ڕۆح و کسپەی شێعری خۆی نابینم!

٣. بووکەڵەی خەیاڵی کچێکی سەرتاپا شێعرپۆش
چی دەبینم دەستی وشەی بۆ داوێنی ئاسمانە
قژی ئاڵۆزی ئەندێشەی، هەمیشە تەمپۆشی تۆزی حیجابە!
هەتا ئێستاش هەر نەمزانی
گوڵەکانی خولیای دڵی چ ڕەنگێک و سازی نەهێنی ناو گەرووی، چ دەنگێکە!
ئەی هاوڕێیان! چەند حەز دەکەم...
سیمای شێعر و قژی وشە و تابلۆی بڕوای هەموو کەسێک،
تەنیا و تەنیا ڕەنگی خۆی بێ...!

بەهار حسێنی

<لەبەرمکە>

لە لای ملمەوە بەرەو سێبەرت،
کە چەترێکی بەدەستەوەیە و
شەڕەکانی دنیا
دەنێرێتە گیرفانم
هەر شەقامە عاشق دەبێ و
هەر چۆلەکەیە لە ڕەزدا پشوو.
سەفەر بە جانتایێکەوە
پرچم دەکاتە ژن و
گۆرانییێک دەملێتەوە و
حەیرانتم دەکا ، حەیران.
مەیبە، خوات بێ
ئەها چ سارد بیرت دەکەم
خوا.
چۆلە بوونت،
هەر وشەیە لە وشە هەڵ دەکەوێ و
هەر منم
کە حەزم لە حەز.
هەڵدەلەرزم لە لەرزی دەستم
کە ون بووە لی تۆ،
خۆڵ و هەوا و ماڵ و کۆڵان
لە شوێنێکن کە دەنگت نامێنێ و
بیرت دەکەم.
چوومەتە ژێر باڵی پەپوولەیێک
گەرم ببمەوە لە نمەی شەونم و
نەمچنن لە تۆ،
بمکە بەرت و بمبە
شارم
دەگوازمەوە دەستەکانت.

٦ ڕێکخراوی ژنانی کوردستانی بەبۆنەی ٨ی

ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٦ی ڕەشەمە، ئەو ئاکسیۆنە بە بەشداریی ئەندامان و لایەنگرانی ڕێکخراوەکانی ژنانی کوردستانی ئێران و هەرێمی کوردستان، پارلمانتار و نوێنەری دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە پارکی شانەدەر لە شاری هەولێر بەڕێوە چوو.

سەرەتا سرودێك لە ژێر ناوی یەکسانی خوێندرایەوە و دواتر خولەکێك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە ژنانی شەهیدی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان ڕاگیرا.

مێژووی ئەم ڕۆژە لە وتارێك لە لایەن شیلان محمدی پێشکەش کرا.

پەیامی هاوبەشی ڕێکخراوەکانی ژنانی کوردستانی ئێران لەلایەن ئیلهام چایچی بەرپرسی ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە پێشکەش کرا.

لەو پەیامەدا هاتبوو: خەبات بۆ ئازادی و وەدیهاتنی دادپەروەری و ڕێزگرتن لە بەها مرۆییەکان مێژوویەکی دوور و درێژ، پڕ لە کەند و کوسپ و پڕ لە گیان فیدایی هەیە.

لە درێژەی ئەو پەیامەدا هاتبوو، لە کاتێکدا یادی ٨ی مارس دەکەینەوە کە ژنانی ئێران و ژنانی کورد بە تایبەتی لە سەرەتاییترین مافەکانی خۆیان بێبەشن و لەوەش زیاتر ژنانی نەتەوە بندەستەکانی ئێران بە شارۆمەندی پلە ٢ سەیریان دەکرێو لە یاسای بنەڕەتیی حکوومەتی دواکەوتووی ئێراندا دەیان قەید و بەند بۆ ژنان دانراوە کە لە سەرەتاییترین مافەکانیان بێبەریان دەکات.

دواتر نوێنەری کۆمەڵەی ژنانی ڕۆژهەڵات دەقی پەیامی هاوبەشی ڕێکخراوەکانی ژنانی کوردستانی ئێرانی بە زاراوەی کەڵهوڕی پێشکەش کرد.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو چالاکییەدا پارچە شێعرێك لە لایەن سوهەیلا قادری خوێندرایەوە و «سۆما عەزیزی»ش هەڵبەستێکی پێشکەش کرد.

هەر لەو پێوەندییەدا دەقی پەیامی ڕێکخراوەکانی ژنانی کوردستانی ئێران لەلایەن نوێنەری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانەوە بە زمانی ئینگلیزی خوێندرایەوە و دواتریش ئەو دەقە بە زمانی فارسی لەلایەن نوێنەری ڕێکخراوی ئاسۆی ژنی کوردەوە پێشکەش کرا.

لە بەشێکی دیکەی ئەو ئاکسیۆنەدا ئاوێزە نووری پارچە شێعرێکی خوێندەوە و پەخشانێکیش لەلایەن بێهرووز مەلەکشا و نەرمین عوسمانیەوە پێشکەش کرا.

هەر بەو بۆنەوە شیرین ئامێدی ئەندام پارلمانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان چەند وتەیەکی پێشکەش کرد و کۆمەڵێك لە پەیامی حیزب و لایەنە سیاسییەکان بە بۆنەی ڕۆژی ٨ی مارسەوە خوێندرانەوە.

ئەو شەش ڕێکخراوەیە بریتی بوون لە:

- یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران
- ڕێکخراوی ئاسۆی ژنی کورد
- کۆمیتەی ئافرەتانی سازمانی خەبات
- یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان
- ژنانی یەکیەتیی دێموکراتیکی کوردستان
- کۆمەڵەی ژنانی ڕۆژهەڵات

ئێران، ئاکسیۆنێکی هاوبەشیان مارس بەڕێوە برد

کۆبوونەوەی چەند ڕێکخراوی ژنان لە بنکەی کۆمەڵەی ژنانی ڕۆژهەڵات

ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی ١٨ی ڕێبەندانی ١٣٩١ هەتاوی، کاتژمێر ١٠ی سەرلەبەیانی، هەیئەتێك لە یەکیەتی ژنان بە سەرپەرەستیی ئێلهام چایچی، بەرپرسی گشتیی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هاوڕێیەتی بەڕێزان هێرۆ جەڵدیانی و مەحبووبە ئیبتیکار، ئەندامانی هەیئەتی ئیجرایی، لە سەر بانگهێشتی ژنانی کۆمەڵەی ڕۆژهەڵات سەردانی ڕێکخراوی ناوبراویان کرد کە بە گەرمی لە لایەن هەیئەتی میزبان پێشوازیان لێ کرا.

لە سەرەتادا وێڕای بەخێرهاتنی میوانەکان، لە لایەن ڕۆژین شەریفی، ئەندامی بەڕێوەبەریی ڕێکخراوی کۆمەڵەی ژنانی ڕۆژهەڵات، باسێك لەسەر گرینگی و قازانجەکانی کاری هاوبەش لەم سەردەمەدا کرا و ئەرکی ڕێکخراوەکانی ژنان وەك نوێنەر و پێشەنگی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ هاودەنگی لە هێندێك بۆنەی ژنان دەستنیشان کرا.

جێگای ئاماژەیە چەندین ڕێکخراوی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەم کۆبوونەوەیەدا بەشدار بوون کە دوای باس و گفتوگۆیەکی زۆر لە سەرچۆنیەتی بەڕێوەبردنی کارێکی هاوبەش، بەم ئاکامە گەیشتن کە بە بۆنەی ٨ی مارس، ڕۆژی جیهانی ژنان، چالاکیەکی هاوبەش بەڕێوەبەرن.

ئەم ڕێکخراوانە بریتی بوون لە:

کۆمەڵەی ژنانی ڕۆژهەڵات
یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران
ڕێکخراوی ئاسۆی ژنی کورد
یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی
کۆمیتەی ئافرەتانی سازمانی خەباتی کوردستان
ژنانی یەکیەتی دێموکراتیکی کوردستان
کۆبوونەوەکە کاتژمێر ٣ی پاش نیوەڕۆ کۆتایی پێ هات.

یەکیەتی ژنان بەبۆنەی ٨ی مارس لە وڵاتی فینلاند سمینارێکیان بەڕێوە برد

ڕێکەوتی ١٩ی ڕەشەمە، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری «تورکۆ»ی وڵاتی فینلاند بەبۆنەی ٨ی مارس ڕۆژی جیهانیی ژنان سمینارێکی بۆ «مەجید حەقی و شەهێن بەهمەن سوڵتانی» بەڕێوە برد.

لەو سمینارەدا هەرکام لە کۆڕگێڕان ئاماژەیان بە بارودۆخی ژنان لە ئێران و بە تایبەت ژنانی کورد لە کوردستان کرد و هەر یەک لە بواری سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەوە هەڵسەنگاندنی خۆیانیان کرد.

هەڵسوکەوتی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لەگەڵ ژنان و ڕۆڵی یاسای بنەڕەتیی ئەو ڕێژیمە لە پێشێلکرانی مافی ژنانی ئێران، بەشێکی دیکەی باس و بابەتەکانی سمینارەکە بوو.

لە کۆتایی ئەم سمینارەدا بەشداران را و سەرنجی خۆیان خستەڕوو و دواتریش لەلایەن کۆڕگێڕانەوە باس و لێکدانەوەیان لەسەر کرا.

دووهەمین فستیوالی ٨ی مارس لە گەرمیان بەڕێوە چوو

ڕۆژی پێنجشەممە، ٧ی مارسی ٢٠١٤ی زایینی، هەیئەتێکی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان (کومیتەی گەرمیان) بە سەرپەرەستیی بەڕێز هۆما مەنسووری، ئەندامی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنان و بەرپرسی کۆمیتەی شێرەوەن، لەسەر بانگهێشتی یەکیەتیی ئافرەتانی دێموکراتی کوردستان، لە دووهەمین فیستیوالی ٨ی مارس کە لە پێشانگای وێنە و کۆری شێعر پێك هاتبوو و بە بۆنەی ٨ی مارس ئامادە کرابوو، بەشداریان کرد. لە بەشی شێعردا، بەڕێز لیلا سەلیمی، ئەندامی یەکیەتی ژنان چەند پارچە شێعر سەبارەت بە «ژن» پێشکەشی بەشداربووانی کرد.

شایانی باسە لەم پێشانگایە کە بۆ ڕێزگرتن لە خەباتی ژنانی کوردستان ڕێکخرابوو، زۆرتر وێنەی ژن و سرووشت وەك دوو چەمکی نوێبوونەوە لە لای یەك پێشان درابوون.

جەولەیەک لە لایەن یەکیەتیی ژنان، بە بۆنەی نزیکبوونەوەی ٨ی مارس، ڕێک خرا

ڕۆژی هەینی، ١١ی ڕەشەمەی ١٣٩١ی هەتاوی، بەشی ئامووزشی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە بەشداریی ئەندامانی کۆمیتەی یایان و کومیتەی ناوەندی ١ی کوردستان، بە بۆنەی نزیکبوونەوەی ٨ی مارس، ڕۆژی جیهانیی ژنان، جەولەیەکیان ڕێك خست.

بەڕێز ئێلهام چایچی بەرپرسی گشتیی یەکیەتی ژنان لە وتوویژێکی کورت لەگەڵ ئەندامانی بەشدار لە جەولەکەدا ئاماژە بە مەبەستی سەرەکی لە ڕێکخستنی ئەم جەولەیە دەکات و دەڵێ: «مەبەست لە بەڕێوەبردنی ئەم جەولەیە، وەبیرهێنانەوەی ئامانجە سیاسییەکانی یەکیەتی ژنانە و گرینگیی تێکۆشان بۆ گەیشتن بەم ئامانجانەیە کە دەبێ ئێمە وەك ئەندامانی یەکیەتی ژنان بۆی تێبکۆشین».

٦ ڕێکخراوی ژنان، لە بنکەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، کۆبوونەوە

ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی ٩ی ڕەشەمەی ١٣٩١ی هەتاوی، شاندێکی یەکیەتی ژنان، بە سەرپەرەستیی بەڕێز ئێلهام چایچی، بەرپرسی گشتی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لەسەر بانگهێشتی یەکیەتی ژنانی دێموکرات، لە کۆبوونەوەیەکی هاوبەشدا کە لە نێوان ٦ ڕێکخراوی ژنانی ڕۆژهەڵات پێك هاتبوو، بەشداریان کرد.

ئەم کۆبوونەوەیە لە درێژەی کۆبوونەوەکانی پێشوو و بە مەبەستی چاوپێکەوتن و هاوئاهەنگی زیاتر بۆ بەڕێوەبردنی ئاکسیۆنێکی هاوبەش، بە بۆنەی ٨ی مارس ڕۆژی جیهانی ژن، پێك هاتبوو. بەشدارانی کۆبوونەوەکە وێڕای ئاڵوگۆڕی بیروڕا و دەربڕینی نەزەراتی خۆیان لە بواری چۆنییەتی بەڕێوەبردنی ئەم ئاکسیۆنەدا، لەسەر زۆربەی پێشنیارەکان هاودەنگ بوون.

شایانی باسە شاندی یەکیەتی ژنان لە بەڕێزان هێرۆ جەڵدیانی، جێگری سکرتێری یەکیەتی ژنان و بەڕێزان مونیرە کانی سیرانی و گوڵێ ئیبراهیمی ئەندامانی بەڕێوەبەری و بەڕێز مەهتاب مەعرووفی، ئەندامی چالاکی یەکیەتی ژنان، پێك هاتبوو.

کۆبوونەوەکە کاتژمێر ٣ی پاش نیوەڕۆ و بە هیوای هاوهەڵوێستبوونی ژنان لە بواری بابەتەکانی تایبەت بە خۆیان و پێشەنگبوونی ڕێکخراوەکانی ژنان بەم مەبەستەوە، کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا.

سێهەمین کۆبوونەوەی بەڕێوەبەریی گشتی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەڕێوە چوو

ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی ٧ی ڕێبەندانی ١٣٩١ی هەتاوی، کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی، بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامانی بەڕێوەبەریی گشتی، سێهەمین کۆبوونەوەی بەڕێوەبەریی گشتی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەڕێوە چوو.

ئەندامانی بەڕێوەبەری بە یك دەقیقە بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ئازادی کۆبوونەوەکەیان دەست پێکرد. پاشان لە لایەن بەڕێز ئێلهام چایچی، بەڕپرسی گشتی یەکیەتی ژنان، بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان پیرۆزبایی لە ئەندامانی بەڕێوەبەری و سەرجەم ئەندامانی یەکیەتی ژنان و ژنانی مافخوازی کوردستان کرا. دوای پێشکەشکردنی بەرنامەی کاریی کۆبوونەوە، بەڕێزیان بابەتێك لە ژێر ناوی «ئەرك و دەسەڵاتی ڕێکخراوی یەکیەتی ژنان لە بارودۆخی ئیستا»دا پێشکەشی بەڕێوەبەریی گشتی کرد. بەڕێز چایچی لە وتەکانیدا ئاماژە بە ئارمانەکانی ڕێکخراوی یەکیەتی ژنان کرد و گوتی: «ئێمە وەك ڕێکخراوێکی داکۆکیکار لە مافەکانی ژنانی کورد لە کوردستانی ئێراندا، مافی سەرەکیمان ڕزگارکردنی کۆمەڵگای کوردەواریە لە نابەرامبەرییەکان، ئەمەش تەنیا و تەنیا لە ڕێگای گۆڕینی بیرۆکەی کۆنی پیاوان بە نیسبەت لێهاتوویی ژنانەوە وەدەست دێت. هەروەها ژنانیش دەبێ باوەڕبەخۆبوونیان بەهێزتر بکەن و بۆ کۆمەڵگایەکی مۆدێرن، یەکسان لە بواری مافەکانەوە و هەروەها هێنانەخواری ڕادەی هەڵاواردن، هەوڵ بدەن و تێبکۆشن». لە درێژەی باسەکەدا بەڕێز چایچی وێڕای ئاماژە بە ئارمانەکانی یەکیەتی ژنان گوتی: «یاسا و قەزا، بنبڕکردنی توندوتیژی، بنەماڵە، ئاسیبە کۆمەڵایەتیەکان، ئامووزش، ئابوورییەت و کار و مافی سیاسی ئەو خاڵانەیە کە ئێمە دەبێ بۆ گەیشتن بە ئارمانەکانمان ژنانی کوردستانی لێی ئاگادار بکەین و زانیاریی پێویستیان پێ بدەین و لە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لەم بوارانەدا ئاگاداریان بکەینەوە».

بەڕێزیان بە نیسبەت بنبڕکردنی توندوتیژی ئاماژەی بە واژۆکردنی بەڵێننامەی سازمانی جیهانیی ژنێڤاکاڵ کرد کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی وێڕای قبووڵی ماددەکانی ئەم بەڵێننامەیەوە، بۆ پاراستنی مافی ژنان لە کاتی شەڕدا، بە تایبەت لە هەمبەر توندوتیژیی جینسی، لە نێو حیزب و گرووپە چەکدارەکاندا، هەوڵ بدات، ئەم هەنگاوە بۆ ئێمە وەك ڕێکخراوی ژنان جێگای دڵخۆشیە.

پاشان لەسەر چەند ڕووداوی گرینگی ئەم دواییانەدا وەك تێڕۆری ٣ چالاکی سیاسی ژن لە وڵاتی فەرانسە و ئازادیی زێندەب بایەزیدی باسێکی کورت پێشکەش کرا و سوپاس لە دروستبوونی هەڵوێستی بەجێ و بە وەختی بەڕێوەبەری کرا بۆ بەیاننامەی مەحکوومکردنی تێڕۆی ٣ چالاکی ژنی کورد لە فەرانسەدا.

پاش باسەکەی بەڕپرسی یەکیەتی ژنان، هەر یەك لە بەشەکان و کۆمیتەکانی یەکیەتی ژنان ڕاپۆرتی کار و چالاکیەکانی خۆیان پێشکەشی بەڕێوەبەری کردەوە کە کار و چالاکیەکان جێگای ڕەزامەندیی بەڕێوەبەری بوون.

لە بڕگەی دیکەی کۆبوونەوەدا، پێداچوونەوەیەك لەسەر ڕاسپاردەکانی کۆبوونەوەی دووهەمی بەڕێوەبەریی گشتی کرا.

بەشی کۆتایی کۆبوونەوەکە تەرخان کرابوو بە هەڵبژاردنی جێگر سکرتێری یەکیەتی ژنان، کە ئەم ئەرکەش لە لایەن بەڕێوەبەریی گشتی بە سەرکەوتوویی بەڕێوە چوو و بەڕێز هێرۆ جەڵدیانی وەك جێگر سکرتێر، هەڵبژێردرا.

کۆبوونەوەکە کاتژمێر ٥ی پاش نیوەڕۆی هەر هەمان ڕۆژ کۆتایی پێهات.

سەردانی شاندێکی یەکیەتیی ژنان (کومیتەی جێژنیکان) لە یەکیەتی ژنان لقی هەولێر

لە ڕێکەوتی ٢ی ڕەشەممەی ١٣٩١ی هەتاوی، بەرامبەر بە ٢٠١٣/٢/٢٠ی زایینی، شاندێکی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران (کۆمیتەی جێژنیکان) سەردانی لقی هەولێری یەکیەتی ژنانیان کرد کە لە لایەن بەڕێز سۆزان باپیر، بەرپرسی لق و بەڕێزان گەلاوێژ سالح و رابیعە حەمە، بە گەرمی پێشوازیان لێ کرا.

لەم سەردانەدا پێداگری لە سەر بەردەوامبوونی پێوەندی نێوان ڕێکخراوەکانی ژنان بە مەبەستی هاودەنگی و هاوئاهەنگی کرا و باسی توندوتیژی و هۆکارەکانی چەوسانەوە لە کوردستانی ئێران و عێراق، تاووتۆ کرا و جیاوازییەکانی دیاری کران. شایانی باسە هەر دوولا لەسەر ئەمە ساغ بوونەوە کە ژنان زیاتر لە هەموو چینێکی کۆمەڵگا پێویستیان بە ئاگاهی و زانیاری لە باری توندوتیژی و جۆرەکانی چەوسانەوە هەیە و ئەمەش ئەرکی سەرەکیی ڕێکخراوەکانە کە دەبێ لە بەرنامەی کاریی خۆیان بیگونجێنن.

سمینـاری ٨ی مارس، لە شارۆچکەی شێتن

رۆژی یەکشەممە، ٢٠١٣/٣/١٠، کاتژمێر ٢ی دوانیوەڕۆ، سیمینارێک بە بۆنەی ٨ی مارس، رۆژی نێونەتەوەیی ژن، لە شارۆچکەی شێتن Skjetten بە بەشداری بەڕێزان گوڵاڵە کەمانگەر و عەبدوڵڵا حیجاب پێکهات.

سەرەتای سیمینارەکە خوشکە ئایشە ئەحمەدی، ئەندامی کۆمیتەی یەکیەتی ژنان لە نۆرویژ، بەخێرهێنانی ئامادەبوانی کرد. پاشان ریزی سیمینارەکە، بە شێوەی خوارەوە راگەیەندرا:

١. سروودی نەتەوایەتی ئەی رەقیب

٢. خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی ڕێگای رزگاری کوردستان و یەکسانی کۆمەڵ.

٣. وتاری پیرۆزبایی یەکیەتی ژنان لە لایەن خاتوو رەعدە پاڵانی، بەرپرسی کۆمیتەی گشتی.

٤. بڕگەی یەکەمی سیمینار سەبارەت بە توندوتیژی دژی ژنان لە لایەن خاتوو گوڵاڵە کەمانگەرەوە پێشکەش کرا. بەڕێزی بە ئاماژە بە مێژووی ٨ هەزار ساڵەی ژیانی مرۆڤ و قۆناغەکانی ئەو چاخانە تا ئەمڕۆ هەڵوێستەی کرد. ئەو لە ژیانی سەرەتایی مرۆڤەوە هاتە سەر قۆناغی کشت و کاڵ و قۆستنەوەی ئەو پیشەیە لە لایەن پیاو. دواتر دۆزینەوەی ئاسن و قۆناغی پیشەسازی، ململانێی نێوان ژن و پیاوی قووڵتر کردەوە. بە جۆرێک بەرەبەرە سیستەمی پیاوسالاری بیچمی دەسەڵاتداری ئاشکرای خۆی نواند و هەرچی کۆمەڵ لە هۆزەکانەوە گۆڕانی بە سەردا هات، ژن پتر کەوتە پەروایژەوە. بە لە دەستدانی دەسەڵاتە یەک لە دوای یەکەکانی ژن و دەست بە سەرداگرتنی لە لایەن پیاو، ئافرەت وای لێهات بوو بە کەرەسەیەکی ناومال.

لەو گۆشەنیگایەوە، دەتوانین رادەی توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان ببینین. ئایین، رۆڵێکی سەرەکی هەبووە لە بەرجەستەکردنی ئەو توندوتیژییە. ئایینەکانی کۆن لە میترایییەوە تا زەردەشتی، بگاتەوە یەهوود، مەسیح و سەرەنجام ئیسلام دەستەبەری دەسەڵاتی پیاوسالارییان کردووە. بە گۆڕینی هێمادینییەکان کە سەرەتا ژنانە بوون، دواتر کران بە هێمای پیاوانە، سیستەمی پیاوسالاری زیاتر دەسەڵاتی خۆی بەهێز کرد.

تا کاتێک ئەو روانگە و تێڕامانە بە سەر کۆمەڵدا زاڵ بێ، توندوتیژی بەردەوام دەبێ. چوونکە لە روانگەی ئایینی و کرداری دەقگرتووی پیاوسالاری ڕێگە بەو توندوتیژییە دەدرێ.

ژنان کاتێک دەتوانن کۆتایی بەو توندوتیژییە بێنن، خۆیان رووناکبیر بکەن و بە هاوکاری لەگەڵ رووناکبیرانی کۆمەڵ بە ژن و پیاو، دژی ئەو دیاردەیە پێکەوە راوەستن.

٥. بڕگەی دووهەمی سیمینار کە لە لایەن کاک عەبدوڵڵا حیجابەوە پێشکەش کرا، تەرخان کرابوو بە ٨ی مارس. بەڕێزی لە سەرەتادا وتی: بە تەنیا رۆژی ٨ی مارس، ناتوانێ وەڵامدەری مەینەتییەکانی ژنان بێ. بۆیە لە باتی ئەوەی هەر لە یەک رۆژی ساڵدا ڕێز لە ژن و مافی ئەوان بگرین، پێویستە کۆمەڵ گۆڕانی بە سەردا بێ.

ئەو گۆڕانکارییانە دەبێ لە بناغەوە پێک بێ. بەڕێز حیجاب وتی: من ناچمە سەر مێژووی هەشتی مارس، بەڵام لەو رۆژەدا بە پێویستی دەزانم باسی کەم و کۆڕییەکانی کۆمەڵی کوردەواری بە گشتی و حیزبە پێشەنگەکانی کورد بە تایبەتی بکەم.

کاک عەبدوڵڵا لە بەشێکی دیکەی باسەکەیدا وتی: وەک کۆمەڵ ڕێز لە ٨ ی مارس دەگرین، بەڵام رەفتاری توندو تیژی بەرامبەر بە ژن ناگۆڕین. ڕێژەی توندوتیژی لە کوردستان، بەو پارچە ئازادەشییەوە زۆر لە سەرە. ئێمە وەک کورد و حیزبی سیاسی کوردستان پێویستە خۆمان بگۆڕین، هزر و بیری پیاوسالاری بە کردەوە وەلا بنەین. هەتا لە هەڵبژاردنە سیاسی و دەوڵەتییەکاندا، ژن نەتوانێ وەک پیاو چاوی لێبکرێ و دەرگای خۆپاڵاوتنی بۆ نەکرێتەوە، رۆڵی لە کۆمەڵدا نابێ.

خەباتی یەکسانیخوازی ژنان، پێ بە پێی هەڵسوکەوتی پیاوان دەتوانێ سەر بکەوێ و بە پێچەوانەشەوە ئەو رەوتە هەر وا درێژەی دەبێ.

روانینی کۆمەڵ بەرامبەر بە ژن لە قۆناغگەلی جۆراوجۆر وەک پەروەردە و پێگەیاندن و تا دوایی کە سەربەخۆیی ئابوورییە، دەتوانێ ژیانی کۆمەڵ بە گشتی و ژیانی ژن بە تایبەتی پێش بخا.

سەردەمی کۆماری کوردستان قۆناغێکی لەبار بوو بۆ پێکهێنانی یەکیەتی ژنان. بەڵام ئێستا سەردەمەکە گۆڕاوە و دەبێ ئەو یەکیەتییە بە پێی گۆڕانی کۆمەڵ، خۆی بگۆڕێ و هەوڵ بدا لە نوێکارییەکانی ئێستادا رۆڵی ڕێکخراوەیی خۆی بلەیزێ.

کۆتایی سیمینار، بە پرسیاری ئامادەبوان و وەڵامی

کۆڕگێڕان لە کاتژمێر ٥ی ئێوارە ڕاگەیەندرا.

پێویستە بوترێ ئەو سیمیناره لە لایەن کۆمیتەی گشتی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نۆرۆێژ بە هاوکاری کۆمیتە ناوچەی یەکیەتی ژنانی رومەریکە و بە بەشداری ژمارەیەکی بەرچاوی ژنان و پیاوانی کوردی رەوەندی دانیشتووی نۆرۆێژ لە ئۆسلۆ و دەوروبەر، بەڕێوە چوو.

کۆبوونەوەی شورای ژنانی ئەنترناسیۆنال سۆسیالیست

کۆبوونەوەی ژنانی ئەنترناسیۆنال سۆسیالیست، لە ڕۆژانی ١و ٢ی فێوریەی ٢٠١٣ لە بنکەی سەرەکیی حیزبی سۆسیالیستی پۆرتقال لە شاری لیسابون بەڕێوە چوو.

لەو کۆبوونەوەیەدا کە لە سەر تەوەری «کاریگەری و شوێنەوارەکانی قەیرانی ئابووریی جیهان لەسەر بارودۆخی ژیانی ژناندا» بوو، پەروانە حەیدەری بەرپرسی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دەرەوەی وڵات بەشداری کرد.

کۆبوونەوەکە لە ڕۆژی هەینی، کاتژمێر ٣ی پاش نیوەڕۆ، بە بەخێرهاتنی بەشدارن لە لایەن جنرال، سکرتیری پارتی سوسیالیست و هەروەها بە پێشکەشکردنی وتارێك لەلایەن سەرۆکی بەشی ژنانی ناشناڵ دەپارتەمەنت سوسیالیستەوە،

پارتی سوسیالیستی، پ.س، پۆرتقال، دەستی بە کارەکانی کرد.

لەم کۆبوونەوەیەدا نوێنەرانی چەندین وڵات لە ئافریقا، ئاسیا، ئورووپا و ئامریکا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەشدار بوون.

باسی سەرەکیی ئەم کۆبوونەوەیە، لە سەر قەیرانی نالەباری ئابووریی جیهانی و شوێندانەریی لە سەر بارودۆخی ژیانی ژنان بوو، هێندێك لەسەر ئەو باوەڕەن کە سیاسەتی نیولیبێراڵ ئەو قەیرانە جیهانیەی دروستی کردووە و خەڵکی هەژار بە گشتی و بە تایبەتی ژنان دەبێت باجەکی بدەن.

بەشێك لە وتەکانی بەڕێز پەروانە حەیدەری لە کۆبوونەوەی شوورای ژنانی ئەنترناسیۆنال سۆسیالیست، بەم شێوەیە بوو:

زۆربەی حکوومەتەکانی وڵاتەکان بۆ چارەسەریی ئەو قەیرانە ئابووری و سیاسەتی زێدەپاشەکەوتی ئابوورییە، تەنیا ڕێگاچارە بە چاکبوونی ئەم بارودۆخە ئابووریە دەزانن. ئەو ڕێگاچارەیە تا رادەیەکی زۆر شوێندانەریی مەنفی هەبووە لە سەریان، هەم خوودی قەیرانەکە و هەم ڕێگاچارەی قەیرانەکەش. بێکاری و هەژاری، برسیەتی، توندوتیژیی خێزانی، یەکسانی جینسی، لە بارودۆخێکی ناگونجاودایە. بێکاری لە ناو ژنانی جیهاندا زیاتر لە پیاوان بووە. ڕێژەی بیکاری لە نێو ژنان زۆر زیاترە هەتا لە نێو پیاواندا. کەمبوونی ڕێژەی کار بۆ ژنان، شوێندانەریی زۆر قووڵتر بووە، هۆکارەش دەگەڕێتەوە سەر ئەوە کە ژنان لە بەشێك لە بازاڕی کار چالاکن کە داهات، هەقدەست و بیمەی کۆمەڵایەتی کەمە و لە زۆر شوێن هەتا نیە.

ژنان کە بێکار دەبن سەربەخۆیی ئابووریان لە دەست دەدەن و وابەستە دەبن بە مێرد و بنەماڵە و ئەوە دەبێتە هۆی گەڕانەوەیان بۆ ڕۆڵی ترادیسیۆنەل و ڕۆڵی نەریتیانەی جێندەر. لە زۆربەی وڵاتەکان کە بەشی خەدەمات کەم دەبێتەوە، کاری ژنانیش لەنێو دەچێت. لە کاتی بارودۆخی نالەباری ئابووریی وڵاتەکان، سیاسەت و کارکردن بۆ مافی یەکسانی جێندەریش دەبێت راوستێ، چونکە زۆر وڵات سیاسەتی جێندەر بە زەرووری دانانێن و بە بەشێکی پڕخەرج دادەنێن، سەرەڕای ئەوە کە حەزفکردنی سۆسیال و نابەرامبەری وەکوو هەژاری و بیکاری، لە درێژخایەندا گران تەواو دەبێت. ژنان لە ناوەڕاستی رۆژهەڵاتی ئورووپا، ئاسیا، ئەمریکای لاتین و کاریبیین، ئەفریقا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ زیادکردنی مافەکانیان و لەناوبردنی نابەرامبەرییەکان، بە تایبەتی لە هەرێمی تایبەتی و لەشساخی، کە لە جارنامە مافەکانی مرۆڤ هاتووە، تێکۆشانی دەیان ساڵەیان هەیە.

ژنانی کرێکاری پەنابەر، ژنانی منداڵداری بێهاوسەر، ژنانی نەخوێندەوار، ژنانی بوومی، ژنانی لێزبییەن، ئێستاش بە چەندین هەڵاوەردە هەڕەشە دەکرێن، بۆ نموونە بارودۆخی دەستپێراگەیشتنیان بە ئیش، یارمەتی و خوێندن لەوانەیە خەراپتر بێت. ئێمە ژنان و ئەندامانی سۆسیالیست ئەنتێراناسیۆنالیست لە هەموو وڵاتان دەبێت نەهێڵین کە ئەو دەستکەوتانەی کە بە دەستمان هێناوە و خەباتی چەند ساڵەی ژنانی سۆسیالیستە، لە دەستی بدەین و ژنان سەرلەنوێ بگەڕێنەوە بۆ ئەو سەردەمە کە سەربەخۆیی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووریی خۆیان لە دەست بدەن. گەڕانەوەی ژنان بۆ ماڵەوە و لەدەستدانی مافە رەواکانی خۆیاندا یەکسانیی جێندەر و هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا هەم ژن و پیاو لە درێژخایەندا زەرەرمەند دەکات.

نوێنەری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە قسەکانیدا باسی کرد، کە ژنانی ئێرانیش وەکوو زۆربەی ژنانی وڵاتانی جیهان لە ژێر گوشاری ئابووری دان، بە تایبەتی ژنانی ئەو نەتەوانەی کە لە ئێراندا دەژین، وەك ژنانی کورد، ئازەری، عەرەب، بەلۆچ و تورکەمەن. ئەو بارودۆخە نالەبارەی ئابووری کە لە ئێراندا پێك هاتووە، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتەکانی نادرووستی بەرپرسانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران، ئەو بارودۆخە نالەبارەی ئابووری لە پێش هەمووشتێکدا شوێندانەریی مەنفی لە سەر ژیانی ژنان و کچاندا هەبووە و ڕێژیم لە بنەماڵەکان پشتگیری دەکات و هانیان دەدات کە ژنان دەبێت لە ماڵەوە بن و ئەرکی سەرەکیان ئەوە بێت کە ئاگایان لە ماڵ و منداڵ بێت. جلوبەرگی ژنان ئەگەر بە شێوەیەکی ئیسلامی نەبێت ئەوە مەترسیی ئەمنیەتی هەیە بۆ وڵات. بە بیروباوەڕی ئاخوندەکان گەورەترین مەترسیی ئەمنیەتی میللی وڵاتەکەیان، بزوتنەوەی ژنانە.

بەرپرسی یەکیەتی ژنان داوای کرد کە ئیتر ژنان، چالاکانی مافی مرۆڤ، نەتەوەکانی ئێرانی لە ژێر زوڵم و زۆریی ڕێژمی کۆماری ئیسلامی ئێراندا نەچەوسێنەوە. هەروەها داوای کرد کە بەشداربوونی کۆبوونەوەکە، پشتگیری و پشتیوانی سیاسی و مەعنەوی لە نەتەوەکانی چەوساوە و ژنانی بێبەشی ئێران بکەن.

پاش دوو ڕۆژ کار لە کۆبوونەوەکەدا، قەتعنامەیەك لە ژێر ناوی «قەیرانی ئابووری جیهان و شوێنەوارەکانی لە سەر ژنان» پەسەند کرا و لە وڵاتانی ئەندامی ئەنترناسیۆنالی سۆسیالیست داوا کرا کە کاری بۆ بکەن.

بەڕێوەچوونی سێهەمین کۆنفرانسی گشتی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی فینلاند

ر ێکە و تی ۹.۳.۲۰۱۳ی زاینیی لە شاری تورکو و کاتژمێر ۱۱ی پێش نێوەڕۆ بە بەشداری ڕێژەی بەرچاو لە ئەندامانی یەکیەتی ژنان لەم وڵاتە و هەروەها نوێنەری کۆمیتەی گشتی حیزبی دێموکرات بە دوای ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان کۆنفرانسی سێهەمی یەکیەتی ژنان دەستی بە کارەکانی خۆی کرد.

سەرەتا لەلایەن بەرپرسی گشتی تەشکیلاتی یەکیەتی ژنان لە دەرەوەی وڵات خاتوو شەهین بەهمەن سوڵتانی، دەنگی مەشروعیەت بۆ کۆنفرانس وەرگیردرا و بە دوایدا ڕاپۆرتی کار و چالاکی یەکیەتی ژنان لە نێوان ۲ کۆنفرانسدا خوێندرایەوە و خرایە بەرباس.

پاش ئاماژەکردن بە کار و تێکۆشانەکان لە هەریەک لە بەشەکانی تەشکیلات، پێوەندیەکانی دەرەوە و ماڵی، ئەندامانی کۆنفرانس سەرنج و ڕەخنەکانی خۆیان ئاراستەکرد و پاش بە هێندوەرگرتنی سەرنجەکان و وەڵامدانەوەی پرسیارەکان و هەروەها خوێندنەوەی پڕۆژەی کاریی ساڵی ۲۰۱۳ یەکیەتیی ژنان، ڕاپۆرتی کۆنفرانس و بەرنامەی کاریی ساڵی ۲۰۱۳ پەسەند کرا.

بە دوای ئەم بەشە لە کاری کۆنفرانس، بەڕێز محەممەد بایەزیدی، نوێنەری کۆمیتەی گشتی حیزبی دێموکرات لە وڵاتی فینلاند چەند وتەیەکی پێشکەش کرد لە پێوەندی لەگەڵ کارەکانی یەکیەتی ژنان بە گشتی و هەست بە بەرپرسیاریەتیکردن لە ئاست ئەم ئۆرگانەدا، پیرۆزبای کۆمیتەی بەبۆنەی سازدانی ئەم کۆنفرانسە بە بەشدارانی کۆنفرانس ڕاگەیاند.

بەشی دوای کاری کۆنفرانس پاش خوێندنەوەی ئایینامەی کۆنفرانس و هەڵبژاردنەکانی تەشکیلاتی یەکیەتی ژنان لە دەرەوەی وڵات، بریتی بوو لە هەڵبژاردن و دەنگدان. لە پاش دەنگدانی ئەندامان، کۆمیتەی نوێی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەلایەن بەشدارانی کۆنفرانسەوە هەڵبژێردران و لە یەکەمین کۆبوونەوەی ئەم کۆمیتە نوێیەدا بەرپرس بۆ هەریەک لە بەشەکانی ئەم کۆمیتەیە دیاری کران.

هەر لە درێژەی کارەکانی ئەم کۆنفراسەدا، نوێنەری یەکیەتی ژنان لە وڵاتی فینلاند بۆ بەشداری لە سێهەمین کۆنفراسی گشتیی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات لە دەرەوەی وڵات، هەڵبژێردرا.

پاش چەندین کاتژمێر کاری بەردەوام کۆنفرانس کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا.

۹.۳.۲۰۱۳ی زاینیی
یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ فینلاند

بەڕێوەچوونی سمینارێک سەبارەت بە ٨ی مارس ڕۆژی جیهانی ژنان لە شاری ڤێستروس

ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٨ی مانگی مارس، لە شاری ڤێسترۆسی وڵاتی سوئێد لە لایەن کۆمیتەی گشتیی یەکیەتی ژنانی وڵاتی سوئید و بە هاوکاری کۆمیتەی یەکیەتی ژنان لە شاری ڤێسترۆس سمینارێک بەڕێوە چوو کە لەو سمینارەدا سەرەتا خۆشکە حەبیبە بەرپرسی تەشکیلاتی یەکیەتی ژنان بەخێرهاتنی بەشداران سمینارەکەی کرد و پاشان کاری سمینارەکەی بۆ بەشداران باس کرد.

پاشان لە لایەن بەڕێز ئامانج عەبدی وەک بەڕێوەبەری سمینارەکە بەخێرهاتنی بەشداران کرا و کاری سمینار بە وتەکانی بەڕێز مامۆستا مەلا عەبدۆللا عەبدی کە باسێک بوو سەبارەت بە ژیانی کوردەکان لە وڵاتی سوئێد و کێشە و گرفتەکانی ژنان و ڕێگا چارەکانیان. مامۆستا ئاماژەی بە سەرجەم ئەو لایەنانە کرد کە دەبنە بەربەست لە بەردەم بەرەوپێشچوونی کاری ڕێکخراوەکانی ژنان و هەروەها ژن وەک تاکێکی کۆمەڵگا. بە وردی قامکی خستەسەر لایەنە نەرێنیەکانی ئەو کلتوور و فەرهەنگەی کە تا وەکوو ئیستاش زاڵە بە سەر بنەماله کورد و پەنابەرەکانی ئەم وڵاتەدا.

پاشان لە لایەن خۆشکە سەکینە جەوانمەرد یەکێک لە دامەزرێنەرانی یەکیەتی ژنان و ئەندامێکی چالاک و داکۆکیکاری مافەکانی ژنان وتەیەک سەبارەت بە ژن لە ئایینی ئیسلامدا پێشکەش کرا. جەوانمەرد لە وتەکانی پێداگری لەسەر ئەوە دەکرد کە ئایینی ئیسلام دەورێکی کاریگەری لە چەوساندنەوەی ژندا هەبووە و هەیە و ئایین هۆکاری سەرەکی دواکەوتوویی کۆمەڵگای ئێمەیە لە پێوەندی لەگەڵ مەسەلەی ژن دا.

پاشان ئاوارە جەلالی بەرپرسی گشتی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی سوئێد چەند وتەیەکی پێشکەش کرد و سیاسەت و بڕیاراتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی سەبارەت بە مەسەلەی ژن بە شێوەیەکی گشتی ڕوون کردەوە. جەلالی وتی کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەر وەک مێژوو شاهیدی دەدات یەکێک لەو حێزبە سەرەکیانە بووە کە هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە پشتیوانی مەسەلەی ژن بووە و لە هیچ هەوڵێک بۆ دەستەبەربوونی مافەکانی ژنان دریغی نەکردوە. حیزبی دێموکرات مەکتەبێک بووە بۆ پێگەیاندنی ژن لە هەموو بوارەکاندا.

سمینارەکە لە نێو خۆشی و شادی بەشداران بە بۆنەی ئەو ڕۆژە مێژووییەوە کۆتایی پێ هات.

یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سوئێد

بەشداری نوێنەرانی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ٥٧ەمین کۆبوونەوەی ژنانی سۆسیالیستی نێونەتەوەیی لە نیۆیۆرک

٥٧ەمین کۆبوونەوەی ژنانی سۆسیالیستی نێونەتەوەیی بۆ باس لەسەر توندوتیژی دژ بە ژنان و کچان، لە ١٣ی ڕەشەمەی ١٣٩١ی هەتاوی لە نیۆیۆرکی ئەمریکا دەستی پێکردووە و تا ٢٥ی ڕەشەمە درێژە دەکێشێ. لەو کۆبوونەوە ساڵانەیەدا بە دەیان نوێنەری ڕێکخراوەکانی ژنان لە سەرانسەری جیهان و بە تایبەتی ژنانی ئەندامی ئەنترناسیۆنال سۆسیالیست بەشداریان هەیە.

یەکێتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە ئەندامی ژنانی سۆسیالیستی نێونەتەوەییە لەو کۆبونەوەیەدا بەشداریی چالاکانەی هەیە. هەیئەتی ژنانی دێموکرات پێکهاتوو لە سەیران شەرەفی، بەرپرسی کومیتەی یەکێتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دەڤەری واشینگتۆن، مەحبوبە حسینی ئەندامی بەڕێوەبەری و دوریبا عەبدوڵلازادە ئەندامی یەکێتی لاوان، لە باسەکانی ئەو کۆبونەوەیەدا بەشداریان کرد. ڕۆژی ١٧ی ڕەشەمە پاش وتاری وەفا حاجی، سەرۆکی ژنانی سۆسیالیست، چانتال کامبیوا جیگری سەرۆک و ژانێت کامیلۆ نوێنەری ژنانی سۆسیال دێموکراتی کۆماری دۆمێنیکەن سەبارەت بە وەزعی ژنان لە وڵاتانی جۆربەجۆر، سەیران شەرەفی پەیامی یەکێتی ژنانی دێموکراتی پێشکەش کرد.

سەیران شەرەفی پاش باسێکی گشتیی لە سەر بارودۆخی نالەباری ژنانی کوردستانی ئێران، لە بەشێک لە پەیامەکەیدا گوتی: «ژنانی ولاتی ئێمە بە هۆی یاسا و ڕێسای دواکەوتووی کۆماری ئیسلامی، کەوتوونە بەر توندوتیژی ئەوتۆ کە ڕواڵەتی دینی و ئایینی بە خۆیەوە گرتووە. ڕەفتاری دەزگا ئەمنیەتی و دەوڵەتییەکان بەرامبەر بە ژنان، یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی زۆربوونی توندوتیژی دژ بەژنان لە کۆمەڵ و تەنانەت لە چوارچێوەی بنەماڵەدایە.»

نوێنەری یەکێتی ژنانی دێموکرات گوتی: «ژنانی کورد لە ٣ بواردا لە چاو ژنانی باقی بەشەکانی ئێران لە بارودۆخێکی ئاستەنگ و دژوار دان. یەکەم: توندوتیژی نێو بنەماڵە و کوشتن لە ژێرناوی ناموس دا، دووهەم: خۆکوژی و خۆسوتاندنی ژنانی کورد کە ڕێژەی لە هەموو ئێران زیاترە. بۆ وێنە نزیکەی ٦٠ ژنی کورد لە ١١ مانگی ڕابردوودا خۆیان ئاگر تێبەرداوە یا خۆیان کوشتووە. سێهەم: خەتەنەی کچانی کورد لە دێهات و شوێنە دوورکەوتووەکان. بەرپرسانی دەزگای قەزایی ئێران خەتەنەی کچانی کورد بە تاوان نازانن و تەنانەت ئیزن نادەن زیانەکانی دیاردەی خەتەنە بۆ ژنان و کچان شی بکرێتەوە.»

سەیران شەرەفی لە بەشێکی دیکەی پەیامەکەدا پێی لەسەر ئەوە داگرت کە هەوڵی یەکێتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی

ئێران بۆ دابینکردنی مافی یەکسان و بەرابەریی تەواویی ژن و پیاو لە کۆمەل و لە خێزاندایە. لەو پێوەندییەدا داوای لە ژنانی رێکخراوەکانی سەرانسەری جیهان و بە تایبەتی ژنانی سۆسیالیستی نێونەتەوەیی کرد کە سەرنجی زیاتر بدەنە بارودۆخی ژنانی کورد و لە پێناو دەستەبەرکردنی مافی ژنی کورددا هاوکاریی و یارمەتیی یەکێتی ژنان بکەن.

مەحبوبە حسینی و دوریبا عەبدوللازادە لە برگەیەکی دیکەی کۆبوونەوەدا وتاری یەکێتی ژنانی دێموکراتیان لە نێو بەشدارانی کۆنفرانسدا بڵاو کردەوە و سەبارەت بە کار و چالاکی ئەو یەکێتییە و وەزعی ژنانی کورد شیکردنەوەی پێویستیان پێشکەش بە نوێنەرانی ژنانی وڵاتانی جۆربەجۆر کرد.

یەکیەتیی ژنانی دێموکرات بە بۆنەی ٨ی مارس سمینارێکیان بەڕێوە برد

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سمینارێکیان بۆ بەڕێز موعتەسەم نوورانی، چالاکی سیاسی پێک هێنا.

سەرەتای سمینارەکە بە راگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ گیانی ژنانی شەهیدی رێگای رزگاری دەستی پێ کرد.

بەڕێز نوورانی بابەتی سیمینارەکەی لەژێر ناوی «رۆڵی ژن و کاریگەرییان لە کۆمەڵگادا» پێشکەش کرد.

نوورانی وتی: لەو کاتەوە کە مرۆڤ هەبووە خەباتیش بۆ نەهێشتنی توندوتیژی و زوڵم و زۆری هەبووە و زیاتریش خەباتی ژنان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی رێنسانس و ئەو خەباتە وای لێهات کە سەرجەم جیهان بگرێتەوە و وتیشی ئەو گشتگیرییە پێوەندیی بە رۆڵی ژنانەوە هەبوو.

بەڕێز نوورانی لەو باوەڕە دابوو، دوای هاتنەسەرکاری رێژیمی ئێران ئەو مافە کەمانەی کە ژنان توانیبوویان پێشتر بە دەستی بێنێن لێی ئەستاندنەوە و لە درێژەی قسەکانیدا باسی لە رۆڵی حیزبی دێموکرات لە پێوەندیی مەیدان دان بە ژنان و هێنانیان بۆ ناو شۆڕش و خەباتدا کرد.

موعتەسەم نوورانی ئەوەشی خستەروو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆنگرەی ١٥هەمیدا زۆر بە راشکاوانە رەخنەی لە خۆی گرت و رایگەیاند، کە رێژەی بەشداریی ژنان لە گۆڕەپانی سیاسیدا زۆر کەمە و پێویستە ژنان پۆست و بەرپرسایەتیی زیاتریان پێ بدرێت.

دواتریش یەکیەتیی ژنانی کوردستان (لقی کۆیە) بە بۆنەی ٨ی مارس رۆژی جیهانیی ژنان چەپکە گوڵی رێزلێنانیان بە سەر بەشدارانی سیمینارەکەدا دابەش کرد.

بڕگەیەکی دیکەی سیمینارەکەش بۆ را و تێبینی بەشداران تەرخان کرابوو.

بەڕێوەچوونی سمینارێک لەژێر ناوی «کادری نموونە لە نێوان تیئۆری و پراکتیکدا»

ڕۆژی هەینی، ڕێکەوتی ١٣ی ڕێبەندانی ١٣٩١ی هەتاوی، بەرامبەر بە ٢٠١٣/٢/١ی زایینی، کاتژمێر ٢ی پاش نیوەڕۆ، ڕێکخراوی هۆشیاری تاك لقی کویە، سمینارێکی لەژێر ناوی «کادری نموونە لە نێوان تیئۆری و پراکتیکدا» بۆ بەڕێز عەلی کەریم، چاودێری سیاسی لە بواری ما فەکانی مرۆڤ، هەروەها سەرۆکی ئەنیستیتۆی کورد، بە بەشداریی ژمارەیەکی زۆر لە نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراوە مەدەنییەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە شاری کۆیە بەڕێوە برد کە وەڤدێکی یەکیەتیی ژنان تێیدا بەشداریان کرد.

سەرەتا مامۆستا مەسعوود، سەرۆکی ڕێکخراوی هۆشیاری تاك وێڕای بەخێرهاتنی ئامادەبووان، تیشکی خستەسەر گرینگی کردنەوەی سمینارەکە لە ڕووی بردنەسەری ئاستی هوشیاری و زانیاری کادری ناو حیزب و ڕێکخراوەکان و کارابوونیان لە بەرژەوەندی و خزمەتکردن بە کۆمەڵگا. پاشان کۆڕگێر عەلی کەریم لە سێ بواری جیاوازدا وەك بنەماکان و تایبەتمەندییەکان و بەرهەمەکانی کادری نموونە، باسی لە ڕۆڵی کادری نموونەی کرد. ناوبراو ئەم سێ لایەنەی بە وردی شرۆڤە کرد و وتی: «کادری نموونە دەبێ نموونەی مرۆڤێکی خاکی و پابەند بە ئیخلاق و بەرنامە و پرۆگرام بێت و هەردەم بە وەرگرتنی زانیاری، لە هەوڵی دۆزینەوەی میکانیزمی گونجاودا بێ بۆ خزمەت و بەروپێشبردنی کۆمەڵگایەکی بەختەوەر».

شایانی باسە وەڤدی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێك هاتبوو لە ڕووناك فەتحی و مونیرە کانی سیرانی ئەندامانی بەڕێوەبەری و مەهتاب فەیزی و ئاشتی محەممەدزادە، لە ئەندامانی یەکیەتی ژنان. سمینارەکە نزیك بە ٤ کاتژمێری خایەند.

بەشدارانی خولی راگەیاندن لە ڕێوڕەسمێکدا، بڕوانامەی کۆتایی دەورەیان وەرگرت

ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی ٢٥ی ڕێبەندانی ١٣٩١ی هەتاوی، بەرامبەر بە٢٠١٣/٢/١٣ی زایینی، لە سەنتەری گەنجانی شاری کۆیە و بە هاوکاریی ناوەندی ڕێکخراوە دێموکراتیکەکان و فێدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی وەرزشی، ڕێورەسمێك بە بۆنەی کۆتاییهاتنی هەر سێ خولی فیرکاری و ڕاگەیاندن بۆ سەرکەوتوانی دەورکان پێکهێنرا. شایانی باسە کە ڕێکخراوەکانی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، یەکیەتی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕێکخراوی یەکیەتی لاوانی کۆیە و یەکیەتی لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، یەکیەتی ژنانی دێموکرات، لەم دەورەیەدا بەشداریان کردبوو کە لە لایەن ناوەندی ڕێکخراوە دێموکراتیکەکان و فێدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی وەرزشییەوە بەڕێوە چوو.

سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە خولەکێك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان بەرز ڕاگیرا، پاشان لەلایەن بەڕێز ڕەحیم ئەحمەدی‌پوور وتاری هاوبەشی مامۆستایانی وانەکانی فێرکاری پێشکەش کرا. ناوەڕۆکی وتارکە باس لە چۆنیەتی دەستپێکردنی وانەکانی فێرکاری و شێوازی گوتنی وانەکان، مێژووی سەرهەڵدانی میدیاکانی ڕاگەیاندن و پێوەندیان لەگەڵ جیهانی ئەمڕۆ و هەروەها شێوازەکانی بە کارهێنانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و گرینگیدان بە ڕۆڵی ڕاگەیاندن و ڕاگەیندکار کرد و گوتی: «ئەمڕۆ ڕاگەیاندن زمان حاڵی هەموو نەتەوەیەکە و دەبێ ئێمە لە هەموو بوارەکانی ڕاگەیاندن هەتا جێگای پێویست شارەزا بین و شێوازی بەکارهێنانی سوودمەند لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، بۆ هەموو تاکێکی کۆمەڵگا پێویستە».

لە بەشێکی دیکەی ڕێورەسمەکە لە لایەن بەڕێز شێخ چاپوك، قائیمەقامی شاری کۆیە و بەڕێز هێرۆ جەڵدیانی جێگری سکرتێری یەکیەتیی ژنان و چەند بەڕێزی دیکە لە ڕێکخراوەکانی ناوبراو، بڕوانامەی کۆتایی دەورەی ڕاگەیاندن بەسەر سەرکەوتوانی خولەکە دابەش کرا.

بڕگەی کۆتایی ڕێوڕەسمەکە، ڕێزلێنان لە بەڕێز ڕەحیم ئەحمەدی‌پوور، بەڕێوەبەڕی خولەکانی ڕاگەیاندن بوو کە لە لایەن ڕێکخراوەکانی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران و یەکیەتی لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێشکەشی بەڕێزیان کرا.

ڕۆژی جیهانی ژنان
لە هەڕێمی ئۆریبرۆ پیرۆز کرا

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٣/٣/٩ بۆ ڕێزگرتن لە ٨ی مارس ڕۆژی جیهانی ژنان، کومیتەی ئۆریبرۆی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران شەوئاهەنگێکی خنجیلانەی بەڕێوە برد.

سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە سرودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب و ڕاگرتنی ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن بۆ گیانی پاکی شەهیدان و خەبات و تێکۆشانی سەرجەم ژنانی جیهان بە گشتی و ژنانی کورد بە تایبەتی دەستی پێکرد.

پاشان لە لایەن خو شکە هەڵاڵە سەعادەتپور، بەڕپرسی کومیتەی ئۆریبرۆی یەکیەتی ژنانەوە بەخێرهاتنی بەشداربوان کرا، پەیامی کومیتەی ئۆریبرۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە لایەن کاک سەید عومەر حوسێنی خوێندرایەوە.

دواتر پەیامی کومیتەی ئۆریبرۆی یەکیەتی ژنانەوە لە لایەن خوشکە شەهلا حەریری پێشکەشی ئامادەبوان کرا، ئەوجار کورتە پەخشانێک لە لایەن خوشکە هەڵاڵەوە پێشکەش کرا و بەشێکی دیکەی شەوئاهەنگەکە تەرخان کرا بۆ منداڵان کە بە خۆشیەوە زوربەی منداڵان بە ڕوویەکی گەشەوە سودیان لەو بەشەی خۆیان وەرگرت. لە درێژەی بەرنامەکاندا چەندین کێبەرکێ بەڕێوە چوون و شاخەگوڵی ڕێز و خۆشەویستی پێشکەش بە ئامادەبوان کرا.

لەم شەوئاهەنگەدا، کومیتەی ئۆریبرۆی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە بە چایی و میوە و شیرینی پێشوازی لە ئامادەبوان کرد و هەروەها هونەرمەندی لاو کاک ئارمان محەممەدی و کۆڕی موزیک جۆش و خرۆشێکی تایبەتیان بە شەوئاهەنگەکە بەخشی و بە شایی و هەڵپەڕکێ تا درەنگانی شەو درێژەی کێشا.

لێرەدا بە پێویستی دەزانین کە پڕ بە دڵ سوپاس و پێزانینی خۆمان ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی ماڵپەڕی خاکەلێوە بکەین کە لە گرتنی وێنەکان و فیلم هەڵگرتنی شەوئاهەنگەکەدا زەحمەتی زۆریان کێشا.

یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران کومیتەی ئۆریبرۆ
١٠/٠٣/٢٠١٣

کۆمیتەی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات لە ئەمریکا، بەبۆنەی رۆژی ٨ی مارس رێوڕەسمێکیان بەڕێوە برد

بەپێی هەواڵی ماڵپەڕی کوردستان میدیا، رۆژی شەممە رێکەوتی ١٩ی رەشەمەی ١٣٩١ی هەتاوی، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە دەڤەری واشینگتۆن بەبۆنەی رۆژی جیهانیی ژنان، رێوڕەسمێکی بە بەشداریی حیزب و رێکخراوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان بەڕێوە برد.

رێوڕەسمەکە بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوایەتیی «ئەی رەقیب» و راگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ رێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی رێگای رزگاریی کورد و کوردستان دەستی پێکرد.

دواتر «مێدیا سەلیمی» وێڕای بەخێرهاتنکردنی ئامادەبوان، ریزبەندی بەڕێوەچوونی رێوڕەسمەکەی خوێندەوە.

دواتر «رەحیم رەشیدی» رۆژنامەڤان لە وتەیەکدا باسی لە مێژووی هەشتی مارس و دەور و رۆڵی ژنانی کورد لە خەباتی نەتەوایەتی و یەکسانیخوازیدا کرد.

پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لەلایەن «مەحبووبە حوسێنی» ئەندامی کۆمیتەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتەوە لە ئەمریکا خوێندرایەوە.

پاشان «نایب مەشایەخی» پەیامی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ ئەمریکای پێشکەش کرد.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو رێوڕەسمەدا سەلام کوردی وتاری رێکخرای ١١ی ئەیلوولی پارتی دێموکراتی کوردستانی لە ئەمریکا خوێندەوە.

دواتر دوکتور «پەری قەرەداخی» بەرپرسی رێکخراوی مافی مرۆڤی کورد لە ئەمریکا سەبارەت بە رۆژی جیهانیی ژنان قسەی کرد و پاشان بەڕێز سەیران شەرەفی، بەرپرسی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە ئەمریکا ژیاننامەی میناخانم قازی یەکەمین بەرپرسی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی خوێندەوە.

شایانی باسە کە بروسکەی پیرۆزبایی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان بەم بۆنەوە بە بەڕێوەبەرانی رێوڕەسمەکە گەیشتبوون.

محەممەد داستان، کادری دێرینی حدکا بە بۆنەی ٨ی مارسەوە شێعرێکی خوێندەوە و هەروەها شلێر نووری بە نوێنەرایەتی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان گوڵی بەسەر ژنانی ئامادەبووانی ئەو رێوڕەسمەدا بڵاو کردەوە.

رێوڕەسمەکە بە گۆرانیی بەختیار پاڵانی و شایی و هەڵپەڕکێی بەشداران کۆتایی پێ هات.

بە بۆنەی ٨ی مارس
لە کۆمیتەی یەکیەتیی ژنان لە ناوەندی ١ی کوردستان، سمینارێک بەڕێوە چوو

بە بۆنەی ٨ی مارس، ڕۆژی جیهانی ژنان، ڕۆژی ١٤ی ڕەشەممەی ١٣٩١ی هەتاوی، کۆمیتەی یەکیەتی ژنان لە ناوەندی ١ی کوردستان، سمینارێکیان پێك هێنا.

لە بەشی یەکەمی سمینارەکە، بەڕێز بەهار ڕۆستەمی، بەرپرسی کۆمیتەی یەکیەیتی ژنان لە ناوەندی ١ی کوردستان، لە سەر مێژووی ٨ی مارس باسێکی پێشکەشی بەشداربووانی سمینارەکە کرد. لە بەشی دووهەمی سمینارەکەدا، بەڕێز ناسح خاکی، باسێکی لە ژێر ناوی ئەرکی ژنان لە کۆمەڵگادا، پێشکەشی بەشداربووانی کرد.

پەیامی یەکیەتییەکانی لاوان، ژنان و خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان

نەتەوەی ئازادیخوازی کورد

خەباتگێڕانی ڕێگای سەربەستی و سەربەرزی کوردستان

دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی وەك ڕێنێسانسێکی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین پێناسە دەکرێت و ناسین و لێکدانەوەی ئەو گۆڕانە و دەستنیشانکردنی فاکتەرگەلی یەکلاکەرەوە لە پێش بەرپابوونی ئەو کیانە نەتەوەیەی کورد، بەبێ ناسینی جیهانبینی و ئەندێشەی پێشەوا قازی محەممەد، ڕاڤە و ناسینێکی ناتەواو و مەبەستدارە کە ڕاست سێمبۆلی کۆماری کوردستان خەوشدار دەکات.

ئێمە نامانهەوێ کە بە باسکردنی کەسایەتی پێشەوا قازی لە کۆی پرۆسەی دامەزرانی کۆماری کوردستان، لە پارادوکسێك گرفتار بین کە بە چاوپۆشی لە ڕۆڵی قازی محەممەد لێی دەرباز ببین، بەڵکوو بەربڵاوی و کاریگەری هزری پێشەوا وەك ماکی سەرەکی فەلسەفەی سیاسی ئەو کۆمارە، وامان لێ دەکات کە ڕەگاژۆگەلی ڕوانگە و بۆچوونەکانی لە هەموو لایەنەکانی وەدیار بخەین و لێی بدوێین.

ئەندێشەی سەوزی پێشەوا قازی لە بەستێنی سیاسی و کلتووریدا شیاوی وردبوونەوە و لێ فێربوونە. یەکەم: سیاسەت لە بۆچوونی قازی محەممەد لە واتایەکی خەڵکی و گشتی بوو. ئەو بە هەموو توانا و بە کردەوەش لە هەوڵی ئەودا بوو کە بیاڤی سیاسەت لە تەك بیاڤی گشتیدا تێکەڵ و خەڵك بەشداری چارەنووسی خۆیان و وڵاتەکەیان بکات. بۆ ئەو، تێگەیاندن و ڕەزامەندی خەڵك لە کار و کردەوەی ڕۆژانەی خۆی و کۆماری کوردستان کە ڕەوایی سیاسی لە بەرەنجامەکانی ئەو شێوە هەلسووکەوتەیە، بەجێگەیاندنی ئەرکی بەڕێوەبەرایەتی وڵاتە، ئەو فاکتەرەی کە هێشتا لە هزری ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیدا نامۆیە.

دووهەم تایبەتمەندی شەهید قازی محەممەد، گرینگیدان بە لایەنی ئینسانی لە سیاسەتی درێژماوەدا بوو. ناوبراو کە لە بنەماڵەیەکی ئەدەب دۆست و زانستخوازدا گەورە و پەروەردە ببوو، مرۆڤی بە چەقی سیاسەت و ئامانجی سیاسەت دەزانی و تاکی کومەڵگای بە بناغەی گوتاری نەتەوەیی لە قەڵەم دەدات. بۆیە هێمنی شاعیر ئەڵێ: زانا بوو، کوردپەروەر بوو. پێشەوا بوو، ڕابەر بوو. هەر کورد، نەبوو بەشەر بوو. خەمی خەڵکی لەبەر بوو.

ڕێبەرێك وەك شەهید قازی محەممەد تەنانەت مەرگیشی دەبێتە چرای ڕێگای داهاتوو بۆ ڕێبوارانی، مەرگێك کە لە مێژوودا هەبووە و بەڵام زەمەنیان بڕیوە و لە لوتکەی هەرماندا گیرساونەتەوە، لە چەشنی مەرگی سوقرات و مەسیح. مەرگ بۆ قازی محەممەد یەکێ لە بژاردەکان بوو، مەرگێك کە لە ڕەورەوەی مێژوودا و لە ئێستادا دەبێ بە سەرمایە و هێمای مانەوە.

پێشوا سەلماندی کە ڕێبەر بوو، ڕەوا بوو، هێمای نەتەوە و وڵات بوو. بازنەی هزری ئەو سنووری هەموو ئایدیۆلۆژیك و بەرژەوەندیەکی تەسکی قەتیسکراو بە سیاسەتی کاتی و ساتی بەزاند. نەتەوەی کورد لە هەموو پارچەکاندا دەبێ لە لوتکەی بەیەك گەیشتنی زەمەن و مێژوودا، کاتی مەرگی پێشەوا سوێندی وەفاداری بە ڕێباز و ڕێگای شەهیدان نوێ بکەنەوە و درێژە بە بیروباوەڕێك بدەن کە ئامانجی هەموو کوردێکە.

لە شێست و شەشەمین ساڵوەگەڕی شەهیدانی چوارچرادا، پێشەوا قازی محەممەد، حەمە حوسێنخانی سەیفی قازی و ئەبولقاسمی سەدری قازی، پەیمانی ئەمەگداری و وەفا نوێ دەکەینەوە کە تا گەیشتن بە مەبەست و ئامانجی پێشەوا قازی لە خەباتی کوردانەماندا بەردەوام بین.

یەکیەتیەکانی ژنان، لاوان و خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

١٠ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٩٢ی هەتاوی

یەکیەتیی ژنانی دێموکرات، ڕێزیان لە ٦٧ەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی ڕێکخراوەکەیان گرت

دوانیوەڕۆی ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢٤ی ڕەشەمە ڕێوڕەسمێک بە بەشداریی ئەندامانی ڕێبەری، بنەماڵە و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات بە بۆنەی ساڵڕۆژی دامەزراندنی ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنان بەڕێوە چوو.

سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی «ئەی ڕەقیب» و ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێ کرد.

پەیامی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتیی یەکیەتی ژنانی دێموکرات بەبۆنەی ٦٧ەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی ئەو ڕێکخراوەیە لەلایەن «ئیلهام چایچی» بەرپرسی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە خوێندرایەوە.

لەو پەیامەدا هاتبوو، یەکیەتیی ژنان بە مێتۆدێکی مۆدێرن لەسەر بناغەیەکی پتەو و بە خوێندنەوەیەکی ورد و هەمەلایەنە لەسەردەمی کۆماری کوردستان دامەزرا.

لە درێژەی ئەو پەیامەدا چایچی وتی: دامەزرانی یەکیەتیی ژنان دەسپێکی وەرزێکی نوێ بوو لە بزووتنەوەی ژنان لە کوردستانی ئێران و دوای جوانەمەرگکردنی کۆماری کوردستان ڕەوتی ڕوو لە گەشەی ئەم یەکیەتییە لە سەردەمی ڕێژیمی پاشایەتیدا بەرەو کزی چوو و سەرەڕای ئەوەش بە هاتنە سەرکاری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، یاسای پاراستنی خێزان هەڵوەشایەوە، حیجابی زۆرەملێ بەسەر ژناندا سەپێندرا و چەندین بڕیاری نایاسایی دیکە بەدژی ژنان دەستی پێ کرد.

هەروەها لەو پەیامەدا هاتبوو کە سەرەڕای ئەم بڕیار و یاسا سەرکوتکەرانەیە بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی ژنان بە تایبەتی تەنگی بە کۆماری ئیسلامیی هەڵچنیوە و ژنان ئەمڕۆ سوورتر لە جاران هاتوونەتە خەباتی بێپسانەوە بۆ وەدیهێنانی مافە مرۆییەکانی خۆیان و یەکیەتی دێموکراتی ژنانیش لەم پێناوەدا لە خەبات و تێکۆشانێکی بەردەوام دایە.

لە بەشێکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا پەیامی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەلایەن «فەلاح ڕەحیمی»یەوە خویندرایەوە و هەروەها «سەلام ئیسماعیلپوور»

پەیامی یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی پێشکەش کرد.

لە نێوئاخنی ڕێوڕەسمەکەدا کۆمەڵێک شێعر، پەخشان و گۆرانی لەلایەن «فەرهاد ئەمینی، هیوا ئەعزەمی، ئازاد مستەفاپوور و زارا عەزیزی»یەوە پێشکەش بە بەشداربوان کرا.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا، یەکیەتیی ژنان لەوحی ڕێزلێنانی بە ٥ ئەندامی دێرینی خۆی بە ناوەکانی پەروانە دانیشوەر، سوغرا قازی، هێرۆ جەڵدیانی، ئامینە خوسرەوی و ڕۆقیە سەمەدی بەخشی.

هێرۆ جەڵدیانی جێگری بەرپرسی یەکیەتیی ژنان خەڵاتەکەی پێشکەش بە زیندانیانی سیاسیی ژن لە ئێران کرد.

کتێب بەرزنجی

مێژووی سەرهەڵدانی میدیا و ڕۆڵی ئافرەتانی کورد

مێژووی سەرهەڵدانی میدیا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٦٠٥، لەو سەردەمەدا «یوهان کارۆلس»ی فەڕانسەوی وەکوو یەکەم ڕۆژنامەنووس ڕۆژنامەی «رلێشن»ی چاپ و بڵاو کردەوە. زۆرێك لە مێژوونووسانی وەرزشی لە سەر ئەو باوەڕە کۆکن کە لە ساڵی ١٦٠٥دا واتە ئەو کاتەی کە یوهان کارۆلس بە چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی رلێشن مێژوویەکی نوێی لە دونیای ڕاگەیاندندا هێنایە ئاراوە ئیسترابۆرگی ئێستای وڵاتی فەڕانسە کە لەو سەردەمەدا کۆمارێکی ئازاد و شێوازی حکومەتەکەشی لە جۆری دێموکراتیك بوو.

لە ساڵی ١٦٠٥ تاکوو ئێستا مێدیا لەسەر ئاستی جیهاندا گۆڕانکاری زۆری بە خۆیەوە بینیوە. بۆ نمونە لەو وڵاتانەی کە دێموکراسی وەکوو جەوهەری ڕاستەقینەی خۆی لە نێو دەسەڵات و کۆمەڵگادا جێگر بووە ڕۆژنامەنووس بە نوێنەری خەڵك دادەنرێت بە مەبەستی گەیاندنی زانیاری دروست بە خەڵك و هەروەها دەزگاکانی ڕاگەیاندنیش بە ماڵی خەڵك هەژمار دەکرێن. لە هێندێك وڵاتدا پێکهاتەی حکومەت بە سەر سێ یان چوار دەسەڵاتدا دابەش دەکرێن کە یەك لەو دەسەڵاتانە ڕاگەیاندنە بە مەرجێك پرۆگرامی دەسەڵاتی چوارەم واتە ڕاگەیاندن لە جۆری ئازاد یان لیبراڵ بێت نەك لە جۆری دەسەڵاتداریەتی، لە وڵاتانی ئازاد و پێشکەوتوو لە ڕوی ئازادی تاك و کۆوە دەزگای ڕاگەیاندن بە مێکانیزمێك دەزانرێت بۆ گۆڕینی زۆر حاڵەتی ئەرێنی لە نێو کۆمەڵگادا لە ڕاستیدا دەکرێ بڵێین مێدیا یارمەتیدەری خەڵکە بۆ باشترکردنی ژیان و گوزەرانی ئەوان بە جۆرێك خەڵك ئازادن لە دەربڕین و ئاراستەکردنی ڕەخنەی بنیاتنەرانەدا.

ئێستا لە کوردستاندا دەزگاکان ڕوویان لە هەڵکشاندایە لە ڕوی ڕێژەییەوە هەروەها وانەی ڕاگەیاندن لە زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستاندا بە مەبەستی پەروەردەکردنی لاوانی هۆگری ئەو بوارە بە شێوەی فەرمی بوونی هەیە و هەروەها سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٣ بۆ بەرگریکردن لە مافەکانی مێدیاکاران بنیات نراوە. هەرچەند ڕۆڵی میدیاکارانی ئافرەت بە تێپەڕبوونی کات و گەشەکردنی ئاستی هوشیاری کۆمەڵگا لە ئێستای هەرێمی کوردستاندا ڕوی لە زیادبوون و گەشەکردندایە بەڵام ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، ڕۆژنامەنووسان و وانەبێژانی نێودەوڵەتی ڕاگەیاندن و هەروەها ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان دەتوانن بە هاوکاری یەکتری لە ڕاستای خزمەت بە تواناکانی ئافرەتانی هۆگری میدیادا کاری بنەڕەتی بکەن. لایەنێکی دیکەش دەگەڕێتە سەر چۆنیەتی باوەڕبەخۆبوونی ئافرەتان کە چەند دەتوانن بێنە نێو بواری ڕاگەیاندنەوە. بەو هیوایە ڕۆژێك ئافرەتی کوردیش وەکوو پێویست بوون و تواناکانی خۆیان لە بواری میدیادا بسەلمێنن.

وەرزش و کەرتی تایبەت

مێژووی سەرهەڵدانی کەرتی تایبەت لە وەرزشدا دەگەڕێتەوە بۆ پاش بە کۆتاییهاتنی شەڕی دووهەمی جیهانی لە ساڵی ١٩٤٧. لەو سەردەمەدا وڵاتی ئینگلیز کە بە وڵاتی دامەزرێنەری وەرزشی جەماوەری و پڕقرێوەی تۆپی پێ ناسراوە یەکەم وڵات بوو کە هەوڵی دا کەرتی تایبەت لە نێو یانە وەرزشییەکانی خۆیدا وەکوو ئامانجێکی جوان بگەیەنێتە قۆناغی بەکردەیی کردن. لە سادەترین پێناسەدا دەتوانین بڵێن کەرتی تایبەت پرۆژەیەکە کە خەڵك بە ئابووری و هێزی مرۆیی خۆیان کارگێڕی یانە وەرزشییەکان دەگرنە دەست و هەوڵ دەدەن بە دروستکردنی دەرەتانی کار، جوڵە و بزاوت لە نێو کۆمەڵگادا پشتگیری وەرزشی پیشەیی بکەن. ئەگەر دوو لایەنی کەرتی تایبەت و وەرزشی پیشەیی وەکوو ستانداردەکانی سەردەم بەرەوپێش بچن دەتوانن پاڵپشتێکی باش بن بوو بە جیهانیکردنی وەرزش هەر چەند بە جیهانیکردنی وەرزش خاوەن مێژوویەکی دوورودرێژ نیە و لە ساڵی ١٩٨٠ لە قارەی ئورووپا سەری هەڵداوە بەڵام تاکوو ئێستا توانیویەتی ببێتە پردی پەیوەندی نێوان گەلان و وڵاتانی جیهان بە جۆرێك دەتوانین بڵێین بە جیهانیکردنی وەرزش رێگەخۆشکەر بووە بۆ زیاتر ناسینی شوناسی نەتەوەیی. کاتێك وڵاتی ئینگلیز رێگەی گەشەکردنی کەرتی تایبەتی بۆ یانە وەرزشییەکانی خۆی هەموار کرد یانەی تاتێنهام هاتبێرز یەکەم یانەی وەرزشی بوو لەسەر ئاستی جیهاندا و لە پاش وەرگرتنی یارمەتی لە حکومەتی ئەو وڵاتە بۆ ماوەی ١٠ ساڵ کاری بنەڕەتی ئەنجام دا سەرجەم پێوانەکانی کەرتی تایبەت لەنێو یانەکەدا وەگەڕ بخات پاشان توانی لە ماوەی ١٠ ساڵدا چیتر چاو لە دەستی حکوومەت نەبێت بەڵام لە هەندێ وڵاتدا حکوومەتەکان لە پاش تاووتوێکردنی لایەنەکانی ئابووری یانە وەرزشییەکان لە ٣ قۆناغدا رێگەی کەرتی تایبەت بۆ یانەکان هەموار دەکەن کە ئەویش دەروەستە بە لایەنەکانی ئابووری یانەکان ئەو ٣ قۆناغەش کاتێکی ٥ تا ١٥ ساڵی پێویستە حکوومەتەکان بە هەمان شێوەی پێشوو پشگیری یانەکان بکەن تا لە بواری ئابووریییەوە تووشی داڕمان نەبن کاتێك بە وردی سەیری وڵاتانی پێشکەوتوو لە رووی وەرزشییەوە دەکەین ئەو راستییەمان بە روونی بۆ دەردەکەوێت کە کەرتی تایبەت هەمیشە هەوڵی داوە رێگەی هەڵبژاردنی ئازاد و دێموکراتیك بۆ تاکە شارەزا و پسپۆڕەکان بڕەخسێنێت و هەروەها بە بێ جیاوازی رەگەزی ئاوڕ لە لایەنەکانی پەروەردەیی بدات و دەستەبەرکردنی ئەنجام لە بەرزترین ئاستدا بکاتە ئامانجی سەرەکی خۆی.

pirsgirêka Aborî birîn û kula gelek mezin a civakê ye

Di cîhanê de Roj bi Roj xisarên civakî zêde û berfirehtir dibin û civakan tûşî Alozî û nexweşîyan dikin .yêkek ji girîngtirîn û mezintirîn Aloziyên civakî pirsgirêka Aboriye .

pirsgirêka Aborî birîn û kula gelek mezin a civakê ye sedema vê birînê pirsgirêkên Siyasi ye ,ji ber ku pirsgirêkên Siyasî ,îro hem di nav civaka kurdan û hem jî di nav civaka devletên serdest di gel xwe gelek kêşe û alozî û pirsgirêkên civakî û însanî afirandine . mînaka ber çav sêdaredana însanên kurd bitaybetî li Rojhilata kurdistanê bi destê rijîma îranê mixabin bûye sebeba xof û tirsek yêk car mezin di dilê hemu derdoran ,hem civaka kurd û hem jî civaka îranî, ev rewşa xirab ku civaka kurd di nav deye hem Roja îro û hem jî pêşerojê de bandora xwe ya neyînî nîşan dide ,ji ber ku mihaneya sêdare dana însanan yan Siyasete yan jî ticaret bi rêya qaçax e ..piranîya kesên ku tên sêdaredan ew kesin ku ji bo pir kirina zikê birçîyê zarok ê xwe bala xwe didin her rêyekê û her karek bi xeter , çima ev kes bala xwe dide karên bi tirs û zehmet ? ji ber ku , ji bo nanê şevê mûhtace !ma kê ji canê xwe têre gelo ?

bûyerên nexweş ku ji hêla Siyasetê we Sîbera xwe dixe ser civakê ew bûyer bi rêyek gelek Aşkira û ber çav bandora xwe dixe ser babeta Aborî ku niha bûye mezintirîn û bixetertirîn pirsgirêka civaka kurd ..kêmasiya Aborî pişta civakê dişkîne û canê mirovan digre ..wa ne gotinên minin ,wek fîlmek û wek şanuyek zindî ber çavê hemû milet

da ye , niha li sedî 60 malbatên kurdan li Rojhilatê di nav Strês û hejarî û naçariyê de dijîn , û jimara din jî dewlemendên bi ramanek bê bingeh û xelete ,weke mînak wan malbatan piranîya mal û milkê xwe bi rêya hevaltî gel dujmin yan jî bi rêya bazirganî û miamlên qaçax bi dest anîne ,lê mebest ne ewe ku em lêkolînan bikin ka wan kesan çawa û bi çi şêweyekê gehiştine rihetiya Aborî ,?mebest berçav kirina tesîrên pirsgirêkên Aborî li ser malbat û civakê ye.

pêvîst bi weşartinê nîne ku îro Rojê malbatên kurd li Rojhilatê di nav Axêna nanê şevê dişewitin û gelek malbat jî hîna dewlemendî û rihetiya Aborî yê dikin cîrok û efsane ji bo zarokan.

Raste ku ji ber neçareserîya pirsgirêka kurd ,pirsgirêkên Aborî ji nayê çareser kirin ,lê mixabin heya ku pirsgirêkên Siyasî çareser bin û kurd mafê Azadiya xwe bidest bîne pirsgirêkên Aborî xwîna malbatên kurd dimije û divê ji bo çareseriya wan gavên baş bêne avêtin . sedema têkçuna pêyvendiyên malbatî ,sedema kuştin a du kesan di encama muamla de ,sedema xwe kuştin û şewitandin û ketina nav hebsan û...pirsgirêkên Aborî ye,Sedema ku zarokên me ji xwandinê bê par mayîne ,sedema ku rêz nemaye û bê hurmetî tê kirin ,sedema ku li sedî 70 kesan nexweşiyên pisîkolojîk hene wedigere ser rewşa Aborî,gelek Zaniyarên kurd Ser vê babetê di peyvin û lêkolînan dikin lê ji bo çareseriya vê dest kurt dimînin ji bo ku gelek wara da girêdayî bi pirsa Siyasiy e .

li sedî 50 gencên me ji ber kêmasiya Aborî nikarin bizevicin û nezevicîn û dereng zevicîn dibe sedema kêm bûna serjimara gel û nifş, her wisa ji ber nerazî bûna babeta aborî jimarek pir telaq û cudabûna jin û mêran çê dibe û encama telaqê jî bêparkirina zarokan ji malbatek serkevtî ye û gelek kêşe ji bo wî/wê têne pêş.

Dema îro de piraniya gencên me ji zanîn û îlm bêparin û nikarin xwandina xwe berdewam bikin û bitaybet jimara herî kêm keçên xwandevanin , ji ber nebûna îmkan û derfetên Aborî ....ji bo ku di mekteban de her kes mecbûre tena serê xwe nirx û xerca xwandina xwe bide wek mînak kirîna pirtuk û pêvîstîyên xwandevanan û her wisa ji ber minasibetên bê hejmarên Olî û mezhebî wêca çi xweşî û cejin be û çi nexweşî û tazî be , xwandevan mecbûr dibe ku ji bo van rojan dîsan jî pare bidet û mecbûre ku beşdarîyê jî biket ...û ji bo bikar anîna gelek qunaxên xwandinê û gelek kilasan bi tena serê xwe para bidet ...

Di malbatan de jî dema ku zarok daxwazên xwe tînin ziman dayîk û bav dibêjin serçavan keça / kurê min ,sibê ez bo te bicîh tînim lê mixabin gelek Sibê derbas bûn û daxwaza wan nehate cîh ,daxwaza ku cotek pêlavên germ yan fênikin .!

Gelek jin mixabin nikarin kêmasiyên malê bipejirînin û tûşî nexweşî û pirsgirêkên rohî dibin û dibe sedema ne aramiya rohî û têkçuna hêminî û reftara malbatê.

ev kêmasîye dibe sedema mirin û gelek nexweşiya ku tuçare jê re nayê dîtin , ji ber xwarin û vexwarina nesaxlem canê xwe ji dest diden .

Her kes dizane ku tune bûna kar û şuxul dibe sedema vê pirsgirêkê lê mixabin sedemek din a vî derdî di nav civaka kurd de pirsgirêkên Siyasî ne , ji bo ku gelê kurd di nav civaka îranî de ji hemu îmkan û derfetan bêpar maye û dema ku tîcaretek jî dikin canê wan digrin .... lê milet mecbûre ku gelek rêyên bitirs û xof bihilbijêre û ji bo nanê zarokên xwe canê xwe fîda biket .

Bi mehê Çendîn kes koçberîyê dikin ,hinek diçin ber bi bajêr ên dûr û hinek jî diçin derweyî welat , ku mixabin neheqiyek mezin der heq malbatan tê kirin ji bo ku heya ev malbat xwe cîh bigrin demek drêj derbas dibe û jiyana wan bi betalî û êş û Strês derbas dibe.

Lê em sedema feqîrî û perîşaniya malbatan û Aloziya rewşa Aborî bixin stuyê kê û çi ? wa pirseke ku her kes ji xwe bike û ser bifikire û heya çi radeyekê ku ji destê wî / wê were encam dan ji bo ku civaka kurd ji vê reşatiyê derkeve nav Ronahî bixebite.

Rapora şeş rêxistinên jinên Kurdistana Rojhelat ê ji bo ۸ ê Mars

Hev welatîyên birêz

Xelkê têkoşerê Kurdistanê

Jinên Azadîxwaz ê netewa Kurd

Xebat ji bo azadî û bi cî hatina dadperwerî û rêzgirtin li buhayên mirowatîyê , dîrokekê dûr û dirêj, tijî asteng û kosp û tejî canfîdayî û xwe gorî kirin heye , di wê nawberê da xebata jinan ji bo bi dest anîna sereketirîn mafan û pêk anîna civakek wekhev ji bo jin û mêran, gelek pelên zêrîn li dîroka mirowahîyê da tomar kirine.

Yek li van rojên dîrokî ku jinan bi giştî û mêrên pêşwero û helgirê ramana nuhxwaz, li çarçewa xebata jinan ji bo serbestî û wekhewiyê de bilind tê nirxandin , roja ۸ ê Mars , roja cîhanî ya jinane.

Balkêşandinek kurt jî li ser wê buyera pîroz da wê rastîyê dertîne holê ku diyarî kirina ۸ ê Mars wek roja cîhanî ya jinan bi çendîn qonax û li çi bar û dox û Atmosferek dijwar da biryar li ser hatiye dan.

Li rojek wisa da li sala ۱۸۷۵ a zayînî da jinên kirêkar ên karxaneya dirûn û wehûnan a newyork ê li welatê neteweyên yekgirtî ê Emrîka bi derbirîna nerazîtiyê li hember kêmasiya heqdest meşeke êmin bi rêwe dibin û mixabin polis dijî der dikeve û hindek li wan birîndar diken.

li wê salê şûnde ew bizivtine didome û xurt dibe heya sala ۱۹۷۷ yûnêsko roja ۸ ê Mars ê weke roja nawneteweyî a jinan tête ragehandin û li wê salê we heya niha bi wê sedemê rêz li jinan û xebat û tekoşîna wan tê girtin .

Di demekê da îsal ۸ ê Mars ê bi bîr tînin ku jinên Iranê bi giştî û jinên kurd bi taybetî ji sereketirîn mafên xwe bê parin li wê jî zêdetir jinên neteweyên bindestên Îranê wek hevwelatiyên derece ۲ têne dîtîn ,di qanûna bingehîn a hikumeta paşvero ya Îranê da bi dehan qeyd û bend ji bo jinan danîne ku jinan li sereketirîn mafên însanî bê par diket .

Li wê bîranîna pîroz da di gel berz û bilind nirxandina xebat û tekoşîna jinên Îranê bi giştî û Kurdistan bi taybetî , radigehînin ku em jinên Kurd bi hevre li rêka bi dest anîna hemu mafên netewî û însanî ên xwe gavên baştir li berê bavêjin û hêvîdarin bi hewkariya hemu jin û mêran û rêxistinên modêrn û pêşkevtinxwaz civakekê wekhew û xweş û geş awa ken.

Wê rastiyê jî li bîr neken ku kurttirîn rêka gihîştina bi armancên me rêka yekgirtin û hewdengîya meye.

Careke din pîroz be ۸ ê Mars roja cîhaniya jinan.

- Yêketiya jinên dêmokrat a Kurdistana Îran ê
- Komela jinên Rojhelat
- Yêketiya jinên demokratên Kurdistan
- Rêxistina Aso ya jinên Kurd
- Kumîteya jinên sazmana Xebat
- Jinên yêkîtiya demokratîka Kurdistan

JINAN

Kovareke Werzî ye, Yekîtiya Jinên Demokrat yên
Kurdistana Îranê diweşîne